# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## پێشمەرگەو سوپای ئەڵمانیا



لــە چوارچێــوەی هاوکارییەکانــی هاوپەیمانــان بۆ پێشــمەرگە ســوپای ئەڵمانیا بەشــێکی دیکەی لە کۆمەکەکانی پێشکەش....

٢

## کۆنفرانسی ساڵانەی پشکنینی سەربازیی



پشــکنینی گشــتی یەکێکــە لــەو بەڕێوەبەرایەتییە چــالاک و گرنگانــەی کــە ڕۆڵــی کاریگــەری لــە دروستکردنی پرۆسەی بنیاتنان .....

٦

## وره ئامرازێکی گرنگی سەرکەوتن لە جەنگدا



وره‌ی سه‌ربازیی وه‌ک دۆخێکی ده‌روونی له‌ تێڕوانینی بیرمه‌ند و جه‌نه‌ڕاڵه‌ سه‌ربازییه‌کان گرنگییه‌کی زۆری هه‌یه‌،.....

٤٣

## ڕۆڵی میدیا لە ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سەربازدا



کاریگەریی میدیا لەوانەیە هەندێکجار زۆر بەهێزبێت و توانــای بڵاوکردنــەوەی شــێوازی هەڵســوکەوتی کلتــووری و کۆمەڵایەتــی هەبێت کــە لەلایەن تاکە کەس یان کۆمەڵگەوە گرنگی پێدەدرێت. ....

٥٢



## سەرخەوی تاکتیکی

هەرتاکێکــی جەنــگاوەر پێویســتی بــە خەوێکــی تاکتیکی هەیە بۆ ئەوەی زیندوویی و ئامادەیی خۆی وەربگرێتەوە و لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان هەست. .......

٧٨



## نیشتمان شکۆی خۆی هەیە

لــە جەنگی دووەمــی جیهانیدا جەنــەڕاڵ (گلۆبوس هویزینگــەر)، کە یەکێک لە گــەورە یاریدەدەرەکانی هیتلەر بووە، ......

٨٠

42

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحموود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمەد

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد
(+964) 750 466 1364

بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد
(+964) 772 531 5240

بەرپرسی وێنەگران:
مقدم جمعە قادر

بەڕێوەبەری هونەری
کەیوان سلێمان ئاژگەیی

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 772 531 5240 Mail: info@mopa.gov.krd (+964) 750 466 1364

42

## پێشمەرگەو سوپای ئەڵمانیا

# کاری هاوبەش و راهێنانی بەردەوام

ئامادەکردنی: شاد ستار

**لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگە، سوپای ئەڵمانیا بەشێکی دیکەی لە کۆمەکەکانی پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگە کرد. کۆمەکی ئەمجارە بریتی بوو لە بڕێکی بەرچاو لە ئامێرو کەرەستەی نوێ بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی راگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی. هاوکات لەگەڵ دابەشکردنی کەرەستەکاندا خولێکی راهێنان و مەشقی پراکتیکی بۆ فێربوونی تەکنیکیانەو پیشەییانەی ئامێرەکان بۆ زیاتر لە (٣٠) کارمەند و پێشمەرگە کرایەوە، کە بەشداربووان نوێنەرایەتی بەشی راگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی هەردوو فیرقەکانی پیادەو ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیو بەشەکانی دیوانی وەزارەتیان دەکرد.**



خولەکە رۆژی ١٨-٢-٢٠٢٤ بە سەرپەرشتی و هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و هۆشیاری و تیمی راوێژکارانی سوپای ئەڵمانیا کرایەوەو ماوەی نزیکەی مانگێکی خایاند، لەلایەن چوار لە مامۆستاو شارەزایانی سوپای ئەڵمانیا بە شێوازێکی سەردەمیانە وانەو راهێنانەکانی خولەکە پێشکەش کران.

ئەم بەشەی کۆمەکەکانی هاوپەیمانان (سوپای ئەڵمانیا) ئامێری نوێ و چەندین کەرەستەی پێویست و یەدەکی لەخۆگرتبوو، کە کاریگەرییان دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی کاروبارەکانی راگەیاندن و هۆشیاری و هەروها بەرەو بە پیشەیی بوونی ئەرك و چالاکیەکانی ئەم دوو بەشە گرنگەی وەزارەتی پێشمەرگە.

ڕێوڕەسمی دەستپێکردنی خولەکە و دابەشکردنی ئامێرو کەرەستەکان بە ئامادەبوونی شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەو عەبدولخاق بابیری، بریکاری وەزارەت و ئەمینداری گشتی و جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارەو میرەو فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەرێمی کورستان و بەڕێوەبەری گشتی و جێگری بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و هۆشیاری و بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوبەری میرەی گشتی وەزارەت، بەڕێوەچوو.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا لیوا عوسمان محەمەد مستەفا، بەڕێوبەری گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری وتەی بەخێرهێنانی پێشکەش کردو تیایدا، وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبوان لە بارەی ئەم بەشەی کۆمەکەکان و ناوەڕۆکی خولەکە و گرنگی بۆ ئێستاو داهاتووی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن و کاروبارەکانی هۆشیاری نیشتمانی ڕایگەیاند: ئەم کۆمەکانەو کردنەوەی ئەم خولە بەرهەمی گفتوگۆو پلانی ڕابردوومانە لەگەڵ هاوپەیمانان و بەتایبەتی تیمی ڕاوێژکارانی سەر بە سوپای ئەڵمانیا لەبارەی پێداویستیەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، خۆشبەختانە وا ئەمڕۆ دەبینین گفتوگۆو پلانەکەمان بەئەنجام گەیشت و ئەم هەنگاوەی هێزەکانی ئەڵمانیا بەرز دەنرخێنن، کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی زیاتری کارو چالاکیەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری وەزارەتی پێشمەرگە و ئاشنابوون بە تەکنیکە نوێیەکانی سەردەم و میدیای سەربازی و پێشکەوتنی ئەم ئەرك و کارو چالاکیانەمان و هیوادارارین ڕۆڵی هەبێت لە بە دامەزراوییکردن و بە پیشەیی کردنی بەشەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری و ئەرکەکانمان لەم دوو بوارەدا.

وەزیری پێشمەرگە:

## سوپاسی گەل و حکومەتی ئەڵمانیا دەکەین بۆ هاوکارییە بەردەوامەکانیان

شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە وتەیەکی پێشکەشکردو لەسەرەتادا ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هاوشان لەگەڵ هەوڵ و هەنگاوەکانی ئێمە بۆ پرسە جۆرە بەجۆرەکانی پێشخستن و گەشەسەندنی هەمەلایەنەی وەزارەتی پێشمەرگە، تیمی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان، ڕۆڵێکی گرنگ وکاراو پڕ بایەخیان گێڕاوەو ئەوەی ئەمڕۆش، کە پەیوەستە بە پێشخستنی بواری ڕاگەیاندنی سەربازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتمان، هەوڵێکی ستراتیژیانەی باشە و ڕۆڵی دەبێت لە سەرکەوتنی پڕۆسەی چاکسازییدا.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا، وەزیری پێشمەرگە وتی: دەمەوێت سوپاسی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەرێم و ڕاوێژکارانی باڵای سەربازی ئەو وڵاتە بکەم، کە جێ پەنجەیان بەسەرگەشەسەندنی بوارە جیاجیاکانی وەزارەتی پێشمەرگە دیارە. هێزەکانی ئەڵمانیا لە هەرێم، هەم ڕۆڵ و پشتیوانی بەردەوامیان لە مەشق و ڕاهێنان، ڕاوێژکاری سەربازی، هاوکاری لۆجیستی، پزیشکی، خوێندنی باڵاو کردنەوەی خولی جۆراجۆرلەناوەوەو دەرەوە، نۆژەنکردنەوەو بونیادتنان و ڕۆڵیان لەکردنەوەی سەنتەری زمان لە وەزارەتی پێشمەرگە وکردنەوەی خولەکانی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی، ڕۆڵی گەورەو کاریگەریشیان لەشەڕی دژ بەتیرۆریستان هەبووە. ئەمەش مایەی سوپاس و ستایشی زۆری وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

وەزیری پێشمەرگە لە کۆتایی وتەکەیدا ڕایگەیاند: ئێمە سوپاسی گەل و حکومەتی ئەڵمانیا دەکەین بۆ هاوکارییە بەردەوامەکانیان، هاوکات پێشمەرگە و گەلی کوردستان هاوکاری و هەماهەنگییەکانی وڵاتان بە گشتی و حکومەتی ئەڵمانیا بە تایبەتی لە بیر ناکات.



کاپتن ئەلیك سەرۆکی تیمی ڕاهێنەران و ئەفسەر لە بەشی ڕاگەیاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان



جێگری ئەفسەر ویلی، لە تیمی ڕاهێنەران



ڕاهێنەر ڕیچی درومان لە تیمی ڕاهێنەران



جێگری ئەفسەر براونی لە تیمی ڕاهێنەران



فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا:

## خولەکە هەنگاوی یەکەمە

کۆلۆنێڵ ئەلیکسندەر هامپ، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان، وتەیەکی پێشکەش کردوو، تیایدا وتی: لەم خولەدا وەک هەنگاوی یەکەم ٣٠ پێشمەرگە لە راگەیاندنی فیرقە و لیواکان بەشدارن و لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە بە بڕی (٣٢٠) هەزار دۆلار پێداویستی ئامێرو کەرەستەی نوێ بۆ هەر یەک لەبەشداربووان دابینکراوە. وتیشی: لە لایەن ژمارەیەک شارەزای تایبەتمەند، کە لە ئەڵمانیاوە هاتوون، مەشق و راهێنان بە بەشداربووانی خولەکە دەکرێت.

لیژنەی سەرپەرشتی خول:

## کارکردن بۆ رێکخستنەوەی کار و چالاکییەکان

عەمید شوان مەحمود جێگری بەرێوەبەری گشتی راگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی سەبارەت بە ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانەکان لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی میدیا و هۆشیاریدا رایگەیاند: کە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاری جدی کردووە، بۆ جێبەجێکردنی تەواوی برگەکانی پلانی گشتی و لەناویشیاندا پێشخستنی کاری راگەیاندن و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ئەم بەشە بوو، ئەمڕۆ ئەم ئامانجە هاتە دی و بەخۆشحاڵییەوە بەشێك لە پێداویستییەکانی لەلایەن تیمەکانی ئەڵمانیاوە دابینکراو ئێمەش لەسەر پرۆژەو پلانەکانی خۆمان بۆ دەستخستنی زیاتری پێداویستی بەردەوام دەبین.

## پلانی بەرێوەبردنی خولەکە سەرکەوتوو بوو

لەسەر بەرێوەچوونی ئەو خولە عەمید ستار عەبدولکەریم عەزیز، سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتی خولەکە گوتی: بەپێی ئەو بەرنامەی کە لە نێوان بەرێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی و بە سەرپەرشتی بەرێوەبەری گشتی و هاوپەیمانان ئامادەکرابوو، دەستکرا بە ئامادەکردنی رێکارە یاساییەکانی کردنەوەی خولەکە و دەستبەکاربوونی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەروەها توانیمان هەموو پێداویستییەکان بۆ بە رێوەچوونی خولەکە فەراهەم بکەین، لەوانە هۆڵەکان، کۆگای دانانی هاوکارییەکان لە بەرێوەبەرایەتی میرەی گشتی، خواردن، هاوکاریکردنی راهێنەرەکان و ئاسانکاریکردن بۆ بەشداربووانی خولەکە بۆ ماوەی مانگێك.

عەمید محەممەد سدیق، بەرێوەبەری هۆشیاری نیشتمانی، لە سەر پلانی خۆیان بۆ خولەکە ئاماژەی بەوەدا: ئێمە لە بەرێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی دوای دڵنیابوون لە گەیشتنی هاوکارییەکان بە بەرێوەبەرایەتی میرەی گشتی، دەستمانکرد بە ئاگادارکردنەوە و کۆکردنەوەی کارمەندانی لیواکانی هەردوو فیرقەکانی یەك و دووی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ ژمارەیەك لە بەشەکانی ناو وەزارەت کە خۆیان لە راگەیاندنی نووسینگەی جەنابی وەزیر، سەرۆکایەتی ئەرکان و بەرێوەبەرایەتی میرەی گشتی دەبینییەوە. عەمید محەممەد ئەوەشی خستەڕوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان رێککەوتین لەسەر کاتی خولەکە کە بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ بخایەنێت، هەروها خولەکە رۆژانە لەلایەن تیمی سەرپەرشتیکارەوە چاودێری دەکرا و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەرێوەچوو

## راهێنەرەکانی سوپای ئەڵمانیا بۆ (پێشمەرگە) دەدوێن

سەرەتا کاپتن ئەلیك گوتی: من وەکو سەرۆکی تیمی راهێنەران و ئەفسەر لە بەشی راگەیاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان/ حکومەتی ئاڵمانیا، سەرپەرشتی راهێنەرەکانم لە ئەستۆبوو، بە پێی پلانی کاتەکانی رۆژی دیاریکراو لە ماوەی ٢٥ رۆژدا، هەروەها دابەشکردنی راهێنەران و جیاکردنەوەی کارمەندان لە کاتی راهێنان لەگەڵ راهێنەرەکاندا. ئەوەشی خستەڕوو، لە سەرەتادا ئەرکمان قورسبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتی میرەی گشتی توانیمان خولەکە بەسەرکەتوویی بەرێوەببەین.

نائب زابت ویلی، لە تیمی راهێنەرەکان ئاماژەی بەوەدا: من وەکو مامۆستا لەڕووی مایکرۆسۆفت، بە تایبەتی لە بەشی فۆتۆ ئیدت، مۆنتێر، توانیم بەسەرکەوتوویی کارمەندان و بەشداربووانی خولەکە رابهێنم و فێریان بکەم چۆن بتوانن لە ئایندە فۆتۆگرافەر، ڤیدیۆ گرافەر، مۆنتاژکردن و ئەندازەی دەنگ لە کاتی رایکردنی کارەکانیان بەکاربهێنن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





راهێنەر ڕیچی درومان، لە تیمی ڕاهێنەرانی بەشداربوو، گوتی: من وەك مامۆستای درۆنی کامێرا (فلای کام) توانیم بە سەرکەوتوویی کارەکان لە ناو ڕاهێنانەکان بە بەشداربووان بلێمەوە، هەروەها لەم بارەوە پێویستمان بە ئاسمان و زەوی هەبوو، بۆیە خۆشبەختانە بۆمان ئامادەکرا بەمەستی فڕین و ئەنجامدانی ڕاهێنان لەسەر درۆنەکان.

هەروەها یەکێکی دیکە لە ڕاهێنەرەکان بە ناوی نائب زابت براونی، تیشکی خستەسەر لایەنێکی تری ڕاهێنانەکان لە بواری کامێرامان، فۆتۆگرافەر و ڤیدیۆ گرافەر و گوتی: ڕۆڵم هەبوو لە فێرکردنی کارمەندانی خولەکە و بە شێوەیەکی پراکتیکی و تیۆری ڕاهێنانەکانمان ئەنجامدا.

## پرۆفایلی خول

ئامێرو کەرەستەکانی کە لەم بەشەی کۆمەکەکانی سوپای ئەڵمانیا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە نێردرا بریتی بوون لە: کامیرای فۆتۆ و ڤیدیۆ، درۆنی کامێرا، پرێنتەر، لاپتۆپ، ئایپاد ، ئیمپریفایەر، شاشەی گەورەی کۆمپیوتەرو دەیان پارچە یەدەکی تایبەت بە ئامێرەکان و کارەبایی.

تێچووی سەرجەم کۆمەکەکە بریتی بووە لە بڕی (٣٢٠) هەزار دۆلار.

ئامێرو کەرەستەکان بەپێی خشتەیەك دابەشکرا بەسەر (١٠) یەکەی فیرقەکانی ١ و ٢ و (٦) بەڕێوەبەرایەتی و بەشی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە.

خولەکە لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٢/١٨ دەستیپێکرد. ڕۆژانە لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی – ٣ی دوانیوەڕۆ وانەو ڕاهێنانەکان ئەنجامدەدران. (٣٣) کارمەند و پێشمەرگەی بەشەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی و چەند بەشێکی دیوانی وەزارەت تیایدا بەشداربوون. ڕۆژی ٢٠٢٤/٣/١٣ خولەکە لە ڕێورەسمێکدا بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات، کە تیایدا لەلایەن تیمی سوپای ئەڵمانیاوە بڕوانامە بە بەشداربووان بەخشراو لە بەرانبەریشدا لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەش بە فەرماندەو ڕاوێژکارو ڕاهێنەرانی سوپای ئەڵمانیا کرا.



# کۆنفرانسی ساڵانەی پشکنینی سەربازیی
# وێستگەی هەڵسەنگاندن و پلانی داهاتوو

● ئامادەکردنی: رائد بارزان رزگار

پشکنینی گشتی یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە چالاك و گرنگانەی کە ڕۆڵی کاریگەری لـە دروستکردنی پڕۆسەی بنیاتنان و نوێکردنەوەی یەکەکانی پێشمەرگە لەڕووی چۆنایەتییەوە هەبووە، ڕۆڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەوەدا دەردەکەوێت کە لە ماوەی دەستکردن بە پشکنینی مەیدانـــی بۆ سەرجەم یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە هەموو ڕشتە جیاوازەکان و تایبەتمەندییەکانیانەوە، بە بەرزکردنەوەی راپۆرتەکانی وەرزی و ساڵانەی پەیوەست بــە باری هێزەکان و کەرەستەکان و ئاستی مەشق و توانا و لێهاتوویی شەڕکردن و پتەوکردنی ڕێکاری سەربــازیی دروست، ڕۆڵی هەبووە لە ئەزموونی بەدەستهێنراوی هێزەکان لەماوەی شەڕەکاندا بە تایبەتی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و پاراستنــی هەرێمی کوردستان، پەرۆشی پشکنینی گشتی بۆ بەرەوپێشبردن و ئاستــی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی بەرچاوبووە، ئەویش بە دەستنیشانکردنــی ئەفسەری لێهاتوو بــۆ کـارکردن لـە پشکنەری و کردنەوەی خولەکانــی گەشەپێدان کـــە تێیدا بارودۆخەکــە یارمەتــی دەربووە بۆ ئەنجامدان و بەردەوامیدان بە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان و بەدواداچوون و هەموارکردنەوەی بنەما و ڕێکارەکانی پشکنیـن بە شێوەی خولی و گونجاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم لەبوارەکانی ڕێکخستن و پڕچەك کـردن و کۆمەککردندا کە بـۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێوەشاوەیی هێزەکان بە پێویست دەزانرێت.

لەم پێناوەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤، بەئامادەبوونی بەڕێزان عەبدولخالق بابیری بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان، لیوا روکن نەجمەدین عومەر جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکان، لیوا روکن هۆشمەند حەیدەر ڕەشید جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە، لیوا بەشدار عەبدوڵلا ڕاوێژکاری وەزارەت و ژمارەیەک لە بەڕێوبەرانی گشتی و فەرماندەی لیواکانی پیادە و ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدا کە تایبەت بوو بە چۆنیەتی راییکردنی پلانی پشکنینی گشتی و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و نەهێشتنی کەم و کوڕییەکان و وەستان لـە سەر ئاستی جێبەجێکردنــی پلانــی پشکنین بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و دیاریکـردن و هەڵسەنگاندنی لایەنــی (مەشــق، مەشقــی جەستەیی، هونــەریی و ئیــداریی) لــەگەڵ تایبەتمەندی و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە



عەبدولخالیق بابیری بریکاری وەزارەت

دەستنیشانکردنی گرنگترین کێشە و بەربەستەکان و ئامادەکردنی ڕاسپاردە و پێشنیازەکان.

**«هەنگاوەکان بەئاڕاستەیەکی باش دەڕۆن، گۆڕانیی بەرچاومان لە کارەکانی لیوا و یەکەکان ئەنجامداوە بۆ بنیادنانی ژێرخانێکی باش بۆ هێزی پێشمەرگە»**

لە سەرەتادا کۆنفرانسەکە، بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستپێکرد و پاشان عەمید روکن فەرهاد مەحموود جێگری بەڕێوبەری پشکنین وتەی بەخێرهێنانی پێشکەشکرد و دواتر ڕاپۆرتێکی چڕوپڕی لە سەر وردەکاریی چالاکییەکانی بەڕێوبەرایەتی پشکنین بۆ ساڵی ٢٠٢٣ خستەڕوو، گوتی: هەنگاوەکان بەئاڕاستەیەکی باش دەڕۆن و گۆڕانیی بەرچاومان لە کارەکانی لیوا و یەکەکان ئەنجامداوە بۆ بنیادنانی ژێرخانێکی باش بۆ هێزی پێشمەرگە لەتەواوی بوارەکاندا و بە هاوکاریی فەرماندەی لیوا و فەوجەکان کارمان لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردنی کاروبارەکانی یەکەکان کردووە، لە کۆتایی ساڵیشدا ئەنجامی کاری هاوبەشی بەڕێوبەرایەتیهان و ستافی ئەفسەرانی پشکنەر جێگای ڕەمەزاندی بووە، جێگری بەڕێوبەری پشکنین هەماهەنگی ستافی باڵای وەزارەتیشی لەسەرخستنی پلانی ساڵی ٢٠٢٣ی بەڕێوبەرایەتییەکەیان بەگرنگ و پڕبایەخ وەسفکرد و ئاماژەی بەوەشدا، کە هەندێ کەموکوڕی بنەڕەتی هەن لەمپەریان بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی ئەرك و کاروبارەکان دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی زۆر باش نراوە بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکان ونەهێشتنی ئەو گیروگرفتانەی کەهەیە،لە هەموو گەڕان و پشکنینێکدا بەڕێوبەرایەتی پشکنینی گشتی ئەو کەم و کوڕیانەی دەست نیشانکردوەو بەرزی کردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکان و سەرۆکایەتی ئەرکانیش فەرمانی پێویست دەردەکات بۆ چاککردن و دووبارە ڕێکخستنەوەی کارەکان.

عەمید روکن فەرهاد مەحموود ئەوەشی گوت:- لەڕووی گرنگیدان بە جبەخانە و کۆگاکردنی کەلوپەلی سەربازیی لە لیوا و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، پێویستە لە نزیکترین کاتدا کار بۆ باشترکردنی ئەم بوارە بکرێت، چونکە ئەمە دەچێتە خانەی دابینکردنی ئاسایشی هێزەکان و هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو بتوانین بە هەوڵی هەموو لایەک کار بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان بکەین. بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و پسپۆڕیی دەست بە جێبەجێکردنی پلانی پشکنین بۆ ساڵی نوێ دەکەین و لەم پێناوەشدا، لەلایەن بەڕێزان وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکان گرنگیپێدانێکی باش لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و ڕاپۆرتەکانی پشکنین بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان هەبووە.

**«وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکان گرنگی بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و ڕاپۆرتەکانی پشکنین بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان دەدەن»**

لەبەردوامی کۆنفرانسەکەدا، عەمید سالار ئیبراهیم، ئەفسەری پشکنەری حەرەکات، ڕوونکردنەوەی پێویستی لەبارەی پلانی ساڵی ٢٠٢٤ و گیروگرفتەکانی بەردەم پڕۆسەی پشکنینکردنی لیوا و یەکەکاندا خستەڕوو، بە وردی تیشکی خستەسەر هەنگاوەکانی بەهێزکردنی بواری پشکنین و بەرنامە و کاری داهاتووی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کە لە پڕۆسەی پشکنینی گشتیی فێرکاریی بۆ لیواکانی پیادە و یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ساڵانە ئەنجامدەدرێت، ئەفسەری پشکنەری حەرەکات لە بەڕێوەبەرایەتی پشکنین، لەبارەی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە ئاماژەی بە چەند کەموکوڕییەك دا، هاوکات ئاماژەی بە خالە بەهێزەکانیش دا و لە کۆتاییدا گوتی :- جێگای ئومێدە وەزارەتی پێشمەرگە گرنگی زۆر بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و ڕاپۆرتەکانی پشکنین بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان دەدەن.

**«خەڵات و دیاری بەخشرایە چەندین فەرماندەی لیوا و فەوجەکان لە نێوییاندا فەرماندەی لیوای ١٤ی پیادە کە لە پشکنینی تاقیکارییدا پلەی**

42



عمید روکن فەرهاد مەحمود



عمید سالار ئیبراهیم

**نایابی بەدەستهێنابوو»**

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆنفرانسەدا، خەڵات و دیاری بەخشرایە فەرماندەی لیوای ١٤ی پیادە کەلەپشکنینی تاقیکارییدا پلەی نایابی بەدەستهێنابوو، هاوکات چەند فەرماندەیەکی فەوج و لیوا و یەکەجیاوازەکان بەهۆی گۆڕانکاریی باش و بەرەوپێشبردنی فەوج و لیواکانیان لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا، خەڵاتکران و هەوڵەکانیان بەرز نرخێندرا.

**«قۆناغی ئێستای پێشمەرگە پێویستی بە نوێگەرییە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لەگەڵ قۆناغی داهاتوو و چاوەڕوانکراو بۆ داهاتووی هێزی پێشمەرگە خۆتان بگونجێنن و بە روحی نیشتمانییەوە بڕواننە کارەکانتان»**

عەبدولخالق بابیری بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لەبەردەوامی کۆنفرانسەکەدا وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا : سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی کرد کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا بەپێی داتا و ئامار پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، گوتیشی: پێویستە ئێوە بۆ ئایندەی باشتر و پلانی تازەتر و گۆڕانکاریی باشتر لە ئەرکەکانتان هەنگاو بنێن، بۆئەوەی نوێگەری لەکارەکانتان رەنگبداتەوە، چونکە قۆناغی ئێستای پێشمەرگە پێویستی بە نوێگەرییە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لەگەڵ قۆناغی داهاتوو و چاوەڕوانکراو بۆ داهاتووی هێزی پێشمەرگە خۆتان بگونجێنن و بە روحی نیشتمانییەوە بڕواننە کارەکانتان و لەم ڕووەشەوە ئامادەیی وەزارەتی بۆ هەموو هاوکاری و کارئاسانییەک لەپێناو پێشخستنی کارەکانیان نیشان دا، لە کۆتایی قسەکانیدا بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بەوەدا، کە ڕۆڵی پشکێنەری گشتی لەناو یەکە سەربازییەکاندا زۆر گرنگە و پێویستە لەدوای ئەم کۆنفڕانسەدا ئەم ڕۆڵە زیاترو زیاتر بکرێت لەپێناو باشتر کردنی ئەرک و کارەکانی یەکە سەربازییەکان لە بوارەکانی کارگێڕی و ئۆپەراسیۆنی و هۆشیاری و تەواوی بوارەکانی ترەوە، خۆشحاڵی خۆشی پیشاندا بەوەی لەناو کۆنفڕانسەکەدا ئاماژە بە خاڵە بەهێزو لاوازەکان کراوە .

**«بنەمای هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی بەدامەزراوەییکردنیەتی، بۆیە بنیاتنانی هێزێکی پێشمەرگەی گۆشکراو بە بیروباوەڕە نەتەوەیی و سەربازیی و نیشتمانیەکان کاری لەپێشینەی ئێمەیە»**

فەریق ڕوکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە، لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا، هەڵسەنگاندن و ڕاوبۆچوونی خۆی لەبارەی کۆی کاروبارەکانی پشکنیندا خستەڕوو. هاوکات وێڕای ئاماژەدان بە چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر باشترکردنی کار و ئەرکەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەی وەزارەت، ڕایگەیاند: پشکنینی گشتی دەتوانێت ببێتە چاودێرێکی زۆر باش بۆ کاری ڕێکخستنی کارگێڕی و مەشق و ئۆپەراسیۆنەکان لەناو یەکە سەربازییەکاندا، هاوکات سەرۆکی ئەرکان ستایشی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی کردو ڕێنمایی پێویستیدا بەئەفسەرانی پشکێنەر بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کارەکانیان باشتر بکەن، لەبارەی پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرۆکی ئەرکان گوتی:- بنەمای هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی و بەدامەزراوەیکردنی ئەرکی هەمومانە بۆیە بنیاتنانی هێزێکی پێشمەرگەی گۆشکراو بە بیروباوەڕی سەربازیی و نیشتمانی کاری لەپێشینەی ئێمە و هەموو برایانمانە لە ناو وەزارەتدا، لە ئێستاشدا پڕۆسەی چاکسازی بەردەوامە و قۆناغی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە هەنگاوی باش و دروستی بڕیوە، بۆ ئایندەی هەریمی کوردستان و زامنکردن و بەرقەرارکردنی ئاسایشی سنورەکانمان پێویستمان بە دروستکردنی ژێرخانێکی بەهێزی سەربازیی هەیە و بە هەموو تواناشمانەوە بۆ سەرخستنی پڕۆسەی چاکسازیی و بەئامانج گەیاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانی و سەربازییە تێدەکۆشین.

شایەنی باسە ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی کۆنفڕانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوەدەبات لە پێناوهەڵسەنگاندنی کەم و کوڕییەکان و باشتر کردنی ئەرک و کارەکان بەگشتی. بۆ ساڵی نوێش پلانیان هەیە. کۆنفڕانسی تایبەت بە چالاکیەکانیان بەڕێوەببەن .

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

## مەشقەکانی ئۆپەڕاسیۆن

# بەرزکردنەوەی توانای فیرقەکان... بەردەوامی لە پێشخستنی ستراتیژیی نوێ

ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ



لە چوارچێوەی پلان و هەنگاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بە هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان و پرۆسەی چاکسازی بە مەبەستی رێکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە و یەکخستنەوەیان لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە، دوو فیرقە لەسەر میکانیزمی وەزارەتی پێشمەرگە لەو هێزانە پێکهێنران کە لەسەر یەکەی (٧٠ و ٨٠) خرانە ژێر سایەی وەزارەتی پێشمەرگە، بەم هەنگاوەش پرۆسەی چاکسازی بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ یەکەم جاریش هێزەکانی پێشمەرگە بوونە خاوەنی دوو فیرقەی نیزامی، لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەم فیرقانە کەموکوڕی و پێداویستییەکانیان پڕبکرێنەوە و بەرەوپێشەوە بچن و بە شێوەیەکی سەربازیی و پیشەییانە کارەکانیان رایی بکەن.

لە نوێترین هەنگاو لەسەر ئاستی فیرقەکاندا، چەند راهێنانێکی نوێی سەربازیی بە تایبەتی لە بواری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بە هاوکاری هاوپەیمانان ئەنجامدراون، ئەمەش بۆ ئەوەی ئاشنا بکرێن بە دواین رێوشوێن و هەنگاوە نوێیەکانی سوپا جیهانییەکان لە ئۆپەڕاسیۆنەکاندا.

لەسەر ئەم راهێنانانە، گۆڤاری پێشمەرگە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ هەریەک لە سەرۆک ئەرکانی فیرقەکانی یەک و دووی پیادە، تیشکدەخاتە سەر گرنگی و جۆری راهێنانەکان و دەرئەنجامەکانیان و ئایندەی کاری ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا.

لەم بارەوە عەمید روکن سروود سالح، سەرۆک ئەرکانی فیرقەی یەکی پیادە، ئاماژەی بەوەدا تاوەکو ئێستا لەڕووی راهێنانی ئۆپەڕاسیۆنییەوە دوو راهێنانی زۆر گرنگیان بە هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجامداوە. یەکەمیان راهێنان بووە لە بواری (معرکە الهاتفیە) واتە جەنگی تەلەفۆنی، یاخود کۆنترۆڵی مەیدانی جەنگ لەڕووی پەیوەندی و گەیاندنەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی زۆرباش کۆنترۆڵی ئەرک و راسپاردەکان لە مەیدانەکانی جەنگدا بکرێت.ئەم راهێنانەش بە شێوەی تیۆری بووە، ئەمەش یەکەم تاقیکردنەوەبوو کە لەسەر ئاستێکی فراوان بە بەشداریی دەستەی روکنی فیرقە بۆ چۆنیەتی شارەزابوون لە بەڕێوەچوونی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان ئەنجام بدرێت. هاوکات رۆڵی زۆر کاریگەری هەبووە لە پێگەیاندنی ئەفسەرانی پەیوەندیدار بەو بوارە و لە داهاتوودا وادەکات لە


عەمید روکن جەمیل محەممەد ڕەشی


عەمید روکن سروود سالح، سەرۆک ئەرکانی فیرقەی یەکی پیادە

کاتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکاندا هەرلایەنە و ئەرکی خۆی بزانێت و دواین زانیاری و پێشهاتەکان بۆ سەرووی خۆیان بەرزبکاتەوە، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی هەڵوێستەکان لەسەر نەخشە و سیستەمی SC2 کە سیستەمێکی نوێیە و هاوپەیمانان دابینیان کردووە.

سەبارەت بە ئاستەکانی ئەم ڕاهێنانانە سەرۆک ئەرکانی فیرقەی یەکی پیادە گوتی: ئاستی ڕاهێنانەکان لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆنی وەزارەتی پێشمەرگە و ئۆپەراسیۆنی فیرقەکان ئەنجامدراون.

سەبارەت بە ڕاهێنانی دووەم، عەمید روکن سروود ئاماژەی بەوەدا، ڕاهێنانێکی گرنگیان بە هەمان شێوە لە ڕێگای هێزەکانی هاوپەیمانان بە ناوی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار (عملیه صنع القرار) ئەنجامداوە. ئەم ڕاهێنانەش ئەزموونێکی نوێیە و یەکەم جارە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک ئەفسەریان لە کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، بەشداریی خولێکیان کردووە کە بە پاڵپشتی ڕاوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕێوەچووە، بە تایبەتی ڕاوێژکارانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان. سەبارەت بەم ڕاهێنانە ڕوونیکردەوە: سیستەمێکە وادەکات لە کاتە پێویستەکان بڕیاری گونجاو بدرێت، بێگومان ئەمەش یەکێکە لە هەنگاوە کردارییەکان بە تایبەتی لە کاتی تەنگژە و گۆڕانی هەڵومەرجی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی، هەروەها ئەم هەڵومەرج و ڕاهێنانە وادەکات لەسەر هەر پلانێک زۆربەی ئەفسەران و ستافی فیرقە بەشداربن تا ئەو کاتەی دەخرێنە ژێر دەستی فەرماندەی فیرقە بۆ بڕیاردان، بەمەش ئەرکی بەشەکان بەپێی تایبەتمەندیی خۆی دیاردەبێت، هاوکات ئەو ڕاهێنانە وادەکات فەرماندەیی و کۆنترۆڵ زیاتربێت، سەرۆک ئەرکانی فیرقەی یەک زیاتر گوتی: بەرنامە و پلانمان هەیە ئەو ڕاهێنانانە لە داهاتوودا زیاتر شۆڕبکرێنەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە بە تایبەتی لیوا و فەوجەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاشنایەتیان پێی هەبێت.

سەبارەت بەو ڕاهێنانەی دیکە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی فیرقە ئەنجامدراون، عەمید روکن سروود باسی لەوە کرد کە تا ئێستا چەندین ڕاهێنانیان ئەنجامداوە بە تایبەتی لەڕووی ئەرکەکانی تەبابەی سەربازی و گەیاندن و چەند بەشێکی دیکە، هاوکات لە پلانیاندایە ڕاهێنانەکان فراوانتربکەن بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بە هێزەکانیان بگەیەنن تا لە چوارچێوەیەکی پیشەییانەدا ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

ئەم ڕاهێنانانە لە فیرقەی دووی پیادە بە هەمان شێوە ئەنجامدراون و لەم بارەوە عەمید روکن جەمیل محەممەد ڕەشید، سەرۆک ئەرکانی فیرقەی دوو بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنە، توانرا دوو ڕاهێنانی (CPX) لە ئەیلوولی ٢٠٢٣ و شوباتی ٢٠٢٤ بەناوی (المعركة الهاتفية) و هەروەها ڕاهێنان بەناوی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار یاخود (عملية صنع القرار ) لە ئاستی دەستەی روکنی فرقەدا ئەنجامبدرێت.

سەرۆک ئەرکانی فیرقەی دوو زیاتر گوتی: مەشق و ڕاهێنان پرۆسەیەکە لەناو هێزە شەرکەرەکان بێکۆتاییە و ئەگەر باری نائاسایی نەبوو، لە هیچ سنوورێکدا ناوەستێت. مەشق هەموو تاکێک دەگرێتەوە، بۆیە بارەگاکانیش (فرقە / لیوا / لە مەشقکردن بێبەش نین، بارەگاکان مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بە بارەگاکانیان هەیە و پێی دەگوترێت (تمارين المقر) وەک ( CPX - تمارين المخابرة – الحركة الفورية – إيضاحات على مناضد الرمل ... هتد ) سەبارەت بەو مەشقانەی کە لە بواری ئۆپەراسیۆنی ئەنجامیانداوە، ئاماژەی بەوەدا، مەبەست لە مەشقەکە پراکتیزەکردنی کاری ستافی روکنە لە ناوخۆدا و پەیڕەوکردنی کۆنتێکستی (سیاق)ی ڕاست و دروستە کە فەرماندەکان و دەستەی روکن لە بارەگاکان و لە گۆڕەپانی جەنگدا ئەنجامی دەدەن، هەروەها بەدواداچوون و

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ئاستی ڕاهێنانەکان لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆنی وەزارەتی پێشمەرگە وئۆپەراسیۆنی فیرقەکان ئەنجامدراون




تۆمـارکردن و شیکردنەوە و تێپەڕاندنی زانیاری و دەرکـردنی فەرمـان و ڕێنماییەکـانە ( الأوامر والوصايا ) بۆیە بەسوود دادەنرێت، بەتایبەتی لە ڕاهێنانی ستافی هەواڵگریدا.

سەرۆک ئەرکانی فیرقەی دوو گوتیشی: ئەم جۆرە ڕاهێنان و مـەشقانە لـە ئاستێک یان لـە دوو ئـاستدا ئەنـجام دەدرێن، بـۆ نموونە، دەتوانرێت ئـەم مـەشقە لە بارەگای فـیرقە و بـارەگای لیواکان لە یەککـاتدا ئەنجام بدرێت، یان بارەگـای لیوا و فەوجـەکان، بەڵام ئـەمە پێویستی بـەکـات و پێداویـستی و خـۆئـامـادەکردنی زیاتر هەیە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕاهێنانەکە، بۆیە لە ئێستادا مـەشـقەکـە بۆ ئاستی لیوا و فەوجەکان شۆڕ نەبووەتەوە, بەڵام لە پلانەکانی داهـاتووماندا بـە هـەماهەنگی لـەگـەڵ سەنتەری ئۆپەڕاسـیۆنی وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوبەرایەتی مەشقی سەربازی لیوا و فـەوجـەکان، لەم جۆرە مەشقە دەخەینە بەرنامەمانەوە. سەبارەت بە ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان، عەمید روکن جمیل ئاماژەی بەوەکرد، هاوپەیمانان ڕۆڵێکی گەورەیان لە جێبەجێکردنی ئەم ڕاهێنانانەدا بینی وەک:

ڕێکخستنی ڕەوتی ڕاهێنانەکە لە ئەگەری لادان لە ڕێڕەوەکەی، بەدواداچوونی شێوازی بەڕێوبردنی ڕاهێنانەکە، کۆنترۆڵکردنی کاتەکان، پەرەپێدانی گریمانەکان، دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەفسەرەکان، چاودێریکردنی ئیشوکاری ئەفسەران, هـەر لـە نەخشە و (شـەفـافـە) و وەڵامدانەوەی برووسکەکان و دیاریکردنی کات و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کورت و خێرا لەکاتی جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکە بەدرێژایی مەشقەکە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی باش و بەنرخ.

سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لەو ڕاهێنانانەدا، سەرۆک ئەرکانی فیرقەی دوو تیشکی خستە سەر گرنگی ئەم بابەتە و پێی وابوو، دەبێت سەرەتا پێناسـەی سەرکردایەتی بکرێت یـاخود (القیادە) کە بریتییە لـە پەیڕەوکردنی سەرکردە بۆ دەسـەڵات و ڕێنوێنی بـەسـەر هێزەکانی ژێردەستی خۆی و ئەوانەی پەیوەندییان. بەجێگەیاندنی ئەرکەکەوە هەیە، بەڵام کۆنترۆڵ یاخود (السیـطرة) توانای ڕێـکخستنی هێز بە سەرکردە دەبەخشێت بۆ سیستەمی سەنگەرەکان و چاودێریکردنی یەکەکانی خۆمان و یەکەکـانی دوژمـن و نـاوچەی ئۆپەڕاسیۆنەکان، ئەم چـاودێریـکردنە ڕێگە بە سـەرکردە/ فەرماندە دەدات خـاڵەکانی بڕیاردان باش دەسـتنیشان بکات و دەرفـەتی باش بۆ سـەرکەوتن و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی بەجێگەیاندنی ئەرکـەکە دەبنەوە، بقۆزێتەوە، بۆیە لـەبەر ئەم هۆکارانە دەتوانین بڵێین، ڕاهێـنانەکان کاریگەریـیەکی بـەرچـاویان لـەسەر پەرەپێدانی سـەرکردایەتـی و کـۆنتـڕۆڵ (القيادة والسيطرة) لە نێو ئەفسەرەکاندا هەبووە، هەروەها ئـەم جـۆرە ڕاهێنانە ڕۆڵێکی کاریـگەر و گـرنگی هـەیە بـۆ سـەرکـردە/ فـەرمـاندە و ئەفسەران لە ئاشتی و شەڕدا، وەک: باشترکردنی زانیاری و توانا و لێهاتوویی و پەرەپێدانی سیفەتەکانی سەرکردایەتی لای ئەفسەران، شارەزابوون لـە شێوازەکـانی سـەرکردایـەتی و دەرکـردنی بڕیاری گونـجاو و

تەرخانکردنی ئەرکـەکـان بۆ هـێزەکان و ڕێـکخـستنی کارەکان و زاڵبوون بەسەر هەر سەختییەک کە ڕەنگە سەرهەڵبدات.

## بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئەفسەران

# دامەزراوەیەك بۆ خزمەتكردن و بەدواداچون

● ئامادەکردنی: گۆڤاری پێشمەرگە

**وەزارەتی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی سەربازیی و بەرگری بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە دامودەزگای سەربازیی، کارگێڕیی و چەندین دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی بواری سەربازی پێکهاتووە، یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانە، بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ئەفسەرانە کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە پڕئەرک و هەستیار و وردەکارییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و سەر بە کارگێڕیی گشتییە و بەستراوەتەوە بە جێگری سەرۆکایەتی ئەرکان بۆ کارگێڕی و میرە. لەمیانی بەدواداچوونێکی گۆڤاری پێشمەرگە، لەم ڕیپۆرتاژەدا، کارو چالاکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەخەینەڕوو.**




**لیوا سەعید عومەر مستەفا بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەفسەران**

لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە ئەرکی بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئەفسەران و مەبەست لە کارگێڕی ئەفسەران و ئەرکە گشتییەکانیدا، لیوا سەعید بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەفسەران گوتی: بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ئەفسەران لەڕووی زنجیرەی بەرپرسیاریەتی، بە ئیدارەی گشتی بەستراوەتەوە. بەڕێوەبەر کۆمەڵێک ئەرکی گرنک و بەرپرسیارێتی لەسەرشانە بەرامبەر ئاستە باڵاکان بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەڕێوەبەرایەتییەکە لە گشت بوارەکانی بەڕێوەبردن، هونەریی، مەعنەویی و دیسپلینەوە، هەروەها بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی شێوازی ڕێکخستنی سەربازیی و بەرزکردنەوەی ئاست و توانای ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕیی ئەفسەران.

مەبەست لە کارگێڕیی ئەفسەران ڕێکخستن و جێبەجێکردنی سەرجەم کاروبارە کارگێڕییەکانی تایبەت بە ئەفسەرانی میلاکی وەزارەتی پیشمەرگەیە، کە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکدێت، سەرەڕای نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کە لەلایەن ئەفسەرێکی شارەزاوە سەرپەرشتی دەکرێت کە ئەفسەری روکنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیە. بەشەکانیش بریتین لە: بەشی پلە بەرزکردنەوە، بەشی گواستنەوە، بەشی جێگرکردن، بەشی خۆیەتی و بەشی یاسایی. ئەم بەشانەش چەندین هۆبە لەخۆدەگرن.

لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی کارەکانی کارگێڕیی ئەفسەران، لیوا سەعید گوتی: بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران سەرجەم کارە کارگێڕییەکانی ئەفسەران ڕادەپەڕێنێت لە ئامادەکردنی فەرمانی وەزاریی و تەواوکردنی مامەڵەی ئەو ئەفسەرانەی شەهید و کەمئەندامان و ئەفسەرانی تر، بە مەبەستەکانی گواستنەوە و گۆڕینی پایە، پلەبەرزکردنەوە، خانەنشینکردن، دروستکردن و گۆڕینی ناسنامەی ئەفسەران هتد...، هەروەها بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە وەزارییەکان دەکات لە ترازان و پەیوەندیکردن بە یەکەکانەوە.

لیوا سەعید دەربارەی ئەرکە داتاییەکانیان گوتی: کۆمەڵێک ئەرکی تری گرنگی وەک ئامادەکردنی ئاماری تەواوی ئەفسەران لەڕووی ژمارە و توانا کەسییەکان لە ڕێگەی بوونی دۆسییەی تایبەت

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

بۆ هەرئەفسەرێک بە هەردوو شێوازی کاغەز و ئەلیکترۆنی، هەروەها دیاریکردن و وردبینی لە خزمەتی ئەفسەران، لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە دەبێت کە بەفەرمانی وەزاری سەرۆک و ئەندامانی دیاریی دەکرێت.

هەروەها دەربارەی چۆنیەتی و چەندێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان رایگەیاند: کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی تا ڕادەیەکی زۆر باش بەڕێوەدەچێت، سەرجەم بەشەکان بەپێی ئەرکی دیاریکراوی خۆیان وەک تیمێکی لەخۆبردوو ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن و لە هەموو ڕووێکەوە هاوکاری ئەفسەرانن و کارئاسانییان بۆ دەکەن. لەبارەی بوونی کەموکوڕییەکانیش روونیکردەوە: هەڵبەت هیچ فەرمانگەیەکیش لەڕووی کاری کارگێڕیی و هونەرییەوە بێ کێشە نابێت، ئێمەش بەردەوام هەوڵدەدەین بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان، بۆ نموونە کەموکوڕی لە داتاکانی دۆسیەی کەسی ئەفسەران. بۆ چارەسەری ئەم بابەتە بەشی خۆیەتی بەڕێوەبەرایەتیهان لە ڕێگەی هۆبەی ئەرشیف خەریکی ئامادەکردنی لیستی کەموکوڕییەکانە، دواتر بە نووسراو لیواکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی لێ ئاگاداردەکرێنەوە کە ئەمەش لە ڕێگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرەوەیە. هەروەها ڕۆتینی کارگێڕیی، کاریگەریی خۆی لە سەر دواکەوتنی دەرچوونی فەرمانە وەزارییەکان هەیە. گرفتی نەبوونی شوێنێکی گونجاو و کەمی ژوورەکان و نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ ئەفسەران کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەکەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەفسەران کە لە ئێستادا بێ میلاکن و خراونەتە سەر ئومرەی بەرێوەبەرایەتی، پێویستە چارەسەری گونجاویان بۆ بکریت و بەپێی پلە و ڕشتە و تواناکانیان کاریان بۆ بکرێت.

سەبارەت بە دانانی ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران ئاماژەی دا: هەڵبژاردنی ئەفسەران و کارمەندانی




**موقەدەم ڕوکن بژار عەبدولخالیق خۆشناو جێگری بەڕێوەبەر**

بەڕێوەبەرایەتی، بێگومان لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی دیاریدەکرێن و بە ڕەزامەندی بەرپرسانی باڵای وەزارەت و بە پێی سیڤی پێشکەشکراو و شارەزایی لە ئامێرە پیشکەوتووەکانی سەردەم و سیستەمە تازەکانە. دەبێت ئەفسەر دەرچووی یەکێک لە کۆلێژە سەربازییەکان بێت و لە بواری کارگێڕیی خزمەتی هەبێت. هەروەها کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیهان زۆربەیان دەرچووی کۆلیژە جۆراوجۆرەکانی وەک کارگێڕیی کار، یاسا، ئاداب ، زمان و تەکنەلۆژیای زانیارییین.

هەر لەمیانی بەدواداچوونمان بۆ کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران، موقەدەم ڕوکن بژار جێگری بەڕێوەبەر لە وەڵامی پرسیارێک لەبارەی ئەرکەکانیان وەک جێگری بەڕێوەبەرگوتی: ئەرکەکانی ئێمە بریتین لە ڕاییکردن و ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان و پابەندیهان بە سەرووی خۆمانەوە بەشێوەیەکی سەربازیی و مامەڵەی یاسایی، هەر لە وەڵامدانەوەی نووسراوەوە بگرە تاوەکو دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی ئەفسەران لە کاتێک دەبێتە ئەفسەر تا ئەو کاتەی خانەنشین دەبێت، کاری لەپێشینەمان ڕاییکردن و تەواوکردنی مامەڵەی ئەفسەرانی (شەهید) و پەککەوتە و کۆچکردووەکانە.

لە وەڵامی پرسیاری بەرنامەی کارتان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی کارگێڕیی ئەفسەران چییە؟ جێگری بەڕێوەبەر ئاماژەی دا: بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە سەرجەم بەش و هۆبەکانیانەوە هەردەم لەکارکردندابووە، بێ هیچ درێغیکردنێك کارکراوە بۆ ڕێکخستن و دابینکردنی مافی ئەفسەران، پلانی داهاتووشهان ئەوەیە کە هەر کەموکوڕییەکی هەبووبێت، نەیهێڵین و کاری باشتر بکەین و بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوتر و خزمەتگوزارتر ببەین. هەوڵدەدەین زیاتر لە ئەفسەرانی وەزارەتمان نزیک بین، ئەمەش بەکارکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان وسەرجەم یەکەکان و بەپاڵپشتی بەڕێزان سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە و بەڕێز بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گشتی. گرنگترین ئەرک کە پێویستە و لەسەر شانمانە،

42

## مەبەست لە کارگێڕیی ئەفسەران ڕێکخستن و جێبەجێکردنی سەرجەم کاروبارە کارگێڕییەکانی تایبەت بە ئەفسەرانی میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەیە



موقەدەم دڵدار محەمەد قادر سەرۆکی بەشی پلە بەرزکردنەوە

لە ساڵی داهاتوو پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران بخەینە سەر ڕێچکەی خۆی، لە پلانیشماندایە کە ئەفسەرانمان خاوەنی ڕاژەی خۆیان بن، هەروەها لەپلانماندایە سەرجەم کارەکانی پلە بەرزکردنەوی ئەفسەران بخەینە کاتی خۆی و ساڵی داهاتوو بکەینە ساڵی بێ کەموکوڕی.

مقدم ڕوکن بژار سەبارەت بە ئەرکی ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران ڕوونیکردەوە: سەرجەم ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیمان لە هەموو هۆبە و بەشەکانیان لە ئەرکی بەردەوامدان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بە شێوەی تیم کە سەرجەمیان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بە ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەوە، بۆیە تیمەکانمان هەمیشە جێگای دەستخۆشی و شانازیین و بە بەردەوامی بەبێ درێغی لە کۆشش و شەونخوونی بەردەوامدان بۆ زاڵبوون بەسەرکێشەکان و دەستەبەرکردنی مافی ئەفسەران. کارگێڕیی ئەفسەران ئەرکی قورسی لەسەرشانە و هەڵگری بەرپرسیارێتییە لە بەرامبەر مافی سەرجەم ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ڕەنگە کە گوێبیستی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران دەبین، ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران بچێت، کارکردن بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران کاری لەپێشینەمانە، لەبەر ئەوەی گرنگترین مافی ئەفسەرە کە شایستەیەتی، کارکردن لەم کەیسە کارو شەونخوونی و ماندووبوونی زۆری پێویستە، ئەمەش لەبەر هەستیاریی بابەتەکە و تۆماری شایستەبووان و وردبینیکردن و ڕێکخستن و پۆلێنکردن و گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن.. و هتد. ئەمەش کارێکە بەشێوەی تیم لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئەنجام دەدرێت. لەپاڵ ئەمەشدا ڕێکخستن و چاککردنی دۆسییەی سەرجەم ئەفسەران ئەرکێکی سەختە، بەڵام ئەفسەران و کارمەندانمان کارەکانیان زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن. هەروەها بابەتی گواستنەوەی ئەفسەران و دەستنیشانکردنی پایەکانیان ئەرکێکی تری هەستیارە، لەگەڵ ئەوەشدا بە چالاکی و لێهاتوویی ئەفسەران و کارمەندانمان توانیومانە ئەم ئەمانەتە بەباشی

## گرنگترین ئەرك کە پێویستە و لەسەر شانمانە ئەوەیە کە لە ساڵی داهاتوو پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران بخەینە سەر ڕێچکەی خۆی لە پلانیشماندایە کە ئەفسەرانمان خاوەنی ڕاژەی خۆیان بن

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لەماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

جێبەجێبکەین. خانەنشین و شەهید و کەمئەندام و کۆچکردوو پێویستی بە مامەڵە و وردبینی زۆرە کە ئەویش لەلایەن ستافێکی شارەزاوە ئەنجام دەدرێن. دوای هەر پلە بەرزکردنەوەیەک کارمان زیاتردەبێت، ئەویش گۆڕینی ناسنامەی ئەفسەرانی پلەبەرزبووەوەیە کە پێویستە بگۆڕدرێن، ئەمەش لەلایەن ستافێکمان بەردەوام کاری لەسەردەکەن، لە دەرهێنان و گۆڕینی ناسنامە. هەروەها تیمێکمان بەردەوام سەرقاڵی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئەفسەرانی ئومەرن و پرۆفیشناڵانە کارەکانیان ڕێکخستووە، هەموو ئەوانەی باسمانکردن پێویستیان بە ناوەندێکە بۆ ڕێکخستن و یەکخستنیان کە ئەوانیش ئەفسەران و کارمەندانی بەتوانامان کە لەو ڕووەوە سەرقاڵن و بێ کەموکوڕی کێشەکان چارەسەردەکەن، بۆ باشتر ڕاییکرن و خزمەتکردنی ئەفسەران و وەزارەتی پێشمەرگە.

لە بەشی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانیش کە یەکێك لە بەشە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئەفسەرانە، ڕووی پرسیارمان کردە موقەدەم دڵدار سەرۆکی بەشی پلە بەرزکردنەوە و پرسیمان، لە کاتی پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی تا چەند فشارتان لەسەر دروست دەبێت؟ لە وەڵامدا گوتی: بەشی پلە بەرزکردنەوە یەکێك لە بەشە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەرانە، بەڵام بە هەماهەنگی سەرجەم بەشەکان کارەکانمان تەواوکاری یەکترن، لە هەوڵی تەواوداین بۆ ڕاییکردنی کارەکان بە گشتی، لەبەر ئەوەی پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی پەیوەستن بەیەکەوە، فشاری زۆر دروست دەبێت، بەڵام بە هەوڵ و ماندوبوونی هەموو ستافەکەمان بە بەڕێز بەڕێوەبەریشەوە کارەکان تێدەپەڕێنین.

دەربارەی خانەنشینکردنی ئەفسەران، ڕوونیکردەوە: ئەفسەران بەپێی ماددەی ٢٥ لە یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، خانەنشین دەکرێن کە بەرامبەر هەر پلەیەکی سەربازییدا تەمەنێک بەپێی یاسای دیاریکراوە بەم شێوەیە: ملازم و ملازمی یەک ٤٥ ساڵە، نەقیب تا ڕائد ٤٩ ساڵە، موقەدەم ٥٣ ساڵە، عەقید ٥٥ ساڵە عەمید ٥٨ ساڵە و لیوا تەمەنی خانەنشینییەکەی ٦٠ ساڵە، بۆیە لە کاتەکانی ئامادەکردنی خشتەکانی پلە بەرزکردنەوەدا، پێویستە هەماهەنگی تەواو هەبێت، لەبەر ئەوەی هەر ئەفسەرێک تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردبێت، ناتوانرێت پلەکەی بەرزبکرێتەوە. ساڵانە دوو خشتەی ئەفسەران لە وەزارەتی پێشمەرگە پلەیان تیادا بەرزدەبێتەوە ئەوانیش (خشتەی نەورۆز ٢١/٣ و خشتەی ئەیلول ١/٩) یە، ئەگەر مەرجەکانی تری پلەبەرزکردنەوەشی تێدابێت، ئەوا تەمەن ڕێگری یاسایی دەبێت، بەڵام ئەفسەرانی شایستە مافی خۆیان وەردەگرن و بە پلەیەکی بەرزتر خانەنشین دەکرێن .

موقەدەم دڵدار سەرۆکی بەشی پلە بەرزکردنەوە لەبارەی مەرجەکانی پلەبەرزکردنەوە ڕایگەیاند: پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێکخراوە، لە ماددەی پێنجەمی یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ هاتووە، ماوەی بچووکی بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەراندا (المدة الاصغرية) بەم شێوەیەیە:

لە پلەی ملازم تا پلەی نەقیب ٣ ساڵە، لە پلەکانی ڕائد تا عەمید ٤ ساڵە. لە پلەکانی عەمید تا فەریقی یەکەم ٦ ساڵە. پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران لە ئێستادا ڕێکخراوەتەوە، لەمەودوا خشتەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران دواناکەوێت، ئەویش بە خەمخۆری ستافی نوێی وەزارەت و کاریگەریی کارای لیژنەی پلەبەرزکرنەوەیە. ئێستا کار بە ڕێنمایی وەزاری ژمارە (١٢٩٢٠) کە ٢٥/٧/٢٠٢٢ دەکرێت، تاکو دەرچوونی ڕێنمایی دیکە کە مەرجی بوونی پایەی گونجاو لەگەڵ ئەو پلەیەی بۆی بەرزدەبێتەوە، لە پلەی ڕائد بەرەوسەر بەپێی زنجیرە (٤/ب) لە ڕێنمایی ئاماژە پێکراوی سەرەوە، کە مەرجی سەرەکییە، دەبێت ئەفسەر ٣ مانگ پێش ڕۆژی شایستەبوونی لەم پایەیەدا بووبێت کە لەلایەن بەشی گواستنەوە و جێگیرکردنی بەڕێوەبەرایەتیانەوە پشتڕاست بکرێتەوە، لە دوای وردبینیکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی پلەبەرزکردنەوە.

ئاماژەی بەوەش دا کە سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریی، ئەفسەر دەبێت دەرچووی یەکێک لە کولیژە سەربازییەکان بێت، یاخود بڕوانامەی بەکالۆریۆسی شارستانی هەبێت و خولی بنەڕەتی سەربازیی هەبێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ڕێنماییەکان گۆڕانکاریی بەسەردابێت، ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی پلەبەرزکردنەوە و وەرگرتنی ڕەزامەندیی ڕێزداران وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی ئەرکان دەبێت و لە گفتوگۆی ئەنجوومەنی باڵای وەزارەتدا یەکلادەکرێتەوە.

موقەدەم دڵدار، سەبارەت بە ڕێکارەکانی پلە بەرزکردنەوە ڕوونیکردەوە کە بۆ پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران کۆمەڵێك ڕێکار هەن دەگیرێنەبەر، لەهەر یەکەیەکی سەربازییدا (لیواکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان) فۆرمی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرانی شایستە دەنێردرێن، ئەمەش لە ڕێگەی نووسراوێك کە ئاڕاستەی بەڕێز جێگری سەرۆک ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە دەکرێت، دواتر دادەبەزێت بۆ ئیدارەی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی ئەفسەران، دواتر دەگاتە بەشی پلەبەرزکردنەوە کە فۆرمی پلەبەرزکردنەوە و فەرمانی دواپلەی ئەفسەر و فەرمانی پایە و کۆپی بڕوانامەی سەربازیی و شارستانی و کۆپی ناسنامە لە خۆدەگرێت. دوای وردبینیکردنی زانیارییەکان، دەخرێتە خشتەی شایستەوە، بڕوانامەکان لەلایەن بەشی خۆیەتی هۆبەی ئەرشیف وردبینی دەکرێت و بۆ گواستنەوە و جێگیرکردن دەنێردرێت و پایەی ئەفسەر وردبینی دەکات. کارەکانی تریش لە بەشی پلەبەرزکردنەوە دەکرێت، دوای تەواوکردنی خشتەکان، دۆسییەکان دەخرێتە بەردەستی لیژنەی پلەبەرزکردنەوە بۆ وردبینی کردن، بە نووسراو بۆ ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی هەرێم ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، دیارە لەم بارەیەوە هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان لیواکان و بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئەفسەران، ئەمەش لەڕێگەی نوێنەری یەکەکانەوەیە و هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە.

## فەرماندەیی و کۆنترۆڵ

# یەکێك لە توخمە گرنگەکانی بواری سەربازی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە تەکنیکی و ستراتیژییەکان

● ئامادەکردنی: رائد رەعد مەحمود



فەرماندەیی و کۆنترۆڵ (Command and control) کۆمەڵێک بەرنامە و تەکنیکی نەخشە بۆ کێشراوە بەمەبەستی بەیەکەوە بەستنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان هێزە چەکدارەکان و ناوەندەکانی بڕیاری سەربازی بۆ باشترکردنی تواناو بارودۆخی دامەزراوە سەربازییەکان و گرتنەبەری بڕیاری ستراتیژی و تەکنیکی لە کاتی گونجاودا، هەروەها کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ئۆپەڕاسیۆنی ڕێکخراوە بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆیی و ماددی و زانیارییەکان، بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان، هەر لەم بارەوە بڵاوکراوەی ڕێبەری مەیدانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٠٣) لە ساڵی ١٩٩٩ بەم شێوەیە پێناسەی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی کردووە «پەیڕەوکردنی ئەرکەکانی ئەفسەری فەرماندەییە بەشێوەیەکی دروست بۆ ئەو هێزە دیاریکراوەی فەرماندەیی دەکات بۆ جێبەجێکردنی کردە سەربازییەکان»، هاوکات هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە ساڵی ١٩٨٨ بەم شێوە پێناسەی کردووە «فەرماندەیی و کۆنترۆڵ بەجێهێنانی ئەرکێکی دیاریکراوە بە ئاڕاستەیەکی دروست بۆ سەرچاوە تایبەتمەندەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش».

زۆربەی دامەزراوە سەربازییەکان لە رابردوو و ئێستادا، گرنگیی زۆریان بە توخمەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ داوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی یەکە لاوەکی و سەرەکییەکانی سوپادا بە شێوەیەکی دروست پەیڕەوبکرێن، ئەمەش وا دەکات بڕیارە سەربازییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە وەک خۆی جێبەجێبکرێن و ئامانجە تەکنیکی و ستراتیژییەکان بەشێوەیەکی باش بەدەستبێن.

لەسەر ئەم بابەتە گرنگەی بواری سەربازی، گۆڤاری پێشمەرگە رای ژمارەیەک ئەفسەری باڵا و شارەزای وەرگرتووە. لەم بارەیەوە لیوا روکن یوسف مامک، بەرپرسی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دوا و گوتی: فەرماندەیی و کۆنترۆڵ یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی هونەر و زانستی جەنگ، ئەرکی سەرەکی فەرماندەکان جێبەجێکردنی هونەر و زانستی شەڕە، وا لە فەرماندە دەکات دەسەڵاتی خۆی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بەکاربهێنێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی خۆشگوزەرانی سەربازەکانی لە یەکەکانی ژێر دەسەڵاتی و ئاڕاستەکردنی کردەوەی هێزەکانی و سەپاندنی ئیرادەی خۆی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

42



**لیوا روکن ئیبراهیم سالح عەبدولرەحمان، راوێژکاری باڵای وەزارەتی پێشمەرگە**



**عمید روکن دەوەن مسباح محمد یاریدەدەری بەڕێوەبەری حەرەکات**

بەسەر دوژمندا، بۆ دەستپێکردنی کردار و کاریگەری هاوتاکردنی (مزامنە) توخمەکانی هێزی شەڕکەر بۆ سەرکەوتن و شکستپێهێنانی دوژمن). .هەروەها پێی وایە، فەرماندەیی و کۆنترۆڵ بریتییە لە ئاڕاستەکردن و بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن فەرماندەیەکی دیاریکراو بەسەر هێزێکی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی لە ئەرکدا.

روونیکردەوە: پێوەری سەرەکی بۆ سەرکەوتن ئەوەیە، چۆن لە گەیشتن بە ئامانج بەشداری دەکات، لە کاتێکدا پێوەرەکانی تر لەوانەیە بریتیبن لە تەرخانکردنی هێز بۆ کارەکانی داهاتوو بە بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کارا، ڕێکارەکانی ئاڕاستەکردنی هێزەکان، ئۆپەڕاسیۆنی شەڕ، پشتیوانی ئۆپەڕاسیۆنی شەڕ، خزمەتگوزاریی پشتیوانی پێکدادان، بە واتایەکی تر هێزەکان و هەموو ئەمانە ئامانجی فەرماندەیی و کۆنترۆڵن.

لە درێژەی قسەکانیدا لیوا روکن یوسف تیشکی خستەسەر خودی فەرماندە و ئاماژەی بەوەکرد، فەرماندە ئەو کەسەیە کە فۆکس لەسەر فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دەکات، دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێت و بڕیار دروستدەکات، فەرماندەکان پەیڕەوی دەسەڵاتەکانیان دەکەن و هێزەکان بۆ بنیاتنانی فەرماندەیی و پاڵپشتی پەیوەندییەکان ئاڕاستەدەکەن، بۆیە دەبێت سوود لەسەرچاوەکان وەربگرن و پێویستە ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنن بۆ پلاندانان و بەردەوامی و بەهێزکردنی ئۆپەڕاسیۆنەکان کە بەهۆیانەوە هێزەکان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنەکان، لە هەمانکاتدا فەرماندەیی و کۆنترۆڵ زانیاری بەردەستدەکات بۆ (فەرماندە، دەستەی روکن، هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی) بۆ بەرهەمهێنان و دانانی پلانی ئۆپەڕاسیۆنی هاوبەش، هەروەها پاڵپشتی فەرماندە دەکات بۆ ئاڕاستەکردنی هێزەکان بە ناردنی زانیاری بە ئامانجی جێبەجێکردن.

لیوا روکن ئیبراهیم سالح عەبدولرەحمان، راوێژکاری باڵای وەزارەتی پێشمەرگە پێی وایە، سەرکردایەتی بەشی زۆری هونەرە، واتا بەهرە و بەشێکی کەمی زانستە، بەپێچەوانەی کۆنترۆڵ کە بەشێکی زۆری زانستە و بەشێکی کەمی هونەرە. بەشێوەیەکی گشتی سەرکردایەتیکردن واتا «ئاڕاستەکردن و رابەرایەتیکردنی کۆمەڵێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بە سوودوەرگرتنی باش لە سەرچاوە مرۆیی و ماددی و مەعنەوی و کەش و هەوا و جوگرافیای ناوچەکە و زانیارییەکان»، هاوکات لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەکۆنترۆڵ ناودەبرێ. راوێژکاری وەزارەت ئاماژەی بەوەکرد: سەرکردایەتی دوو جۆری هەیە، یان لەرێگەی بیروباوەڕ و قەناعەتەوە یان بەناچاری و زۆرەملێیە، بەدڵنیاییەوە جۆری یەکەم باشترە، توخمەکانی فەرماندەییکردنیش بریتین لە: دەسەڵاتەکان، دروستکردنی بڕیار و فەرماندەییکردن. سەبارەت بە سوودەکانی کۆنترۆڵ گوتی: هاوکاریی سەرکردایەتی دەکات بۆ (جێبەجێکردنی ئۆپەڕاسیۆنەکان بەپێی ویست و پلانی تەواو) و توخمەکانی کۆنترۆڵیش بریتین لە: زانیاری، گەیاندن و ڕێکخستن. هەر لەم چوارچێوەیەشدا گەیاندن، ئامرازی فەرماندەیە لەجێبەجێکردنی دەستبەجێ و کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆی هێزەکانی، بۆیە پێی وایە گەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لە بەهێزی یان بێهێزی سەرکردایەتیکردن دەبینێت.

عەمید روکن دەوەن مسباح محەممەد یاریدەدەری بەڕێوەبەری حەرەکاتی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە، بەم شێوەیە پێناسەی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دەکات و دەڵێت: فەرماندەیی و کۆنترۆڵ بریتییە لە پەیڕەوکردنی

دەسەڵات و ئاراستەکردنی لەلایەن فەرماندەی سەربازی بەرپرس لە سەر ئەو هێزەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك ڕاسپێردراوە، بۆیە ئەرکەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ڕێگای ڕێکخستنی کەسەکان و کەلوپەلەکان (المعدات) و پەیوەندییەکان و گەیاندن ( الاتصالات ) لەلایەن فەرماندە یان سەرکردە لە کاتی پلاندانان و ئاراستەکردن و هەماهەنگی و کۆنترۆڵکردنی هێز و ئۆپەراسیۆنەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکدا پەیڕەودەکرێت. هەروەها چەند جۆرێکیشی هەیە وەک: فەرماندەیی ئۆتۆکراتی، فەرماندەیی دیموکراتی، فەرماندەیی ئازاد و فەرماندەیی دۆخی.

هاوکات ناوبراو پێی وایە، فەرماندەیی و کۆنترۆڵ چەندین سوودی جیاواز و کاریگەری هەیە و وا دەکات فەرماندە متمانەی زیاتری بەخۆی هەبێت و لە بەهێزکردنی شارەزایی و پەیوەندی و دانوستان هاوکار دەبێت، هەروەها یارمەتی پێوانی کەسایەتی فەرماندە دەدات، بۆیە کارامەیی سەرکردایەتی یارمەتیدەرە لە هەموو لایەنەکانی پیشەکەیدا، هاوکات فەرماندەیی کاریگەر پەیوەستە بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر کە دەتوانرێت لەگەڵ ئاڵنگاری جیاواز بگونجێت. جگە لەمەش سەرکردە کاریگەرەکان داوادەکەن فێرخوازی بەردەوام و کراوەبن بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاری لە جیهاندا.

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی فەرماندەییکردن، بەڕێوەبەری حەرەکات لەسەر ئەو باوەڕەیە، سەرکردەکان بە داهێنانەکانیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بە دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکان و شیکردنەوەی پێویست بۆ پێکهاتەکان و پرۆسەکان، هەروەها ئەو ڕێبازانەی کە دەبنە هۆی چارەسەرێکی کارا جیادەکرێنەوە. هاوکات هەبوونی بیرکردنەوەی کراوە وەک بەشێك لە چارەسەرکردنی کێشە کاریگەرەکان. لەگەڵ ئەوانەشدا، سەرکردەکان دەبێت چەندین کارامەییەکان تێدابێت وەک: پێشکەوتوو بێت و بیروڕای باشی هەبێت، بە لێهاتوویی، سەلیقە، تێڕوانین و حیکمەتەوە بتوانێت شتە گرنگ و ناگرنگەکان لە یەکتر جیابکاتەوە، سەرکردە دەبێت وزە، چالاکی، حەماسەت، زیندوویی، ئارەزووی کارکردن و دەستپێشخەری هەبێت و لە بڕیاردانی بەپەلە متمانەی بە خۆی بێت و هەمیشە بۆ کارکردن ئامادەبێت، چونکە هەموو هۆکارە کاریگەرەکان سەرکردە نین، کاریگەرەکە دەتوانێت بەڕێوەبەری جێگەیەك یان نووسەر یان کەسایەتییەکی ناودار یان سیاسەتمەدارێک بێت، بەڵام سەرکردایەتی لەوە زیاترە و سەرکردەی ڕاستەقینە هێزی کارەکەی بەهێزدەکات بۆ ئەوەی کارەکانیان بە شارەزایانە ئەنجام بدەن و داهاتوویەکی گەش دروست بکات و بنیات بنێت، بەڕۆحی یەك تیم کاردەکات و یەکێکە لە ئەندامەکانی تیمەکە. سەرکردە شوێنی مەبەستی خۆی دیاریدەکات، ئاراستەی کارەکانی بە تیمەکەی دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەرکردایەتیکردن یارمەتی بدەن تا ئامانجەکە بەدیبێت.

لەم ڕوانگانەوە بۆمان دەردەکەوێت فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی بواری سەربازی و بەڕێوەبردنی دامەزراوە و یەکە جیاوازە سەربازییەکان، دەتوانرێت ئەم زانست و هونەرە بەشێوەیەکی زۆرباش سوودی لێ وەربگیرێت و بکرێتە کۆڵەگەیەکی باشی بەڕێوەبردنی ئەرکە سەربازییەکان، بە تایبەتی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە. هەروەها لە پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا گرنگییەکی زۆر بە بەرەوپێشبردنی فەرماندەیی و کۆنـترۆڵ دراوە و لە زۆربەی هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە بە گرنگییەوە تیشکی خراوەتەسەر. ئەمەش وا دەکات لە داهاتوودا بە یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە ژێر سایەی یەک سەرکردایەتیدا، بەشێوەیەکی زۆرباشتر و زانستی و پیشەییانە فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوەند و یەکەسەربازییەکان پەیڕەوبکرێت و هێزێکی خاوەن یەک بڕیار بۆ خزمەتکردنی خەڵک و خاکی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت.

**سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ یەکێك لە توخمە گرنگەکانی هونەر و زانستی سەربازییە و وەزارەتی پێشمەرگە بایەخێکی زۆری بەم بنەمایە داوە**



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# جوق و مۆسیقای سەربازیی ئامرازێك بۆ بەرزكردنەوەی وەرەی پێشمەرگە

**مۆسیقای جەنگ جۆرێکی دیاریکراوی مۆسیقایە کە مەبەست لـێی بەکارهێنانە لە شوێنە تایبەت و سەربازییەکاندا. زۆرێک لە مۆسـیقای سـەربازیی بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوە سەربازییەکانە، وەک بانگەوازی جەنگ و نمایشی سەربازیی، بۆ یاوەریکردنی میوانداریێتی سەرکردەکان لەکاتی پێشوازی پرۆتۆکۆڵی بە لێدانی تەپڵ یان بۆ بۆنە نەتەوەییەکان. مۆسیقا بۆ چەندین سەدەیە لە شەڕدا بەکاردەهێنرێت و ڕێکخستن و دیسپلینی سەربازیی دەچەسپێنێت. هەروەها بۆ هاندانی سەربازەکانە لەکاتی پێویست و مەشـق و ڕاهێناندا یان یارمەتیدەری تابوری سـەربازەکانە لە ڕێکخستنی نمایشی سەربازییدا. لە ئاواز و ڕیتمی سەربازییدا چەند جۆرە ئامێرێک بەکاردێت، لەوانە زەرب و مۆسیقا. هێزی پێشمەرگەش وەک هەر هێزێکی سەربازیی، خاوەنی تیپی جوق و مۆسیقای تایبەت بە خۆیەتی و ڕۆڵی بەرچاویان لە بۆنە جیاوازەکاندا هەیە.**

ئامادەکردنی: هیوا فاتیح



مۆسیقای جەنگ جۆرێکی دیاریکراوی مۆسیقایە کە مەبەست لـێی بەکارهێنانە لە شوێنە تایبەت و سەربازییەکاندا. زۆرێک لە مۆسیقای سەربازیی بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوە سەربازییەکانە، وەک بانگەوازی جەنگ و نمایشی سەربازیی، بۆ یاوەریکردنی میوانداریێتی سەرکردەکان لەکاتی پێشوازی پرۆتۆکۆڵی بە لێدانی تەپڵ یان بۆ بۆنە نەتەوەییەکان. مۆسیقا بۆ چەندین سەدەیە لە شەڕدا بەکاردەهێنرێت و ڕێکخستن و دیسپلینی سەربازیی دەچەسپێنێت. هەروەها بۆ هاندانی سەربازەکانە لەکاتی پێویست و مەشق و ڕاهێناندا یان یارمەتیدەری تابوری سەربازەکانە لە ڕێکخستنی نمایشی سەربازییدا. لە ئاواز و ڕیتمی سەربازییدا چەند جۆرە ئامێرێک بەکاردێت، لەوانە زەرب و مۆسیقا. هێزی پێشمەرگەش وەک هەر هێزێکی سەربازیی، خاوەنی تیپی جوق و مۆسیقای تایبەت بە خۆیەتی و ڕۆڵی بەرچاویان لە بۆنە جیاوازەکاندا هەیە.

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکانی فەسیلی جوق و مۆسیقا لەڕووی سەربازییەوە، عەقید کەمال ڕەشید عەلی فەرماندەی ئینزیباتی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە، تایبەت بۆ گۆڤاری پێشمەرگە گوتی: دامەزراندنی تیپی جوق و مۆسیقا وەک فەسیلێک لەناو هێزی


موقەدەم عەبدولعەزیز یونس ئیسماعیل ئاغا، جێگری فەرماندەی ئینزیباتی سەربازیی


عەقید کەمال ڕەشید عەلی فەرماندەی ئینزیباتی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٧ پێکهێندراوە، دواتر بـــەشێوەیەکی فراونتر لە چوارچێوەی میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەدا، لە ساڵی ٢٠١٠ دووبارە بەهاوبەشی میلاکی تیپەکە وەک فەسیلێک لەناو سریەی مەراسیم میلاکەکەیان دارێژراوەتەوە. میلاکی فەسیلی تیپی جوق و مۆسیقا پێکهاتووە لە (٣٩) ئەندام. کار و ئەرکەکانی تیپی جوق و مۆسیقا بەشداریکردنە لە گشت بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و ڕێورەسمی مۆسیقا بۆ میواندارییکردنی سەرکردەکانی جیهان بە شێوەی پرۆتۆکۆڵی و بەشداریکردن لە بەخاك سپاردنی فەرماندە سەربازییەکان و شەهیدانی پێشمەرگە لەکاتی جەنگدا.

دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی تیپی جوق و مۆسیقا لەناو یەکە سەربازییەکاندا، فەرماندەی ئینزیباتی سەربازیی ئاماژەی بەوە دا، کە سیمای هێزی سەربازیی پێشکەوتوو لە ڕێگەی ڕیتم و مۆسیقاوە ڕێکدەخرێت. عەقید کەمال داوادەکات و بە پێویستی دەزانێت فەسیلی جوق و مۆسیقا میلاکی فراوانتر بکرێت و ئەندامانی تیپەکە زیاد بکرێن، چونکە ساڵانە ئەندامەکانیان بە هۆی هەڵکشانی تەمەنیانەوە خانەنشین دەبن.

دواتر موقەدەم عەبدولعەزیز یونس ئیسماعیل ئاغا، جێگری فەرماندەی ئینزیباتی سەربازیی باسی لە پەیکەری سریەی مەراسیمی کرد و گوتی: سریەکە پێکهاتووە لە فەسیلی جوق و مۆسیقا و فەسیلی پاسەوانی شەرەف.

لەبارەی بەڕێوەچوونی کارەکانی کارگێڕیی فەسیلی جوق و مۆسیقا ڕوونیکردەوە: لەبەرئەوەی فەسیلەکە سەربە فەرماندەییمانن، کاروبارەکانیان، هەر لە دابینکردنی ئامێرە موزیکییەکان و جلوبەرگی سەربازیی و پێداویستییەکانی ترلەلای ئێمەوەیە، هەروەها جێبەجێکردن و ڕاییکردنی کارەکانیان لە ئەستۆی ئێمەدایە، بە هەماهەنگیی لەگەڵ فەرماندە داواکارییەکانیان بۆ سەروی خۆمان بەرزدەکرێنەوە.

جێگری فەرماندەیی ئینزیباتی سەربازیی جەختی لە گرنگی تیپی جوق و مۆسیقا کردەوە لە ناو هێزی پێشمەرگە و گوتی: سەرەتا و دەستپێکی هەر سەربازێك کە دێتە نێو بواری سەربازییەوە لەڕێگەی مۆسیقای سەربازییەوە ئاشنای ڕێکخستن و ڕیتمی ڕۆیشتن دەبێت.

لەسەر پێگە و ڕۆڵی تیپەکە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان گوتی: لە کاتی مەشق و ڕاهێنانی هەر یەکەیەکی سەربازیی لە کۆلێژ و بنکەکانی مەشقدا، هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی فەسیل و یەکە سەربازییەکان، بە پێی ڕیتمی مۆسیقا ڕێکردنی سەربازیی ڕێکدەخرێت، کاتێک فەرماندەی فەسیل بە فەرمانی (لەگەڵ مۆسیقا ئاسایی ڕێکە) دەستدەکرێت بە ڕۆیشتن لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقا، بەم شێوەیە هەر سەربازێك فێری چۆنیەتی ڕۆیشتنی سەربازیی دەبێت بەشێوەیەك لەگەڵ دیسپلینی سەربازیی بگونجێت.

دەربارەی لایەنە هونەرییەکانی تیپی جوق و مۆسیقا، ڕائد سیروان سادق فەرماندەی سریە بەوردی باسی لە گرنگی و مەشق و ڕاهێنانەکانی تیپەکە کرد بۆ خۆ ئامادەکردن لە بۆنە و مەراسیمەکان و ڕایگەیاند: ئێمە وەك تیپی جوق و مۆسیقا ڕۆژانە و بە بەردەوامی مەشق و ڕاهینان لەسەر ئالەتە موزیکییەکان دەکەین، مەشقەکانیشمان بە هەردوو شێوەی تاکەکەسی و کۆ ئەنجام دەدرێت.

ڕائد سیروان زیاتر دواو ئەوەی خستەڕوو،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42



رائد سیروان سادق فەرماندەی سریە

کە ئەندامانی تیپەکەیان دەبێت خاوەن بڕوانامەی یەکێک لە کۆلیژ یان پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان بن یان لانیکەم دەبێت خاوەن ئەزموون یاخود گوێگرێکی باشی مۆسیقا بێت، بۆ ئەوەی لەڕووی زانستییەوە لەبواری مۆسیقای سەربازییدا بتوانن پەرە بە هونەرەکەیان بدەن. فەرماندەی سریە زیاتر دوا و گوتی: مۆسیقا کاریگەریی لەسەر تاك بەتاکی سەربازەکاندا هەیە لەکاتی مەشق و ڕاهێنان و لەکاتی جەنگدا.

هاوکات، بەم شێوەیە لە چەند لایەنێکەوە ئاماژەی بە ڕۆڵی مۆسیقا کرد، ئەوانیش :

## پاڵنەر و مۆڕاڵ

زۆرجارمۆسیقا بۆ بەرزکردنەوەی مۆڕاڵ و پاڵنەری سەربازەکان لە کاتی مەشقکردن یان لە بەرەکانی شەڕدا بەکاردێت. سروود و گۆرانی نیشتمانی ئیلهامبەخشە و دەتوانێت

یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی هەستی یەکڕیزیی و هاوئامانجیی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەدا.

## ناسنامەی کلتووریی

مۆسیقا ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە پاراستن و دەربڕینی ناسنامەی کلتووری گەلی کوردستان، زۆرجار مۆسیقا و سروودی نیشتمانیی و نەتەوەیی دەخرێتە ناو یەکەکانی پێشمەرگە، ئەمەش بۆ پاراستنی پەیوەندیی پێشمەرگە لەگەڵ میراتی کلتوورییان.

پەیوەندیی و ئاماژەدان

لە بارودۆخی شەڕدا دەتوانرێت مۆسیقا وەک فۆرمێک لە پەیوەندیکردن یان ئاماژەدان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەدا بەکاربهێنرێت. تەپڵ لێدان یان مێلۆدی تایبەت، دەتوانێت پەیامی جیاواز بگەیەنێت و جوڵەکان هەماهەنگ بکات، یان سەربازەکان لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراو ئاگاداربکاتەوە.

## شەڕی دەروونی

چەندین سەدەیە مۆسیقا وەک ئامرازێکی دەروونی لە شەڕدا بەکاردەهێنرێت. لە هەندێک بارودۆخی شەڕدا، پێشمەرگە بۆ ترساندنی دوژمنان، یان داماڵینی ورەی دوژمن، موزیک بەکاردەهێنێت.

رائد سیروان سادق ئاماژەی بەو بۆنانە کرد کە بەشێوەیەکی فەرمی تێیدا ئامادەدەبن و ڕوونیکردەوە: ئەو بۆنانەی کە بەشداریی تێدا دەکەن بریتیین لە: ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی ئاڵا، یادی ئەنفال، ڕێوڕەسمی پێشوازیی لە سەرکردەی وڵاتان و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی سەرکردە و شەهیدەکان. هەر بۆنەیەکیش جۆرێکی تایبەت لە ڕیتم و ئاواز بەکاردێت، بە تایبەتمەندی یەکپۆشی بۆ هەر بۆنەیەك ڕەنگێکی تایبەت دەپۆشرێت. گوتیشی: بەخۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم، ئێمە باشترین تیپی جوق و مۆسیقای سەربازیین لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ڕێوڕەسمەکان لە ئاستێکی بەرزدا بەڕێوەدەبەین، جگە لە ڕێوڕەسمەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە، زۆرجار ئەرکی ڕێوڕەسمە حکومییەکانی تریش لە ئەستۆدەگرین، لە ١٠ مانگی سەرەتایی ئەم ساڵەوە تاوەکو ئێستا لە (٢٣) ڕێوڕەسمی جۆراوجۆردا بەشداربووین.

رائد سیروان ئەوەشی خستەڕوو: هەموو ئەو ئامێرە موزیکیانەی لە تیپەکەماندا بەکاردەهێنرێن، ئامێری ڕیتمی و هەوایی و فوودارن. لێرەدا گرنگە باسی چەند جۆرێک لە ئامێرە موزیکییەکان بکەم، لەبەر ئەوەی ئامێری بێشومار بەکارهێنراوە لە سەرانسەری جیهاندا، هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە بەکارهێنانی ئامێرەکانیاندا، لێرەدا هەندێ لە ئامێرە باو و ناسراوەکان دەخەینەڕوو: تەپڵ لێدان کە ریتمی ئاوازەکان دادەنێت. گیتار، ئامێری تار کە بە پەنجە یان پیک دەژەنرێت کە بە زۆری شەش تار لە خۆدەگرێت. فلوت؛ ئامێرێکی هەواییە کە بە فڕێدانی هەوا بەسەر کونێکدا دەنگ بەرهەم دەهێنێت. شمشاڵ؛ ئامێرێکی مسە کە بە زەقکردنەوەی لێوەکان دەژەنرێت. کۆمەڵە تەپڵ؛ سەمپڵێکە کە بە لێدانیان بە دار یان دەست دەژەنرێت. ساکسیۆفۆن؛ ئامێرێکی هەواییە بە شێوەیەکی گشتی لە مس دروستدەکرێت. کلارنێت؛ ئامێرێکی هەواییە و بۆڕی ستوونی هەیە، هەروەها ترۆمبۆن، لەو ئامێرانەن کە بەکاردەهێندرێن.

# بنكەی مەشقی پیادەی سلێمانی... گۆڕەپانێك بۆ راهێنانی هێزەكانی پێشمەرگە

ئامادەكردنی: شنروێ ئەحمەد

**بنكەی مەشقی پیادەی سلێمانی لە ٢٠١٠/٣/٣٠ بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە ٧٢٧ كراوەتەوە، یەكێكە لە بنكە گەورەكانی مەشق كە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگەیە، لە توانایدایە لە یەككاتدا ١٠٠٠ سەرباز راهێنانی تێدا بكەن. جێگەی مانەوەی ٥٠٠ سەربازی هەیە. لەم بنكەیەدا چەندین جۆر مەشق و راهێنان بە هێزەكانی پێشمەرگە دەكرێت و راژەی بنكەكە لە ٢٩ ئەفسەر و ١٧٣ پێشمەرگەیە. جگە لە مەشق و راهێنانەكان، بنكەیەكی مەشقی تەندروستی هەیە كە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دروستكراوە كە خولەكانی راهێنانی فریاگوزاریی سەرەتایی لێ ئەنجامدەدرێت.**



**عقید محمد كریم**




**عەمید یاسین جەلال محەمەد ئەمین**

عەمید یاسین جەلال محەممەد ئەمین، فەرماندەی بنكەی مەشقی پیادەی سلێمانی بۆ بە گۆڤاری پێشمەرگەی رایگەیاند، بنكەی مەشقی پیادەی سلێمانی یەكێكە لەو ٣ بنكە مەشقەی وەزارەتی پێشمەرگە كە تایبەتە بە راهێنانی هێزەكانی سەر بە وەزاتی پێشمەرگە. لەم بنكەیەدا چەندین جۆر مەشق و راهێنان دەكرێت و وەك هەموو بنكەكانی عێراق سیستەمی بەریتانی جێبەجێ دەكرێت. ئەو خولانەی لێرە دەكرێنەوە، خۆی لە مەشقی بنەڕەتی، مەشقی پێشكەوتوو، مەشقی چەك، خولی ئەندازەی سەربازیی، خولی مامۆستایانی مەشق بە هەموو جۆرەكانییەوە، خولی كۆماندۆ و خولی ئیسناد و چەندین جۆر خولی تر دەبینێتەوە. بەشی هەرەزۆری خولەكان لەلایەن مامۆستایانی بنكەكەمانەوە ئەنجامدەدرێن، هەروەها هەندیك خولی تایبەت هەن، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقی سەربازییەوە مامۆستای بۆ دادەنرێت، ئێمە تەنها جێگای گونجاویان بۆ دابین دەكەین، هەندێك جار بە سوپاسەوە هێزەكانی پشتیوانی بۆ وتنەوەی وانەكان دوو مامۆستامان بۆ دەنێرن.

فەرماندەی بنكەی مەشقی پیادەی سلێمانی هاوكارییەكانی هاوپەیمانان بۆ بنكەكەیان بەرزدەنرخێنێت، ئاماژەی دا بەوەی، هاوپەیمانان بەشێكی زۆر لە پێداویستییەكانی مەشقی بۆ دابینكردوون، وەك چەك و فیشەك بۆ مەشقی تەقەكردن، لەگەڵ كردنەوەی بنكەیەكی تەندروستی بۆ خولی پزیشكی. روونیكردەوە: تا ئێستا هاوپەیمانان چەندین خولی راهێنانیان بۆ مامۆستاكانمان كردووەتەوە كە مەبەست لێی ئاشنا بوونیان بووە بە زانستی سەربازیی و چەكە نوێیەكان.

عەمید یاسین باسی گرفتەكانی كرد و رایگەیاند: بنكەكەمان لەڕووی بیناوە بۆ بنكەی مەشق دروستنەكراوە، بینای كۆنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku


هاوبەش عەبدوڵلا ئیسماعیل


عەقید پشتیوان عەتا محەممەد

زیندانی گەورەی سلێمانییە و کراوە بە بنکەی مەشق. کۆنی و دیزاینی بیناکە گرفتی گەورەی بۆ دروستکردووین، چەندینجار داواکاریمان بۆ دروستکردنی بینایەکی نوێ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بەرزکردووەتەوە، چەند جارێك دەرخستەی بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بنکەکە رووبەری زەوییەکەی شیاوە بۆ ئەوەی بینایەکی گونجاوی مەشقکردنی تێدا دروستبکرێت. کەمی میلاك و نەبوونی بودجەی خولەکان لەکاتی خۆیدا یەکێکیترە لە گرفتەکان، هیوادارین ئەوەشیان بۆ چارەسەر بکرێت.

هاوکات، عەقید ئاسۆ کەریم، جێگری فەرماندەی بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی باسی لەوە کرد کە وێڕای پێداویستییەکانی بنکەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە کەمی میلاك کە بەپێی خشتەی روکنی وەزارەت ٩ ئەفسەر و ٤٣ پێشمەرگەمان پێویستە، لەگەڵ نەبوونی بودجەی پێویست لەکاتی خۆیدا و نەگونجانی بیانەکەمان بۆ مەشقکردن. لە ساڵی ٢٠٢٣دا توانیومانە ٢٩ خولی مەشق و راهێنانی جۆراوجۆر بۆ هێزە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بکەینەوە، ئەمە جگە لە پێنج خولی تایبەت بە فریاگوزاریی تەندروستی لە سەنگەردا. داواکارین وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی، ئەو کەمی ملاکەمان بۆ پربکاتەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا عەقید ئاسۆ ئاماژەی بەوە کرد، لە ناو بنکەکەدا تەواو پیشەییانە کارمان کردووە و سەرجەم کارمەند و ئەفسەرەکان وەك هێزێکی نیشتیمانی ئەرکەکانی خۆیان رادەپەڕێنن.

لەلایەکی دیکەوە، عەقید پشتیوان عەتا محەممەد، یاریدەدەری بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی گوتی، ئەرکەکانی ئەم بنکەیە گرنگیدانە بە بەرزکردنەوەی ئاستی جەستەیی و نەزەری هێزەکانی پێشمەرگە. ئەفسەر و کارمەندەکانی ئەم بنکەیە زۆر لێنەبڕاوانە ئەرکەکانی خۆیان رادەپەڕێنن. ئاماژەی بەوەش دا، هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناو بنکەکەماندا بنکەیەکی تەندروستیان بە تەواوی پێداویستییەکانییەوە بۆ راهێنانی فریاگوزاریی پزیشکی دروست کردووە، لەگەڵ چەند رۆبۆتێکی پێشکەوتوو کە






تایبەتە بە ڕاهێنانی کرداری و لە خولەکاندا سوودیان لێ وەردەگیرێت. ئەو بنکە مەشقییە لە ساڵی ٢٠٢٣ کراوەتەوە و پێنج خولی ڕاهێنانی جۆراوجۆری تێدا بەڕێوەدەچێت.

موقەدەم هاوبەش عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ئەفسەری ڕوکنی مەشق لە بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی ڕایگەیاند: ساڵانە بەپێی پلانێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقی سەربازیی، خولەکان و پرۆگرامی مەشقەکە دیاری دەکرێت، ئێمەش وەك بنکەی مەشق سەرجەم خولەکان کە لە بڵاوکراوەی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقی سەربازیی بۆمان دیاری کراوە، لە کاتی خۆیدا و وەك خۆی جێبەجێی دەکەین. لەگەڵ ئەوانەش، جگە لە خولەکانی بڵاوکراوەی ساڵانە، چەندین خولی تایبەتمان هەیە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقی سەربازییەوە بۆمان دەنێردرێت. ئاماژەی بەوەش کرد، ساڵانە مەشق و ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن بە مامۆستاکانی خۆمان دەکەین و هەر مامۆستایەك ئاستی دابەزیبێت، دەیانخەینە سەر بەشەکانی دیکە.

موقەدەم بنار بەهادین مستەفا فەرماندەی باڵی مەشق لە بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی، لە درێژە ڕێپۆرتاژەکەماندا پێی ڕاگەیاندین کە لە بنکەی مەشقی سلێمانی هەفتەی پێنج ڕۆژ لە یەك شەممە تا پێنج شەممە مەشق دەکرێت. ڕۆژانە لە کاتژمێر ٦:١٥ خولەکی بەیانی مەشق دەستپێدەکات و تا ١٢:٥٥ خولەکی نیوەڕۆ لە ناو گۆڕەپانی مەشق دەمێنینەوە. ئەو پێشمەرگە و ئەفسەرانەی لەکاتی مەشقدا شەوان لە بنکەکەمان دەمێننەوە سێ ژەم خواردنیان بۆ دابیندەکرێت. هاوکات جێگای مانەوە و ساردکەرەوە یان گەرمکەرەوەیان بۆ دابینکراوە. ئەوانەشی شەوانە دەڕۆنەوە، دوو ژەمە خواردنیان پێشکەش دەکرێت. فەرماندەی باڵی مەشق ئاماژەی بەوەش کرد، لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆی بەشداربووان لە خولەکاندا ٣٨٥٤ ئەفسەر و پێشمەرگە بوون، کە خۆی لە ٩ خولی مەشقی پێشکەوتوو، حەوت خولی ئەسناد، حەوت خولی ئەفسەران، چوار خولی بنەڕەتی هەواڵگری، یەك خولی کۆماندۆ، لە گەڵ پێنج خولی تەندروستی دەبینێتەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سەربازییەوە کراونەتەوە.

**هاوپەیمانان چەندین خولی ڕاهێنانیان بۆ مامۆستاکانمان کردۆتەوە کە مەبەست لێی ئاشنابوونیان بووە بە زانستی سەربازیی و چەکە نوێیەکان**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

## تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی ECL

# دەرفەتێکی گرنگ بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی

ئامادەکردنی: گۆڤاری پێشمەرگە

**تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی (ECL – Englsih Comprehension Level) بە واتای ئاستی تێگەیشتنی زمانی ئینگلیزی دێت، یەکێکە لە تاقیکردنەوە پرۆفیشناڵەکانی زمانی ئینگلیزی تایبەت بەو قوتابییە سەربازانەی کە لەسەرانسەری وڵاتاندا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەشداری کۆرس و ڕاهێنانە سەربازییەکان دەکەن، هەروەها لە زیاتر لە (١١٠) وڵات بڕواپێکراوە و بەکاردەهێنرێت، لەلایەن پەیمانگای بەرگری زمانی ئینگلیزی (DLIELC)ی ئەمریکی بەڕێوەدەبردرێت، وەزارەتی پێشمەرگەش وەک پێکهاتەیەکی سەربازیی، گرنگی بەم بوارە داوەو لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە تا ئێستا ئەم تاقیکردنەوەیەی تێدا ئەنجام دەدەرێت و چەندین ئەفسەر و پێشمەرگە بەشدارییان تێداکردووە و لەرێگەی بە دەستهێنانی کۆنمرەی پێویست توانیویانە لە خول و ڕاهێنانە سەربازییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تر بەشداری بکەن.**





عمید سەعدوڵلا رەمەزان عەزیز بەرپرسی سەنتەری زمانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە

بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر، گۆڤاری پێشمەرگە چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی (عەقید/ سەعدوڵلا رەمەزان عەزیز) بەرپرسی سەنتەری زمانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە کرد بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بخرێتە بەردەستی ئارەزوومەندانی ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە. لەم بارەیەوە ناوبراو گوتی: سەرەتای گەڵاڵەبوونی ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٢). مانگانە ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجامدراوە و لە نێوان (٢٠ – ٢٥) ئەفسەر و پێشمەرگە بەشداردەبن و شوێنی تایبەتی بۆ دیارکراوە و لەلایەن کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت و سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکارەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەن، تەنانەت بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان لە وڵاتانی تری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ژمارەیەکی بەرچاوی ئەفسەر و پێشمەرگە بەشدارییان تێداکردووە، بەڵام تەنها لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام نەدرا. ناوبراو ڕاشیگەیاند، گرنگییەکەی لەوە خۆی دەبینێتەوە کە ئەم تاقیکردنەوەیە بووەتە هۆی دیارکردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی بەشداربووان و بەشداریکردن لە چەندین خولی جۆراو لە وڵاتانی دەرەوەو بەرزبوونەوەی ئاستی ئەفسەران و کارمەندان لە بوارە سەربازییە جیاجیاکان.




سەبارەت بە تاقیکردنەوەی (ECL) و چۆنیەتی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکە، بەرپرسی سەنتەری زمان ئاماژەی بەوەدا، پێوستە بەشداربوو سەرەتایەکی لە زمانی ئینگلیزی هەبێت، یاخود ئاستی لە زمانی ئینگلیزی بە گوێرەی پێویست بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت نمرەی باش بە دەستبهێنێت، هەروەها گوتی: فۆرمی ئەم تاقیکردنەوەیە پێکهاتووە لە (١٠٠) پرسیار، کە (٦٦) پرسیاری (Listening)ە، واتە گوێگرتن و (٣٤) پرسیاریشی تایبەتە بە (Grammar) ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی، دوای دەرچوون و هێنانی نمرەی پێویست، ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ ماوەی (٣) مانگ کاری پێ دەکرێت، واتە لە ماوەی ئەو (٣) مانگە ئەگەر هەر خولێک هەبێت لە دەرەوەی وڵات و بە گوێرەی تایبەتمەندی ئەو یەکەیە و کۆنمرەی داواکراوبێت بۆ خولەکە، بەشداربوو دەتوانێت بەشداریی خولەکان بکات لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەگەر (٣) مانگ بەسەر تاقیکردنەوەکە تێپەڕێت، دەبێت دووبارە ناوی خۆی لە سەنتەری زمان تۆماربکاتەوە و تاقیکردنەوەکە ئەنجام بداتەوە، مەرجی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەکە، بەدەستهێنانی کۆنمرەی (٥٥) بەسەرەوەیە، تا چەند نمرەکەی باشتربێت هەلی بەشداربوونی لە خولەکان زیاتر دەبێت، هاوکات لە کاتی ڕاگەیاندنی خولەکانی دەرەوەی وڵات، نمرەی پێویست دیاردەکرێت لەگەڵ گونجاندن بۆ شوێنی ئەرک و بەرپرسیارییەتەکەی، هەروەها سەرجەم ئەو خولانەی کە لەلایەن هاوپەیمانان دەدەرێت بە وەزارەتی پێشمەرگە، پێویستە بۆ گشت کاندیدەکان ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدرێت و نمرەی پێویست بە دەستبهێنن، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی نابێت، دواتریش سەرجەم داتاکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە سەنتەری زمان تۆمار و ئەرشیف دەکرێن.

سەبارەت بە هەوڵەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی ئینگلیزی ئەفسەر و کارمەندان، عەقید سەعدوڵڵا ڕوونیکردەوە: ئێمە لە سەنتەری زمانی ئینگلیزی بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ناوخۆ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ناوەندە ئەکادیمییەکان، هەوڵمانداوە زۆرترین خولی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرجەم ئاستەکان بکەینەوە، بۆیە بەردەوام خولی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر دەکەینەوە و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەفسەر و پێشمەرگە بەشداری تێدادەکەن، ئەمەش بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە بتوانن بەشداریی لە تاقیکردنەوەی (ECL)دا بکەن و کۆنمرەی پێویست بەدەستبهێننن تا لە زۆرترین خولەکانی مەشق و ڕاهێنان لە دەرەوەی وڵات بەشداری بکەن، ئەوەشی خستەڕوو کە لە ئێستادا خەریکن تاقیکردنەوە و

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



42

خولەکانی زمانی ئینگلیزی لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای دهۆک و سلێمانی بەڕێوەببەن، بۆ ئەوەی ئەفسەر و پێشمەرگەکانی ئەم ناوچانەش سوودمەندبن، ئەمەش یەکێکی ترە لە هەوڵەکانی سەنتەری زمانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بە هاوکاری و پاڵپشتی وەزارەتی پیشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکان.

سەبارەت بە رێکارەکانی بەشداربوون لە خولەکانی مەشق لە دەرەوەی وڵات، بەرپرسی سەنتەری زمان ئاماژەی بەوە دا، دوای بەدەستهێنانی نمرەی پێویست، داتاکان تۆماردەکرێن و لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی، پاڵێوراو دیاردەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکە سەربازی و کارگێڕییەکان. لە کاتی ئەنجامدانی سەرجەم تاقیکردنەوەکانی (ECL) بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی ئاگاداردەکرێتەوە و نمرەی بەشداربووانی سەرکەوتوویان بۆ رەوانە دەکرێت، پێوستە ئەو ئەفسەر یاخود پێشمەرگەیەی خولەکەی ئەنجامداوە، راپۆرتێکی تێروتەسەل ئامادەبکات لەسەر مەشق و راهێنان و ئەو زانستەی کە وەریگرتووە، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە زانست و زانیارییەکان و رەنگدانەوەی بەسەر یەکە سەربازییەکان.

لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا پێشکەوتنەکان زۆر خێران و کاریگەرییان لەسەر کۆی کایەکانی ژیان دروستکردووە، بۆ ئەوەی لەم پێشکەوتنانە دانەبڕێیت و تێگەیشتنت بۆیان هەبێت، بەلایەنی کەمەوە پێویستت بەوە دەبێت شارەزاییت لە زمانە جیهانییەکان هەبێت بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی کە لە ئێستادا بووەتە پێویستییەکی گرنگ، لە هەمانکاتدا پێشکەوتن لە بواری سەربازییش گەیشتووەتە خاڵی لوتکە و زانست و تەکنەلۆژیای سەربازی تا رادەیەکی زۆر هاوسەنگیی هێز لە نێوان رکابەرەکان یەکلایی دەکاتەوە، وەزارەتی پێشمەرگەش وەک دامەزراوەیەکی سەربازیی گرنگ، کە ئەرکی پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم هەڕەشە و مەترسییەکانە، بەردەوام هەوڵی داوە ئەندامەکانی لە بواری زانستی نوێی سەربازی و سەردەمیانە پڕچەک بکات، لەم روانگەیەوە، چەندین هەوڵی جیاوازی داوە، کە یەکێکیان گرنگیدانە بە فێربوونی زمانە جیهانییەکان لە نێویشیاندا زمانی ئینگلیزی، بۆیە لە رێگای سەنتەری زمانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، بەردەوام خولی فێربوون دەکاتەوە و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەفسەر و پێشمەرگە بەشداریی تێدادەکەن و کاریگەریی باشی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زمان هەبووە. ئەمەش بووەتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی وەزارەت بتوانن بەشداریی تاقیکردنەوەکانی زمانی ئینگلیزی وەک (ECL) بکەن و لەم رێگەیەوە، بە مەبەستی بەشداربوون لە خولەکانی مەشق و راهێنان و وەرگرتنی زانستی نوێی سەربازی و هاوتەریبوون لەگەڵ پێشکەوتنەکانی گلۆبالیزم، رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن. دواتریش پەیڕەوکردنی ئەو زانستە سەربازییانە لە یەکە مەیدانی و کارگێڕییەکان، کە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی و کاریگەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت سوپایەکی پێشکەوتوو و دامەزراو بە زانستی سەربازی و سەردەمیانە دروست ببێت.

42

## بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گرێبەستەکان

# ڕۆڵ و کاریگەریی لە پێشخستن و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا

ئامادەکردنی: بێستون ڕەشید

**بەڕێوبەرایەتی گشـتی گرێبەسـتەکان یەکێکە لە بەڕێوبەرایەتییە گرنگ و کاریگەرەکانی وەزارەتی پێشـمەرگە و بە کۆڵەگەیەکی گرنگی سەربازیی دادەنرێت، چونکە ئەرکی ئەم بەڕێوبەرایەتییە ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی کاروبارەکانی ڕۆژانەی هێزی پێشـمەرگەوە هەیە و لە ڕێکخسـتنی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لە ڕێگەی دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییە سەربازییەکان ڕۆڵ و کاریگەری هەیە.**



مقدم خالید ئەحمەد محمد



عمید محمد علی حسێن



عمید باوەڕ بەختیار شفیق

لەبارەی دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و ئەرکەکانیان، عەمیدی ئەندازیار، باوەڕ بەختیار شەفیق ئاغا، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی گرێبەستەکان بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گرێبەستەکان و کڕیاری و چەکدارکردن و کەلوپەل هێنان لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، پێکهاتووە لە دوو بەڕێوەبەرایەتی: یەکەمیان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان و فرۆشیارییە، دووەمیان بەڕێوەبەرایەتی کڕیاری و چەکدارکردن و کەلوپەل هێنانە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە جەنابی وەزیری پێشمەرگەوە هەیە لەڕووی ئیش و کارەکاندا، بەڵام لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ئەمینداریەتی گشتییە.

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەست و فرۆشیاریی ئەرکی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی گرێبەستە بە پێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان، هەروەها فرۆشتنی کەلوپەلە لەکارکەوتووەکانە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بە پێی ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی پلاندانان کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان. ئەم ڕێنماییە تایبەتە بە ئەنجامدانی گرێبەستەکان، گرێبەستی کڕین بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەر شتێک کە پەیوەست بێت بە کڕینەوە لە پێداویستییەکانی سەربازیی پێشمەرگە لەڕووی چەکدارکردن و دابینکردنی کەلوپەلەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەست و فرۆشیارییە، بڕی گوژمەی ئەو گرێبەستانەی ئەنجام دەدرێن، بە پێی ڕێنماییەکان دەبێت، لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر بێت، کەمتر لەو بڕە، لیژنەی کڕین لە وەزارەت ئەنجامی دەدات.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی کڕیاری و چەکدارکردن و کەلوپەل هێنان، عەمید باوەڕ بەختیار شەفیق، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی گرێبەستەکان ئاماژەی بەوەدا، ئەرکی، ئامادەکردنی ئامار و پلاندانان و دیاریکردنی پێداویستییە لە چەک و تەقەمەنی بۆ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یەکەکانی سەربازیی وەزارەت و وەرگرتنی پێداویستی یەکەکان بە گوێرەی پێویست، هاوکات ئامادەکردنی خشتە و لیستی دابەشکردنی هەموو پێداویستییەکان و سەرژمێریکردنیانە.

لەبارەی قۆناغەکانی تەندەرلێدان، عەمید سەبارەت بە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان، جێگری بەڕێوەبەر روونیکردەوە: لە ئێستادا لە رێگەی چەند لیژنەیەکی تایبەتەوە دوای تێپەڕبوونی بەشی لێکۆڵینەوە و پاشان لە رێگەی کێبڕکێی ڕاستەوخۆ و ئاشکراوە گرێبەست لە نوێنەری زۆرینەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە (هەواڵگریی، ژمێریاریی، یاسایی و گرێبەستەکان) ئەوەی کە پەیوەندیدارە لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی کە بەشدارە لە لیژنەی کردنەوەدا، ئێمە ئەو ڕۆژە دەستنیشان دەکەین، بۆ

## لەرێگەی چەند لیژنەیەکی تایبەتەوە، دوای تێپەڕبوونی بە بەشی لێکۆڵینەوە، دواتر لە رێگەی کێبرکێی ڕاستەوخۆ و ئاشکراوە، گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای براوە ئەنجام دەدرێت

باوەڕ روونی کردەوە: ئێمە حەوت جۆر گرێبەستمان هەیە، بە پێی ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ هەر یەکێکیشیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، لەوەی چۆن دەتوانرێت ئەو گرێبەستە ئەنجام بدرێن. زۆربەی گرێبەستەکان کە ئەنجام دەدرێن، دەبێت بەشێوازی کراوەبێت، واتە ئەمڕۆ داوای سووتەمەنی دەکرێت، بۆ نموونە: بە پێی ڕێنمایی ئەماژەپێکراوی سەرەوە دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە سێ رۆژنامەی فەرمی بڵاوی بکرێتەوە، ماوەی ئاگادارکردنەوەکە ١٤ رۆژە، هەر کۆمپانیایەک ویستی داواکاری پێشکەش بکات، دەتوانێت بەشداربێت، بەشێکی تایبەتی گرێبەستمان هەیە، ئەویش بەشی فرۆشتنی تەندەرە و بڕەپارەیەک لە کۆمپانیا وەردەگیرێت کە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکەیە.

لەگەڵ کۆمپانیای براوە ئەنجام دەدرێت، مەرجیشمان بۆ کۆمپانیای براوە ئەوەیە کە باکگراوندی پاک بێت و پێشینەی خراپی نەبێت و لەگەڵ مەرجەکانی گرێبەستەکە بگونجێت. دواتر ئێمە بەشێکمان هەیە بەناوی بەشی فرۆشتن لە گرێبەستدا، ئەو بەشە وردبینی لە پەڕاوەکانی ئەو کۆمپانیایە دەکات کە تۆمارکراوە، پێویستە باجی دەرامەت و پاکانەی خۆی بێنێت، ئەگەر گرێبەستەکە بۆ سووتەمەنی بێت، دەبێت کۆمپانیای بازرگانی گشتی وەریبگرێت، ئەگەر بۆ پڕۆژەی بیناسازی بێت، پێویستە کۆمپانیای تایبەتمەند بێت، ئەگەر بۆ جلوبەرگ بێت، پێویستە کۆمپانیای بازرگانی گشتی گرێبەستەکە وەرگرێت، پاشان لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەردا، لیژنەیەکی (٩) کەسیمان هەیە کە بریتیین ئەوەی پڕۆسەکە بە روونی بەڕێوەبچێت، تا ڕۆژی کردنەوەی تەندەر هیچ پەڕاوێک لە کۆمپانیا وەرناگرین.

لەبارەی گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکان، عەمید باوەڕ رایگەیاند: زۆربەی گرێبەستەکانمان لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆییە، ڕۆژی کردنەوەی تەندەر مەرجێک هەیە، ئەویش ئەوەیە بەلای کەمەوە سێ کۆمپانیا ئامادەبن، کەمتر لە سێ کۆمپانیا ئامادەبێت، خستنەڕووەکە دووبارە دەکەینەوە. هاوکات، سەرۆکی لیژنەکە نابێت پلەی لە عەمید کەمتربێت و نوێنەری چاودێری داراییش ئەندامی لیژنەکەیە. پاشان زەرفەکان یەک بە یەک لەبەردەم کۆمپانیاکان دەکرێنەوە و بۆیان دەخوێندرێتەوە، بۆ نموونە دەڵێن: کۆمپانیای فڵان تۆ ئەو گوژمەیەت داناوە

بۆ ئەم بابەتە، فەرموو واژووی بکە، هەر کۆمپانیایەک دەزانێت گوژمەکەی چەندە کە داینلوە و لەبەردەم لیژنەکە دەخرێتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە کارەکان شەفاف بێت، چونکە ئەو زەرفەی کە دەکرێتە ناو سندوقەوە دەبێت مۆری کۆمپانیای لەگەڵ بێت و فەرمانی وەزیری جێبەجێکردن دەردەکات، چونکە دەسەڵاتی گرێبەست لەلای وەزیری پێشمەرگەیە.

لەبارەی مەرجەکانیان بۆ کۆمپانیای براوە لە وەرگرتنی تەندەر، جێگری بەڕێوەبەر گوتی: مەرجەکانمان زۆر قورسە. زۆر کۆمپانیا سووتەمەنی دەهێنێت، دەبێت ٢٤ کاتژمێر لە ناو تانکەر دانەبەزێ، بۆ ئەوەی نموونەیەکی لێ وەربگرین، بزانین هەمان ئەو ئۆکتانەیە کە داوامان کردووە یاخود فێڵی تێداکراوە. یەکێک لە مەرجەکانی دیکە دیاریان کردووە، ئەوەیە یەک ئۆتۆمبێلی وەزارەتی پێشمەرگە

## ئەوەی گرنگە لامان، کەمکردنەوەی ڕۆتینە، چونکە گرێبەست لە داواکاری هەر کۆمپانیایەك تا دەگاتە لای ئێمە ڕۆتینێکی زۆری هەیە، ئێمە توانیومانە ئەو پرۆژەیە لە ٢٢ خاڵەوە بکەین بە ١١ خاڵ و ڕۆتین کەمبکەینەوە

داخرابێت و جگە لە لیژنەکە کەس نەیکاتەوە. دواتر لیژنە ڕاپۆرتی خۆی ئامادە دەکات و رایدەگەیەنێت کە چەند کۆمپانیا بەشدارییان لەم تەندەرە کردووە و پەڕاوەکانیشیان هێناوە. ئەو لیژنەیە پەڕاوەکە دەنێرێت بۆ لیژنەی شیکردنەوەی تەندەر. ئەو لیژنەیە گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە و دەبێت پسپۆڕبن لەو بوارەی تەندەرەکەی بۆ کراوە، چونکە لیژنەی شیکردنەوە زۆر وردبینانە کارەکانیان رایبیدەکەن. ئەو کاتە لیژنەی شیکردنەوە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ڕاپۆرتەکان دەکات. ئێمە بە پێی ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ کاردەکەین، بەمەش پێویستە ئەنجامدانی گرێبەست بە پێی کوالێتی باش و کەمترین ماوەی جێبەجێکردن بێت، لیژنەی شیکردنەوە ڕاپۆرت و پێشنیازی خۆی بۆ جەنابی وەزیری پێشمەرگە بەرزدەکاتەوە، وەزیر خۆی هەیە، دەڵێت ئەو مەرجانەی ئێوە داتاناوە هیچ کەسێک دایناناوە، چونکە ئێمە مەبەستمانە شتەکان بە کوالێتییەکی زۆرباش بگاتە دەستمان، لەبەر ئەوەی ئازووقە بێت بۆ پێشمەرگەیە، ئەوانیش باوک و کوڕ و برای خۆمانن لەو سەنگەرانەن، ئەگەر ئازووقەی کوالێتی باش دابین نەکەین، ئەوا دەبێتە گوناهێکی گەورە لەسەرمان، دەبێت ماوەی بەسەرچووی کەرەستەکان لە هەشت مانگ کەمتر نەبێت و ئەو پێداویستییانەی کە دێن مەرجمان بۆ کۆمپانیا داناوە و پشکنینی بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە پشکنین دەرچووە، ئەگەر کێشەی نەبێت بە نووسراو ئاگادار دەکرێینەوە کە شایەنی بەکارهێنانە، ئەمە نموونەیەک بوو لە ئازووقە. جلوبەرگ بە هەمان شێوە، هەروەها سووتەمەنی، یەکێک لەو مەرجەی دامانناوە، دەڵێین ئەو کۆمپانیای لەماوەی یەک هەفتە بە هۆی ئەو بەنزینەوە پەکی بکەوێت، کۆمپانیا ناچارە لەسەری ئەو ئۆتۆمبێلە چاک بکاتەوە و بەپێی ڕێنماییەکان پێی دەبژێردرێتەوە .

جێگری بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی تاکلایەنەی گرێبەست گوتی: ئێمە ناتوانین تاکلایەنە گرێبەست هەڵوەشێنینەوە، سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەست بەڕێز وەزیری پێشمەرگەیە، ئەو گرێبەستانە دوای ئەوەی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕدەبن، ئینجا ئەنجامدەدرێن، کاتێک گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەک هەڵدەوەشێنرێتەوە کە نەتوانێت وەکو پێویست خاڵەکانی جێبەجێی بکات، ئێمە ئەو کاتە تەنها سزای دەدەین، دەبێت پێبژاردنەکەی بدات، بەڵام هەڵوەشاندنەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. لە بارەی پلانیان بۆ فراوانکردن و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ەوپێشبردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، جێگری بەڕێوبەر زیاتردوا و گوتی: ئێمە پڕۆژەیەکی گەورەمان لە چاکسازی هەبوو، نزیکەی دوو مانگ کارمان لەسەر ئەو پڕۆژەیە دەکرد، پاشان دراوەتە ئەنجوومەنی بەرگریی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەربدەن. ئەوەی لامان گرنگە، کەمکردنەوەی ڕۆتینە، چونکە گرێبەست لە داواکاری هەر کۆمپانیایەک تا دەگاتە دەستی ئێمە ڕۆتینێکی زۆری هەیە، ئێمە توانیومانە ئەو پرۆژەیە لە ٢٢ خاڵەوە بکەین بە ١١خاڵ و ڕۆتین کەمبکەینەوە و بەپێی پرۆژەکەی خۆمان بڕۆین.

لە کۆتایی وتەکانیدا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی گرێبەستەکان باسی لەوە کرد، کە پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە و بۆ ستافی باڵای وەزارەت نێردراوە، هیواداریین ڕەزامەندیی لەسەر وەرگیرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوازێکی ڕێکوپێک گرێبەستەکان ئەنجام بدەین، چونکە ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان پەیوەستین بە چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکەوە. کاتێک گرێبەست دەکەین، دەبێت فەرمانگەی یاسایی پەسەندی بکات و پاشان وەزیری پێشمەرگە واژۆی بکات و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاریی سەربازیی) پارەدارمان بکات و پاشان بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان بچێتە میرەی گشتی بۆ وەرگرتن و پشکنین.

لەبارەی کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی چەکدارکردن وکەلوپەل هێنان، عەمید محەممەد عەلی حسێن بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی: بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە، لە هەردوو بەشی چەکدارکردن و کەلوپەل هێنان (تسلیح و تجهیز) پێکهاتووە، ئەرکەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەستە بە چەک و تەقەمەنییەکان وهەموو کەلوپەلی لیوا و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەڵام تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکەمان وەك پێویست چالاك نەکراوەو ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانمان رادەست نەکراوە.

موقەدەم خالید ئەحمەد محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشیاری سەبارەت بە بەڕێوبەرایەتییەکەیان گوتی: ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان و چەکدارکردن یەکێکین لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی سەربە ئەمینداریيەتی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەرکاندا هەیە. لەسەرەتای دروستبوونی، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەرکی قورسی لەسەر شان بووە، بەڵام ئەو کاتە بارودۆخی دارایی حکومەت جۆرێکی تر بوو، حکومەت ساڵانە لە چوارچێوەی بودجەدا ئەو پلانەی دادەنرا، کاری لەسەر دەکرا و تاکۆتایی ساڵ بوو، بەڵام ئێستا بە هۆی نەبوونی بودجەوە یەکێک لە کێشە گەورەکانی گرێبەستکردن نەبوونی گوژمەی تەرخانکراوە، ئێمە لەبەر ئەوەی ئێستا بودجەمان نییە، کار لەسەر خەرجییە فیعلییەکانی ساڵی رابردوو دەکەین. ئێمە ناتوانین پلانی گرێبەستەکان بە شێوەیەکی دروست دابنێین. لەدیوێکی ترەوە، کاری

# دەبێت ماوەی بەسەرچوونی کەرەستەکان لە هەشت مانگ کەمتر نەبێت و لەکوالیتی کۆنترۆڵیش دەرچووبێت

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان ئیش و کارێکی تەواو یاساییە، چەند لە دیوە مادییەکەی گرنگە، ئەوەندە رووە یاساییەکەشی گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەم بڕگانە لەوانەیە لە داهاتوو ببنە کێشە کاتێک لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک چەند مەرجێک دادەنێیت و لەوانەیە هەندێک جار لەشێوازی داواکردن و لەو ماوەییەی بۆ دیاری کراوە و لەجۆری کوالێتییەکەشی بە هەمان شێوە گرفت دروست ببێت. هەندێ کات لە کۆتایی ماوەی گرێبەستەکە پێویستت بە گۆڕانکارییەک هەیە لە شێوازی ئەو پێویستیانەی کە داوات کردووە، بۆیە پێویستی بەوە هەیە زۆرجار کێشە گەورەکانی

# کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان لەسەر بنەمای یاسایی بەڕێوەدەچێت و ئەرکەکانمان کۆمەڵگەیەکی گرنگی سەربازییە

گرێبەست لە ڕێگای دادگاوە چارەسەربکرێت.

ڕوونیکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دوو بەش پێکهاتووە (گرێبەستەکان و فرۆشیاریی). بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستکردن ئەرکی ئەوەیە، هەر داواکارییەک بە فەرمانی وەزاری و بە پێی بودجەی تەرخانکراو بگاتە دەستیان، ئەوان بانگەواز بکەن بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە تایبەتمەندن بە بواری دابینکردنی جۆرێکی ئەو کاڵایەی کە وەزارەت داوای دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی ڕێوشوێنی ئامادەکردنی تەندەر.

لەبەشی فرۆشیارییدا، ئەرکەکان ئەوەیە کە تەندەرەکان بە کۆمپانیاکان بفرۆشن بەو مەرجانەی کە هەیە، چونکە هەندێ جار پێویستیان بە کۆمپانیای تایبەتمەند هەیە، واتە هەموو کۆمپانیایەک ناتوانێت لە هەموو گرێبەستێک بەشداری بکات، بۆ نموونە: هەندێ جار پێداویستییەکانی پزیشکی دابیندەکەین، پێویستە ئەو کۆمپانیانە تایبەتمەندبن، کۆمپانیای سووتەمەنی پێویستە لەکاتی بواری سووتەمەنیدا بەشداری بکات.

لە باسی کێشەکانیان ڕوونیکردەوە: یەکێک لەکێشە و گرفتی گرێبەست لەئێستادا، نەبوونی بودجەیە، چونکە بەردەوام پلانی گرێبەستکردن لە چوارچێوەی بودجەدا دیاریدەکرێت، ئەوکاتە هەموو ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتی پێشمەرگە هەیەتی چ لە دابینکردن و چ لە دروستکردندا، پێویستە لە بەرنامەی ساڵانەدا هەبێت و لە ڕێگەی گرێبەستەکانەوە ڕێکاری پێویستی بۆ بگیرێتەبەر، ئەمەش بەپێی ئەو تەرخانکراوەی کە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەیە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە، لە

کاری گرێبەست ڕۆتینێکی زۆرمان هەیە، هەر لەسەرەتای تەخمینکردنەوە تا دەگاتە ئیمە، پێویستی بەماوە هەیە، واتە لەکاتی ڕاگەیاندنی گرێبەستێکدا کە بانگەشەی بۆ دەکرێت، ئەو بانگەشەکردنە پێویستە (١٥) ڕۆژ چاوەڕێ بکرێت تا ئەو کۆمپانیانە دێن، لە دواییدا دەتوانرێت دەست بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بکرێت، بۆیە زۆرجار ئەمە بووە بە کێشەیەکی سەرەکی، ناتوانێ هەموو شتێک لەکات و ساتی خۆیدا بۆ وەزارەت دابینبکرێت، لەبەر ئەوەی گرێبەستکردن بە پێی یاسا پێویستی بەو ماوەیە هەیە کە ناتوانرێت و لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەپێی ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ کە لە پەرلەمان دەرچووە، واتە ئەوانە کێشەی یاساییین، بەڵام سەبارەت بە شێوازەکانی گرێبەست، چەند شێوازێکمان هەیە دەتوانین کاری لەسەر بکەین، ئەویش لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن کە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە، دیاریکردنی شێوازی گرێبەست کردنەکە دیارییکات، شێوازی ڕاستەوخۆمان هەیە، شێوازی ئۆفەری نرخەکانمان هەیە، کەمگەری سنووردارمان هەیە، بەپێی ئەو شێوازە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کارەکانی خۆی دەکات. چەند ساڵێکە بەهۆی ئەوەی حکومەت لە قەیرانی دارایی دایە، ئێمە ناتوانین لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان ئەرکەکانمان وەکو خۆی جێبەجێ بکەین. بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی کە ئێستا هەیە و ئەو تیمە چاکسازییەی لە حکومەتی هەرێم دەستبەکاربوون، ئەم کارانە دەگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی یاسایی خۆیان، بەپێی یاسا، ئەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکەین.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

## لە کاروانی شەهیداندا

# شەهیدی فەرماندە لیوا سەڵاح دیلمانی

## ئەفسەرێکی لێهاتوو فەرماندەیەکی مەیدانی



ئامادەکردنی: حەسەن شێخ وەسانی

**کورد مێژوویەکی دێرینی لە خەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادی و سەربەستی خاکدا هەیە و لە گشت شۆڕشەکانی کورددا، هەمیشە هێزی پێشمەرگە بۆ ئازادی کوردستان و پاراستنی خاک و نیشتمانی خۆی خەباتی کردووە و قوربانیی داوە.**

شەهید سەڵاح دیلمانی یەکێکە لەو شەهیدانەی کە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لێبڕاوانە کەوتە قۆناغی بەرگریکردن لە دۆزی ڕەوای گەلەکەی و لەم پێناوەشدا خوێنی ئاڵی خۆی تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی کوردستان کرد و گیانی خۆی بەختکرد. شەهیدی فەرماندەی بە ئامانجی «ئێرە خاکی کوردستانە و من کوردم مافی خۆمە بڕیار لە چارەنووسی خۆم بدەم»، کەوتە قۆناغی بەرگری لە دۆزی نەتەوەکەی.

شەهید هەمیشە بە گیانی پێشمەرگانە و گیانفیداییی بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمنی کرد و پلنگئاسا بۆ دەرکردن و وەدەرنانی دووژمانی کورد هێرشی برد. هەر لە تەمەنێکی کەم بووەتە پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی ئازا و چاو نەترس بووە. سەڵاح ئیبراهیم محەممەد ئەمین، ناسراو بەسەڵاح دیلمانی، لە سالی ١٩٦٣ لە گوندی دیلمانی سەربە شارەدێی قەسرێ لە دەڤەری باڵەکایەتی لە دایک بوو. لە ساڵی (١٩٧٦) بۆ ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ باوک، دایک و دوو برای دەستگیرکران و تاوەکو ساڵی (١٩٧٧) لە زیندان ماوەتەوە بە هۆکاری ئەوەی برایەکی لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە بووە، دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەڤەری باڵەکایەتی و بناری قەندیل دەکات و دەبێتە پێشمەرگە. هەموو پلە سەربازییەکانی بەلێهاتوویی خۆی بڕی. دواپلەی لە ژیانی پێشمەرگەیاتی لیوا بوو. هەر لەو ماوەیەشدا، چوار جار بریندار بووە، بەشداریی دەیان داستان و نەبەردی کەم وێنەی کردووە.

کاتێک شەڕی تیرۆریستانی داعش بەسەر کوردستاندا سەپا و دواتر پەرچەکردار و بەرگریی دەستیپێکرد، یەكێك لەو فەرماندانەی پێشمەرگە کە ڕۆڵی قارەمانانەی لە پتەوکردنی هێڵی بەرگری و دواتریش هێرشی پێچەوانە بۆ دەرکردنی تیرۆریستان گێڕا، فەرماندەی دیار شەهید لیوا سەڵاح دیلمانی بوو وەك فەرماندەی لیوای (١١٨)ی باڵەک و جێگری میحوەر کە لە سەرجەم میحوەرەکانی جەلەولا و سەعدیە، قەرەتەپە، کەرکووک، مەلا عەبدوڵڵا، تەلوەرد، مەکتەب خالید، داقوق بەشداری کرد، ڕۆڵێکی گەورەی لە شکستپێهێنانی تیرۆریستاندا هەبوو.

لەهەموو رووبەڕووبوونەوەکانی تیرۆریستانی داعشدا لە پێشەوەی سەنگەرەکان بووە و ڕۆڵی گەورەی لە نەبەردییەکانی سنووری کەرکووك جەلەولا و قەرەتەپە هەبووە و لەهەر کاتێکیشدا مەترسی لەسەر شاری کەرکووك دروست بووبێ، شەهیدی فەرماندە ئامادەی سەنگەر بووە، بەڵام سەد حەیف و مخابن، ڕۆژی ١٢-٠٥-٢٠١٥ لە ناوچەی عەتشانە، لیوا سەڵاح دیلمانی فەرماندەی لیوای ١١٨ی باڵەک، لەگەڵ ئەفسەرێک و پێشمەرگەیەک لەکاتی سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا، بە تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو شەهیدبوون و گەیشتنە کاروانی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان. شەهید لەدوای خۆی پێنج کوڕ و ٢ کچی بە ناوەکانی هێرش، شێرزاد، مەجید، سەنگەر، سەرباز، مژدە و باجوان بە یادگاریی بۆ کورد و کوردستان جێهێشتوون.

شەهید سەڵاح دیلمانی جگە لەوەی فەرماندەیەکی ئازا بوو، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویست لە ناو خەڵك و پێشمەرگەشدا بوو. دیلمانی لە ساڵی (٢٠١٣) بۆ بەجیهێنانی ئەرکە ئایینییەکەی سەردانی ماڵی خوای کردبوو.

هەزاران درووd و سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە سەڵاح دیلمانی و هاوڕێیانی بێت کە بەعەشقەوە، بەرگرییان لە خاک و ئاوی کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلەکەیان کرد. بۆ هەمیشە یاد و یادەوریان هەرمان بێت.

42

# پێشمەرگەیەکی بریندار... چیرۆکێك لە ئازایەتی و کۆڵنەدان

ئامادەکردنی: رائد تاریق فەریق

**زۆرن ئەوانەی لە پێناو پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان زۆر بە لەخۆ بوردووانە و بەبێ گوێدانە بەربەست و مەترسییەکان، گیانی خۆیان کردووەتە قەڵغان و شۆڕش و بزاڤە رزگاریخوازەکان، زۆر بە سەختی برینداربوون و لەمەرگ گەڕاونەتەوە.**

لە شەڕی نەگریسی تیرۆریستانی داعشیشدا، ئەو رۆڵە قارەمانانە بە هەمان روحیەتی ئەوانەی پێش خۆیان بە گیانی پێشمەرگایەتی و کوردانەوە، لە سەنگەرەکانی بەرگریدا جەنگان و رێگەیان لە بیری داگیرکاری و تاریکی گرت و بوونە ئەفسانەی تێکشکاندنی تیرۆریستان و جێگای شانازیی گەلی کوردستان و جیهان. لەم پێناوەشدا بە هەزاران پێشمەرگە لە سنگەرەکانی بەرگریدا برینداربوون و هەندێکیان بەشێکی جەستەیان لە دەستدا و ئێستا وەک شەهیدێکی زیندوو بە هەمان باوەڕەوە لە ژیاندان. سەرەڕای ئەو سەختیانەی لە ژیانی رۆژانەیان دوچاری دەبنەوە کە وەک مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانن بژین، بەڵام سەربەرزن لە ناو کۆمەڵگەدا و جێگای شانازین بۆ هەموولایەک. لەم بارەوە گۆڤاری پێشمەرگە لەم ژمارەیەیدا یەکێک لەو قارەمانانە بەسەردەکاتەوە کە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەسەختی برینداربووە.

جێگر ئەفسەری پلە نایاب، ئاوات عومەر خدر، لە دایکبووی ١٩٨١ لە گوندی بۆڵ قامیش لە ناوچەی ئاغجەلەر لە دایک بووە، لەساڵی ١٩٩٧ دەبێت بە پێشمەرگە لە فەرماندەیی سلێمانی-کەرکوك و لە بەتالیۆنی ٢ی هێزی ٧٩ی شەهیدی فەرماندە ملازم سەید کەریم درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، تاکو ساڵی ٢٠١١ بەردەوام دەبێت. لەدوای پێکهێنانی لیوای ٢ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، دەگوازرێتەوە بۆ فەوجی ٣ی لیوای ٢ی پیادە و تاکو ساڵی ٢٠١٤درێژە بەخەبات و پێشمەرگایەتی دەدات. لە سەرەتای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە، ناوبراو ڕۆڵی قارەمانانە لە شەڕی دژ بە داعش لە میحورەکانی مەلاعەبدوڵلا و میحوەری ٤ و ٥ی پێشمەرگە دەگێڕێت. ناوبراو لە شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٥ لە بەرگریکردنێکی قارەمانانەی بێوێنەدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لە ناحیەی مەلاعەبدوڵلا بریندارەدەبێت و دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە، خۆشبەختانە برینەکەی چاك دەبێت و لە پاش چەند هەفتەیەك دەگەڕێتەوە بۆ سەنگەری پێشمەرگایەتی. دواجار دەگوازرێتەوە بۆ بارەگای لیوای ٢ی پیادەی کەرکوك و لەهێرشێکی تری تیرۆریستانی داعش بۆ سەر بیرەنەوتەکانی بای حەسەن و ئەلبوخرج لە دبس لە میحوەری ٥ی هێزی پێشمەرگە لە رۆژی ٣٠ی ئایاری ٢٠١٧، ناوبراو بۆ جاری دووەم بە سەختی بریندار دەبێت و گورچیلەیەکی لەدەستدەدات، جگە لەوەی لە چەند بەشێکی جەستەی پلاتینی بۆ دادەنرێت، بەو هۆیەوە ناتوانێت لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بەردەوام بێت و دەبێتە کەمئەندامی سەنگەر.





hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# بەهاو هێزو ئامانج

ئامادەکردنی: بەختیار مەهدی

بۆ ئێمەی نەتەوەی کوردو گشت کوردستانیانی نیشتیمانپەروەر پێشمەرگە ڕەمزێکی بەهاداروو پڕ شانازییە، چونکە ساڵەهایە فیداکارانە بوەتە سەرەڕمی بەرگریکردن لە گەل و خاکەکەمان و لەپێناو ئازادی و ژیانێکی سەرفرازانەدا گیان و ژیانی خۆی کردۆتە قوربانی. پێشمەرگە بەهۆی باوەڕو ئامانجەکەی و ئەو گیانبازییەی نواندویەتی هەرگیز تەنها وەک هێزێکی ئاسایی چەکدارو بەرگریکار نەبووە، بەڵکو هەر وەك ئاژانسی بەناوبانگی جیهانی (بی.بی.سی) بەریتانی لە مانگی ٢٠١٤/٨ پرۆفایلێکی تایبەتی لەسەر پێشمەرگە بڵاوکردەوەو تیایدا نوسیبوی: (ناسنامەی پێشمەرگە بەشێکی سەرەکیە لە ڕۆشنبیریی کوردی). ئەم ڕاستیانە پێمان دەڵێت: پێشمەرگە ئاوێتەی بەها کەلتورییەکانی جڤاکی کوردستان بووە بوەتە ئیلهامی باوەڕبەخۆبوون و ئومێدی تاکەکانی ئەم نیشتیمانە. ئەم شوناسەی پێشمەرگە گەیشتۆتە ئاستی بە سیمبول بوونێکی نیشتیمانی لە کۆمەڵگای فرە ڕەنگی کوردستاندا، چونکە پێشمەرگە پارێزەری بوون و چارەنوسی هەرەشەلێکراوی گەلەکەی بووەو بەبێ جیاوازی بۆ ئازادی و سەرفرازی خاک و گشت خەڵکی کوردستان تێکۆشاوە.

پێشمەرگە زادەی مەزڵومیەتی گەلەکەی و داگیرکراوی خاکەکەیەتی، لە ڕابردوودا خاوەن شەرعیەتی ئازادیخوازیە، هەنوکەش شوناسی دەستوری و یاسایی هەیە. ئەمڕۆ لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستانیش، بەتایبەتی دوای بەرەنگاری و سەرکەوتنە جوامێرانەییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی پڕ چەک و خوێنڕێژی داعشدا، ئەم قوناغە بوە وێستگەیەکی وەرچەرخێنەرو تۆمارێکی جیهانی لە دەرخستن و تۆخکردنەوەی پێگەی مێژوویی پێشمەرگەی کوردستاندا. ئەمڕۆ لە سەدەی بیستویەکدا پێشمەرگە بە باکگراوندێکی ئازادیخوازی بەرهەمدارەوە بوەتە هێزێکی باوەڕپێکراو و بە ئازایەتی و خۆڕاگرییەکەی زومی وڵاتانی دنیای لەسەر خۆی ڕاگرتو وەک پاڵەوانی بەرگریکردن لە بەها مرۆڤایەتیەکانی ئازادی و پێکەوەژیان و بەرقەراریی ئاسایش باسی کرا.



لە شەڕی داعشدا بینیمان لە جیهاندا شانازی بە پێشمەرگەوە دەکرا و لەلایەن وڵاتانی گەورەی دنیاو بەتایبەتی وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش پێشمەرگە بە تاکە هێزی ئازاو ئازادی پارێز لە ناوچەکەو پارێزەری ئاسایشی جیهان دادەنرا، چەندین جاریش باس لەوەکراوە دەکرا کە لە داهاتوودا وەک هێزێکی ئاشتیپارێز لە جیهاندا سوود لە پێشمەرگە وەربگیرێت.

لەلایەکی تریش سەرۆك و گەورە بەرپرسانی وڵاتان و ناوەندە سیاسی و سەربازییەکان زۆرجار خۆیان هەواڵی بەرگری و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگەیان ڕاگەیاندووە سەرباری ئەوەش میدیا بەناوبانگەکانی جیهان بەردەوام و بە گرنگیەوە هەواڵ و ڕاپۆرتیان لەسەر ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بڵاوکردۆتەوە.

ئەم وەرچەرخانە لە خەبات و ڕۆڵ و پێگەی پێشمەرگەدا تەنها ئەم هێزەی نەبردۆتە سەر شانۆی جیهان و تەنها لەڕووی سەربازیەوە بەرهەمدار نەبووە، بەڵکو دەسکەوتێکیش بوو بۆ پرسی کوردو بە تایبەت قەوارەی باشووری کوردستانی زیاتر بە جیهان ناساند.

لە ئێستادا پێویستە جەخت لەسەر گرنگی پێشمەرگە بۆ ئەمڕۆ داهاتووی نەتەوەکەمان بکەینەوەو بە بایەخپێدان و پلانی پراکتیکیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاستیە بکەین کە، تا زەمەن بەرەو پێش بڕوات ڕۆڵ و کاریگەری پێشمەرگە بۆ کورد و تەنانەت پرسی دیموکراتی و پێکەوەژیان لەناوچەکەدا بەهێزترو پێویستر دەبێت. ئەم ڕاستیەش دەخوازێ پرۆسەی چاکسازی بگەیەنرێتە ئەنجام و کاراتر بین بۆ یەکخستن و باشترکردنی ڕەوشی ئیدارەدان و پێشقەبردنی زیاتری ئەم هێزە ئەزمونداەرەی کە ساڵەهایە قەڵغانی ناسنامەو سەرەورییەکانی ئەم نەتەوەیەو خاکەکەیەتی و ئەمرۆش لە هەموو کات زیاتر بووەتە زەمانەتێک بۆ ژیان و چارەنوسی نەتەوەو قەوارەکەمان.




# هۆشیاری بنەمایەك بۆ شوناسی هێزی سەربازی

**بەشی دووەم**

ئامادەکردنی/ن.ض.د.م/ هاوکار محەممەد

**هۆشیاری مانای زانین و زانیارییە، لە ڕێگەی هەستەکانت، بیرکردنەوەکانت، تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرت، وەک بینین، بیستن، دەستلێدان، تامکردن و بۆنکردن. هۆشیاربوون ئاماژەیە کە تاکەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان و پێشهاتەکاندا خۆیان دەگونجێنن. هەروەها هۆشیاری دەتوانێت مانای ئەوە بێت، کە زانیاری یان تێگەیشتن لە بابەتێک، بارودۆخێک یان چەمکێکی دیاریکراو هەبێت. لە بنەڕەتدا هۆشیاری دەکرێت ببێتە هۆی بڕیاردانێکی باشتر، هاوسۆزی، باشترکردنی خود و کرداری بەرپرسیارتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.**

## کاریگەرە دەروونییەکان لەسەر ئەرکی فەرمی سەربازی

دەروونناسیی سەربازی بوارێکی تایبەتمەندە کە گرنگی بە تێگەیشتن لەو هۆکارە دەروونیانە دەدات کە کاریگەرییان لەسەر کارمەندانی سەربازی و ئەدای کارکردنیان و خۆشگوزەرانییان هەیە. لایەنی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، دەکرێت کاریگەریی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەبێت. لێرەدا چەند کاریگەرییەکی سەرەکیی دەروونناسی سەربازی دەخەینەڕوو:

١- کاردانەوەکانی بەرەنگاربوونەوەی فشار: دەروونناسە سەربازییەکان لە کاردانەوەکانی فشاری شەڕ دەکۆڵنەوە و چارەسەریان دەکەن، کە بە شێوەیەکی گشتی بە فشاری شەڕکردن یان ماندوویێتی شەڕ ناسراوە. ئەم کاردانەوەیانە دەتوانن نیشانەکانی وەک دڵەڕاوکێ، ترس و تێکچوونی فشاری دوای کارەسات (PTSD) لە ئەنجامی بەرکەوتن بە بارودۆخی شەڕکردن لەخۆبگرن.

**٢- خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوە:** دەروونناسانی سەربازی کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی خۆڕاگری و میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی کارمەندانی سەربازی. ڕاهێنان و دەستوەردانەکان ئامانجیان یارمەتیدانی تاکەکانە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی فشار، ناخۆشی و زەبر.

**٣- باشکردنی ئەدای کارکردن:** دەروونناسی سەربازی هەوڵدەدات ئەدای کارمەندانی سەربازی باشتر بکات، چ لە مەشق و چ لە دۆخی شەڕدا. ئەمەش بریتییە لە بەرزکردنەوەی بڕیاردان، کاری تیمی، سەرکردایەتیکردن و تواناکانی مەعریفی.

**٤- دامەزراندن و هەڵبژاردن:** هەڵسەنگاندنی دەروونی لە دامەزراندن و هەڵبژاردنی کارمەندانی سەربازیدا بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە بە باشی گونجاون بۆ داواکاری و بەرپرسیارێتییەکانی خزمەتکردنی سەربازی.

**٥- پشتیوانی تەندروستیی دەروونی:** دەروونناسە سەربازییەکان پشتگیری و چارەسەری تەندروستیی دەروونی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، (PTSD ) وخزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری پێشکەش دەکەن بۆ یارمەتیدانی کارمەندان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیانە دەروونییەکانی خزمەتکردنی سەربازی.

**٦- گەشەپێدانی سەرکردایەتی:** دەروونناسە سەربازییەکان هاوکارن لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی سەرکردایەتی، یارمەتی ئەفسەر و ئەفسەرانی ناڕازی دەدەن، بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەی کاریگەر کە بتوانن ئیلهامبەخش بن و ڕێنمایی تیمەکانیان بکەن.

**٧- ڕاوێژکاری خێزان:** پەیوەندیی دەروونناسە سەربازییەکان پشتگیری لە خێزانە سەربازییەکان دەکەن، چارەسەری ئەو تەحەدایە ناوازانە دەدۆزنەوە، کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

**٨- ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان:** دەروونناسە سەربازییەکان کاردەکەن بۆ ڕێگریکردن لە کێشەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، لەنێو کارمەندانی سەربازیدا و پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ ئەوانەی لەگەڵ ئالوودەبووندا دەجەنگن.

**٩- ڕێگریکردن لە خۆکوشتن:** چارەسەرکردنی تەندروستیی دەروونی و خۆشگوزەرانی کارمەندانی سەربازی زۆر گرنگە لە هەوڵەکانی خۆپاراستن لە خۆکوشتن، چونکە دانیشتووی سەربازی دەتوانن مەترسی زیاتریان لەسەر بێت بۆ خۆکوشتن. گرنگە بزانین کە دەروونناسی سەربازی بوارێکی فرەلایەنەیە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ـە باس لە تەندروستیی دەروونی و خۆشگوزەرانی و ئەدای کارمەندانی سەربازی دەکات. لە کاتێکدا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەڕووی بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردن و پێشکەشکردنی پشتیوانی، هەروەها مامەڵە لەگەڵ ئەو تەحەدایە دەروونی و فشارانە دەکات، کە خزمەتکردنی سەربازی دەتوانرێت بیهێنێتە ئاراوە. گرنگیدانێکی ورد بە تەندروستیی دەروونی کارمەندانی سەربازی زۆر گرنگە بۆ ئامادەیی گشتی و خۆشگوزەرانی دوای خزمەتکردنیان.

## پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەری لەسەر هۆشیاریی سەربازی

تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ڕێگای جۆراوجۆر لەسەر هۆشیاریی سەربازی، بەهێزکردنی توانای هێزە چەکدارەکان بۆ کۆکردنەوە و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی زانیاری هەبووە. ئەمەی خوارەوە چەند ڕێگایەکە کە تەکنەلۆژیا کاریگەریی لەسەر هۆشیاریی سەربازی هەیە:

**١- چاودێریکردن و گەڕان:** تەکنەلۆژیای مۆدێرن وەک مانگی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەستەوەرە پێشکەوتووەکان شۆڕشی لە توانای سوپادا کردووە بۆ چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی چالاکییەکانی دوژمن و هەڕەشە شیاوەکان و بوارە گرنگەکانی جێی بایەخ. ئەمەش دەبێتە هۆی هۆشیاری لە کاتی ڕاستەقینەدا لەسەر زەوی، لە دەریا و لە ئاسماندا.

**٢- کۆکردنەوەی زانیاری:** شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی پێشکەوتوو، لەوانە زیرەکی ئاماژەکان (SIGINT) ، زیرەکی مرۆڤ (HUMINT) و زیرەکی سەرچاوە کراوە (OSINT) لەلایەن تەکنەلۆژیاوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزکراون. ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردن، سیخوڕی ئەلیکترۆنی و چاودێریکردنی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوەی گرنگی زانیاری بۆ هەواڵگریی سەربازی.

**٣- شیکردنەوەی جوگرافیایی:** سیستەمی زانیاریی جوگرافی (GIS) و تەکنەلۆژیای نەخشەکێشان تێگەیشتنێکی ورد لە زەوی و ژێرخان و تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی تر دابین دەکەن. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە پلاندانانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دیاریکردنی شوێنی شایانی بۆردوومانکردن و شیکردنەوەی هەڕەشە شیاوەکان لە ناوچە جوگرافییە دیاریکراوەکان.

**٤- هەواڵگری ئەلیکترۆنی:** لە سەردەمی مۆدێرندا، بۆشایی ئەلیکترۆنی بوارێکی گرنگە بۆ هۆشیاریی سەربازی. هەواڵگری ئەلیکترۆنی بریتییە لە چاودێریکردن و شیکردنەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و هێرشەکان و ئەو لاوازییانەی کە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان یان ئاسایشی نیشتمانی هەبێت. توانای جەنگی ئەلیکترۆنی، توانای هێرشکردن و بەرگریکردنی لەم بوارەدا هەیە.

**٥- داتای گەورە و شیکردنەوە:** سوپا بڕێکی زۆر لە زانیاری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە بەرهەم دەهێنێت، لەوانە هەستەوەرەکان، تۆڕەکانی پەیوەندی و ڕاپۆرتی هەواڵگری. ئامراز و تەکنیکە پێشکەوتووەکانی شیکردنەوەی داتا کە ڕێگە بە پرۆسەکردنی خێرای ئەم داتایە دەدەن بۆ دەرهێنانی تێڕوانین و ئاراستە و شێوازەکانی کارپێکراو کە بەشداران لە هۆشیاریی بارودۆخ.

**٦- پەیوەندی و هاوبەشیکردنی زانیاری:** تەکنەلۆژیا توانای پەیوەندییەکی پارێزراو و خێرا لە نێوان یەکە سەربازییەکاندا دەدات، کە توانای هاوبەشکردنی زانیاریی گرنگیان لە کاتی ڕاستەقینەدا هەیە. ئەمەش، پەیوەندی و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان لقە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکان بەهێزتر دەکات.

**٧- شیکردنەوەی پێشبینیکراو:** فێربوونی ئامێر و ئەلگۆریتمی زیرەکی دەستکرد دەتوانن داتای مێژوویی شیبکاتەوە بۆ پێشبینیکردنی هەڕەشەی شاراوە و هەڵسوکەوتی دوژمن، ئەمەش یارمەتی فەرماندە سەربازییەکان دەدات لە بڕیاردانی ئاگادار.

**٨- هەستکردنی دوور:** تەکنەلۆژیای هەستکردن لە دوورەوە، لەوانە مانگی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV) ، زانیاریی بەنرخ دابین دەکەن، لەسەر بارودۆخی ژینگەیی و شێوازی کەشوهەوا و جووڵەی دوژمن، لەو ناوچانەی کە لەوانەیە بۆ سەربازەکان نەگات یان مەترسیدار بن.

**٩- سیستەمی فەرمان و کۆنترۆڵ:** سیستەمی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی یەکخراو تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنێت بۆ بەڕێوەبردن و هەماهەنگیکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان. ئەم سیستەمانە توانای شوێنکەوتنی کاتی ڕاستەقینەی هێزە دۆستەکان و تەرخانکردنی سەرچاوەکان و ڕێکخستنی ستراتیژییەتەکان لەسەر بنەمای گۆڕانی بارودۆخەکان دەدات.

**١٠- لاساییکردنەوە و ڕاهێنان:** تەکنەلۆژیای لاساییکردنەوەی پێشکەوتوو، ڕێگە بە کارمەندانی سەربازی دەدات، لەسەر تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی ڕاهێنان بکەن، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی کارامەیی بڕیاردان، تاقیکردنەوەی ستراتیژییەکان و باشترکردنی هۆشیاریی بارودۆخەکە بەبێ مەترسی جەستەیی.

لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە تێبینی ئەوە بکەین سەرەڕای لایەنی ئەرێنی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرچاو، ئاستی هۆشیاریی سەربازی بەرزدەکاتەوە، بەڵام لایەنی نەرێنی هەیە، وەک هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و لاوازییە شیاوەکان لە سیستەمەکاندا دەهێنێت، هەروەها کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە جەنگدا و هاوسەنگکردنی سوودەکانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ ئەم کێشانەدا ڕەچاوکردنی بەردەوامە بۆ هێزە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

### • سەرچاوەکان: بەزمانی کوردی

• وەزارەتی پێشمەرگە هۆبەی مەشق، کوراسەی بنەماکانی هەڵسوکەوتی عەسکەری، چ١، ٢٠٠٨.
• ملازمی دوو هێمن قادر، ڕوشنبیری سەربازی، شیکردنەوەی چەند بابەتێکی سەربازی.
• لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، دەروونناسیی سەربازی
• وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، کوراسەی فێرکردنی جوولەکانی نمایش و پاسەوان بۆ هەموو ڕشتەکان، ٢٠٠٧.
• بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی، کوراسەی ڕابەرایەتی و سازدانی پەل و دەستەی پیادە لە ئاشتی و جەنگدا،چ١، ٢٠١٩.
کتێب
• ئەبووبەکر علی، جەنگی دەروونی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، ١٩٩٧.
• ئومێد رفیق فتاح و زانا تۆفیق کاکەامین، تیۆری جەنگی ڕەوا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا "لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٢٠٢٠.
• سون تزو، هونەری جەنگ، و: ڕەوف حەسەن، چاپخانەی ژیار.
• نیکۆلا ماکیا ڤیللی، میر، و: ساڵح یوسف سۆفی، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠١١.
• بەهرۆز عزت محی الدین، دەروازەیەك بۆ بنەماکانی جەنگ زانستی سەربازیی، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٨.

### بە زمانی عەرەبی

• دورة التوجيه المعنوي – كراسة الطلاب ، الموضوع: العمليات المعنوية ضمن عمليات التأثير – نظرة عامة
• كلية الاركان، كراسه واجبات الاركان للقوات المسلحة، طبعهة الثانية، ٢٠٠٥١.

### بەزمانی ئینگلیزی

• By Vice Admiral Arthur K. Cebrowski, U.S. Navy, and John J. Garstka, Network-Centric Warfare: Its Origin and Future, Proceedings, January 1998.
• HACKER, B. C. 1994. Military Institutions, Weapons, and Social Change: Toward a New History of Military Technology. Technology and Culture, 35, 768-834.
• Carl von Clausewitz, One War, published by the University Press, 1976.



# وره

# روحی سوپا و چارەنوسی نیشتمان

عەمیدی مافپەروەر محەممەد سدیق



42

**وره (مۆڕال – روح معنوية)، واتا توانای مرۆڤ یان گروپێک بۆ پاراستنی بیروباوەڕ و داکۆکیکردن لە بەهاو سیستەمی فیکری و رەفتاریی تاك، دامەزراوەیەک یان ئامانجێک.**

**وره پێوەرێکی هزری و جەستەییە بەتایبەتی لەو هەلومەرجە نائاسییانەی دێنە پێش کە پێویستی بە بەرپەرچدانەوە، خۆڕاگری و بەرگریکردن هەیە.**

**وره بنەمایەکی کاریگەرە بۆ پابەندێتی و ئیرادەی بەهێز و دیسیپلینی کەسان و گروپێکی ئەرکدار.**

**لە بواری سەربازیدا ئەو سوپای نارێك و نەرمە و دیسپلینێکی پێویستی نیە هەمیشە لەبەردەم ئەگەری دابەزینی وره، چەقبەستن، پاشەکشە و شکستدا دەبێت.**

**ژینگەیەکی لەباری دەروونی و لۆجیستی و چەك و بەڕێوەبردنێکی کارا بۆ ئەرك و چالاکییەکانی سەرباز هۆکارێکی باڵای ورەبەرزی و سەرکەوتنە.**

**کاریگەریی وره بە رادەیەکە وەك ئامرازێکی یەکلاکەرەوە سەیردەکرێت و رۆڵی بنەڕەتی هەیە لە گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن و سەرکەوتن بۆ شکست.**

**لە بواری دەروونناسی سەربازیدا وره وەک سەرچاوەیەکی هێز سەیردەکرێت، کە تاک پاڵ دەنێت بۆ بوێری، ئیرادەی بەرزو خۆڕاگری لە بەرامبەر ئاستەنگەکاندا.**

## پرسی وره لەم سەردەمەدا

سوپاکان چەندە پێشکەوتوو بن و لە ئاستی تەکنیکیدا گەشە بکەن و چەندە خاوەنی چەک و کەرەستەی مۆدێرن بن، بەڵام سەرباز وەک داینەمۆ و بزوێنەرێکی چالاک لە ئەدای هێزە چەکدارەکاندا دەمێنێتەوە، بۆیەشە لایەنی روحی و وەرەیی سەرباز فکتەرێکی گرنگە بۆ تواناو رۆڵی تاکی سەربازو کۆی سوپا. لە ئێستاداو لە ئۆپەراسیۆنەکانی هاوچەرخ و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاو شەڕی سیبریانیدا وره گرنگیەکی زۆری هەیە ، بەتایبەتی لە بواری جەنگی دەروونی و هێرشە ئەلیکترۆنییەکان کە وایکردووە سەرباز تەنها بیری لای چەك و تەقەمەنی و سەنگەر نەبێت، بەڵکو پڕوپاگەندەو واتەوات و تا رادەیەك شێوازی توندی ململانێ سیاسیەکانیش باری وەرەی کردووە بە پێشەنگی پرسەکانی سوپاکان.

راستیەکی زانستیە، کە شەڕی دەروونی ئامانجی لەناوبردنی وەرەیە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە سوپاکان

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# وره وزە و هێزێکی چارەنووساز و بڕیار لە سەرکەوتن بۆ شکست و شکست بۆ سەرکەوتن دەدات

هەموو ڕێوشوێنێک دەگرنەبەر بۆ بەرزکردنەوەی وره و بەهێزکردنی ئیرادەی شەڕکردن لەنێو سەربازەکاندا، و لابردنی کاریگەرییەکانی شەڕی دەروونی دوژمنکارانە و گەڕاندنەوەی ورەی بەرز.

هۆشیاری بەرانبەر مەرام و شێوازەکانی کاری دوژمن لە شەڕی دەروونیدا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ ڕێگریکردن لە کاریگەرییەکانی شەڕی دەروونی. بۆیە سوپاکان هەوڵ دەدەن هەموو سەربازێک هۆشیار و شارەزا بێت بۆ ئەوەی دوژمن فریوی نەدات، چونکە ئەم هۆشیاریە سەرباز لە کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە دەپارێزێت و وای لێدەکات لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی دوژمن بۆ هێرشکردنە سەری.

## وره لە زانستی سەربازیدا

لە زانستی سەربازیدا وره بە دوو واتای سەرەکی گوزارشتی لێ دەکرێت ئەوانیش: باوەڕ بەخۆبوون و خۆڕاگری تاکی سەرباز ، گیانی یەکبوون و هەماهەنگی نێوان یەکەکان.

لەلایەکی دیکەش شارەزایانی سەربازیی سێ بنەمای سەرەکی بۆ دیاریکردنی دۆخی سەربازو سوپا دەستنیشان دەکەن: ڕاهێنانی تەکنیکی- تاکتیکی، ڕاهێنانی جەستەیی و ڕاهێنانی دەروونی.

## بیرمەندان و ژەنەڕاڵەکان چی دەڵێن

ناپلیۆن زۆر باسی ورەی کردووەو رای وابووە، ئەوە شێوازە تاکتیکیەکان نین کە بڕیار لە چارەنووسی جەنگ دەدەن، بەڵکو ئەوە ورەیە ئەو بڕیارە دەدات. شەڕ پێویستی بە هێزی وره هەیە کە یەکسانە بە سێ ئەوەندەی کە لە هێزی جەستەیی دەخوازرێت.

مۆنتگۆمێری، گەورەترین فاکتەر کە بەرەو سەرکەوتن دەبات روحی شەڕکەرە، بۆیە گرنگ و جەوهەرییە مرۆڤ تێبگات کە ئەنجامی شەڕەکان پێش هەموو شتێک لە ناخی مرۆڤەکاندا دەردەکەون.

ئەلێکساندەر ئێچ، بە بوونی ورەیەکی باش، هێزی سەربازی کەمتر توشی لاوازی و کەمتوانایی دەبێت.

ڕۆبەرت هێندێرسۆن، نووسەری سەربازیی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، وره دەبەستێتەوە بە غەریزەی خۆپاراستن.

ژەنەڕاڵێکی ئەمریکی، بەم شێوەیە پێناسەی بوونی ورەیەکی باش دەکات: کاتێک سەربازێک پێی وایە سوپاکەی باشترینە لە جیهاندا، فەوجەکەی باشترینە لە سوپادا، سریەکەی باشترینە لە فەوجەکەدا، توانا لۆجستیەکانی یەکەکەی باشترینی ناوپێکهاتەکانی رشتەکەیەتی، خۆی باشترین سەربازی ناو هاوسەنگەرەکانێتی.

کلۆزڤیتز، جەخت لەسەر گرنگی وره و ئیرادە دەکاتەوە بۆ سەرباز و فەرماندە، وره وابەستەی ئیرادە دەکات کە پەیوەستە بە باوەڕو پەروەردەوە.

گۆرونێو، پشتگیری لە گرنگی پەرەپێدانی توانا روحی و دەروونییەکانی سەرباز دەکات و دەڵێ: سیفەتەکانی وەک بوێری، دیسیپلین، خۆکۆنترۆڵکردن و پشودرێژی، لە شەڕکەرەکاندا بوونیان هەیە ، بەڵام دەبێ بە چالاکی بهێڵدرێنەوە.

## مەشق و وره نمونەییەکەی هێزە تایبەتەکان

شارەزایانی بواری سەربازی لەبارەی پرسی ورەوە ئاماژە بۆ هێزە تایبەتەکان دەکەن، کە لە ڕووی مێژووییەوە یەکە سەربازییە تایبەتەکان لە رووی ورەوە جیاوازن و هەمیشە ورەیەکی بەرزو نمونەییان هەیە ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری مەشق و ڕاهێنانی چڕو پڕو پەروەردە و چاودێری زیاترو بەردەوام. هەروەك دەبینین هێزە تایبەتەکان لە رووخسارو ناوەڕۆکدا هەمیشە جیاوازن، ئامادەیی و دیسپلینیان لە ئاستی بەرزدایە، بەڵام دەبێت دان بەوەشدا بنرێت کە تەنها مەشق و راهێنان و پەرورده فیکری و جەستەیەکە تاکە هۆکاری ئەو نمونەیی بوونەی هێزە تایبەتەکان نیە، بەڵکو ئاستی زیاتری پاڵپشتییان لەرووی چەك و ماددی و لۆجستیشەوە ئەو دەرکەوتن و رۆڵە دیارەی پیبەخشیوون.

## وره لە نێوان سوپا و کۆمەڵگادا

لەبەرئەوەی هێزی سەربازیش بەشێکە لە کۆمەڵگاو تاکی سەرباز ئەندامێکی گەل و نەتەوەکەیەتی و هاوکات ئەرکی سەربازی راستەوخۆ تایبەتە پاراستن و بەرگریکردن لە گەل و نیشتیمان بۆیە هەرگیز پرسی (وره) تەنها پەیوەست نیە بە ئەرکی سەربازی و خودی سوپاکان و تاکی سەرباز، بەڵکو لەگەڵ خەڵکی ناسەربازی وڵات (مەدەنی – سڤیل) ئاوێتەیی و کارلێکیان هەیە بەتایبەتی لەکاتی شەڕو رووداوە سەربازییەکاندا.

وره لە بواری سەربازیدا هەرگیز لەگەڵ وره لەناو کۆمەڵگاو خەڵکی سڤیل جیا ناکرێتەوە، چونکە هەریەکەیان کاردانەوەیان بەرامبەر بە ئەوی دیکە هەیە و هەردووکیان لە ئەنجامدا پێکهاتەی یەك جوگرافیاو دەسەڵاتن، بەڵام بە شێوەیەکی دیار لە بواری سەربازیدا وره پێگەیەکی باڵاو تەنانەت چارەنوسسازی هەیە. هەروەك باسیش دەکرێت بەزۆری پرسی وره لە ئاستی بە کۆمەڵدا هەڵدەسەنگێندرێت، نەک لەسەر ئاستی تاکەکەسی یان بەشێك لە گروپ و پێکهاتەیەك.

لە سەردەمی جەنگدا کاتێ سوپای وڵات خاوەن خۆڕاگری و ئیرادەی بەرزەو لە مەیداندا پێشڕەوی دەکات و روو لە سەرکەوتنە ئەوا خەڵکی سڤیلیش هەست و باوەڕیان بەتین دەبێت و ئاسودە دەبن بەو ئازایەتیەی سوپای وڵاتەکەیان و ئەمە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانی و هەروها ئامادەبوونیان بۆ هاوکاری و پاڵپشتی سوپاکەیان. لەبەرانبەریشدا کاتێ سوپا ببینێ خەڵکی مەدەنی وڵاتەکەیان هاوسۆزو هاوکاریانن ئەمە دەبێتە کۆمەکێکی زۆر بەهێزی ورەیی بۆ کۆی سوپا و لێرەوە سوپاو جەماوەر پێکەوە سەروەری خاك و چارەنوسی پارێزراوی نیشتمان زامن دەکەن.

* www.lebarmy.gov - الروح المعنوية العالية عامل ضروري لصقل الشخصية العسكرية.
* www.almusallh.ly - الجيش والقيم المعنوية.
* ویکیپیدیا.

42

# ورە لە ئاشتی و جەنگدا

ئامادەکردنی: سان هاوکار

**ورە، بریتییە لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ترس، ئازار، مەترسی، نادڵنیایی، یان ترساندن و هێزی دەروونی بۆ خۆڕاگری و بەرگەگرتنی بارودۆخە سەختەکان. لەڕووی جەستەییەوە، ورە بوێرییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئازاری جەستەیی، سەختی، یان هەڕەشەی مردن. لە بوێری دەروونییەوە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ترسە ناوەکییەکان و تەحەددای دەروونی، وەک مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکان، زاڵبوون بەسەر پاشەکشە کەسییەکان، یان بەرگەگرتنی ئازاری سۆزداری.**



## ورە لە چەند پێناسەیەکدا

**١- فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد:** ورە بە ئازایەتی دادەنرێت، کە مرۆڤ توانای ئەنجامدانی کارێکی دەبێت، خۆڕاگری و ورە بەرزی و ئازایەتی و هێز لە بەرامبەر ئازار یان خەم پێناسە دەکات.

**٢- ڕوانگەی فەلسەفی:** فەیلەسوفی دێرین ئەرستۆ، بوێری بە فەزیلەتێکی ژیانیی دەزانێ، کە پێویستە بۆ گەیشتن بە ڕەوشتێکی باش. ئەو وەک ئامرازێک لە نێوان بێباکی و ترسنۆکیدا پێناسەی کردووە، جەختی لەوە کردووەتەوە، کە بوێری ڕاستەقینە کۆنترۆڵی عەقڵانی و ئامانجێکی بەرز لەخۆدەگرێت.

لە بنەڕەتدا، بوێری ڕەهەندە جیاوازەکان دەگرێتەوە- جەستەیی، ئەخلاقی و دەروونی- و ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە تواناسازی تاکەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیات و ناخۆشییەکان بە خۆڕاگری و ئیرادەوە دەگێڕێت.

## هەڵسەنگاندنی ورەی سەرباز

پێوانەکردنی بوێری لە سەربازییدا ئەرکێکی ئاڵۆزە، چونکە هەردوو ڕەهەندی جەستەیی و ئەخلاقی لەخۆدەگرێت. لە کاتێکدا هیچ شێوازێکی یەکلاکەرەوە نییە و چەندین ڕێباز بۆ هەڵسەنگاندنی بوێری لە چوارچێوەی سەربازیدا بەکاردەهێنرێت:

**١- هەڵسەنگاندنی دەروونی:** دەروونناسەکان تەرازوویان بۆ پێوانەکردنی بوێری پەرەپێداوە، وەک پێوەرەکانی ئەزموونی سەربازی خۆت هەڵسەنگێنە (RYME)، پێوەرەکانی سەرمایەی دەروونی لە شوێنی کاردا (PCWS)، و پێوانەکردنی بوێری (CM). ئەم هەڵسەنگاندنانە ئامانجیان ژماردن و دیاریکردنی بوێرییە لە ڕێگەی ڕاپرسی و پرسیارنامەی خۆڕاپۆرتی.

**٢- ئەدای کارکردن لە ژێر فشاردا:** مەشقی سەربازی و بارودۆخی شەڕکردن بۆ تاقیکردنەوەی ورەی جەستەیی سەربازەکان لە ژێر فشار و مەترسیدا داڕێژراون. توانای ئەنجامدانی ئەرکەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لە ژینگە فشار بەرزەکاندا وەک نیشاندانی بوێری سەیر دەکرێت.

**٣- سەرکردایەتی و یەکگرتوویی:** سەرکردایەتی بەهێز

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



و یەکگرتوویی یەکەکان بۆ پەروەردەکردنی بوێری لە کارمەندانی سەربازیدا بە پێویست دادەنرێت. ئەو سەرکردانەی کە نموونەیەکی ئازا و بوێرانە وێنادەکەن و هەستی متمانە لە نێوان سەربازەکانیاندا دروست دەکەن، دەتوانن بۆ گەشەکردنی هەستی بوێری لە سەربازەکانیاندا هاندەربن.

**٤- ترس و دڵەڕاوکێ:** توێژینەوەکان ترس و دڵەڕاوکێیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی تێبگەن کە سەربازەکان چۆن ڕووبەڕووی ترس ببنەوە و ئازایەتی پەرەپێبدەن. ئەم ڕێبازە یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارە دەروونیانەی کە لە ڕەفتاری بوێرانەدا بەشدارن.

**٥- چاودێریکردنی ڕەفتار:** زۆرجار کارمەندانی سەربازی بە پشتبەستن بە ڕەفتارەکانیان لە شەڕکردن یان دۆخی فشاری زۆردا چاودێری دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن. ئەم شێوازە هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەوخۆتر بۆ بوێری لە کرداردا دەدات، نەک پشت بە ڕێوشوێنە خۆڕاپۆرتکراوەکان ببەسترێت.

بوێری هێزی دەروونی یان ئەخلاقییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی، ترس، یان سەختی. سەربازەکان دەبێ بوێری بەرجەستە بکەن، کە لە خۆبەخشییەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ شتێکی گەورەتر لە خۆیان، وەک هەستکردن بە برایەتی و ئەرک بەرامبەر بە نیشتمان و سوپاکەیان. هاوکات، خۆڕاگری، بوێری و ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و نادڵنیاییەکان لەخۆدەگرێت. بوێری سەربازەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە جەستەییەکان و بڕیاردانی ژیان و مردندا دیارە، کە ئازایەتی کەسی لە هەردوو سیناریۆی سەنگەری شەڕ و شوێنی کاردا نیشان دەدات. بوێری بۆ سەربازەکان پێویستە، وایان لێدەکات لە بەرامبەر ناخۆشییەکاندا ئازایانە مامەڵە بکەن و بەها ئەخلاقییەکان بپارێزن تەنانەت لە دۆخە دژوارەکانیشدا.

ورەی سەرباز لە جەنگ و ئاشتیدا

ئازایەتی سەربازی لە شەڕ و ئاشتیدا بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام وەک بەردی بناغەی خزمەتکردنی سەربازیی لە هەردوو چوارچێوەدا دەمێنێتەوە:

## ورەی سەرباز لە جەنگدا

١- زۆرجار ئازایەتی سەرباز پەیوەستە بە شەڕی ڕاستەوخۆوە. سەربازەکان دەبێت ڕووبەڕووی دۆخە مەترسیدارەکان ببنەوە، وەک شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی دوژمن، ڕزگارکردنی هاوسەنگەرانیان لەژێر دەستی دوژمن، یان بەرگەگرتنی سەختییەکانی شەڕ. ئەم جۆرە ئازایەتییە بریتییە لە هێزی جەستەیی و دەروونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی فانی و ڕەفتارێکی یەکلاکەرەوە سەرەڕای ترس.

٢- ورەی بەرز لەدۆخە سەخت و ئاڵۆزەکان یارمەتیدەری سەرەکییە بۆ سەرباز و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان، ئەمەش کاریگەرییان لە دۆخی شەڕدا زیاد دەکات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەرک و دڵنیابوون لە سەلامەتی یەکەکان زۆر گرنگە.

٣- خۆڕاگری: بوێری یارمەتی سەربازەکان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییە دەروونی و جەستەییەکانی خزمەتی سەربازی. خۆڕاگری سەرباز پەروەردە دەکات و پابەندێتی و ئیرادەیان پارێزراو دەکات.

٤- سەرکردایەتی: سەرکردە بوێرەکان ئیلهامبەخشن بۆ متمانە و دڵسۆزی بۆ ژێردەستەکانیان. سەرکردەیەک کە بوێری نیشان دەدات دەتوانێت بۆ تیمەکەی پاڵنەر بێت بۆ گرتنەبەری رەفتاری پێویست، تەنانەت لە ژێر بارودۆخێکی مەترسیداردا، بەمەش یەکگرتوویی و ئەدای گشتی یەکەکان بەرزدەکاتەوە.

٤- بڕیاردان: لە ژینگە فشار بەرزەکاندا، یەکلاکەرەوەیە بۆ گۆڕینی باردۆخێک کە هەندێک جار کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ژینگەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان. فەرماندەکان و ئەفسەرەکان بە بڕیاردانی خێرا و ستراتیژیی ئازایەتی نیشان دەدەن، کە دەتوانێت ژیانی خەڵک ڕزگار و سەرکەوتن مسۆگەر بکات. توانای سەرکردایەتیکردنیان بە نموونە و مانەوەیان بە پێکهاتە لە ژێر فشاردا بۆ پاراستنی یەکگرتوویی و ورەی یەکەکان گرینگە..

٤- قوربانی: ئازایەتی لە کاتی جەنگدا زۆرجار قوربانیدانی کەسی لەخۆدەگرێت. سەربازەکان لەوانەیە هەست بە مەترسی بکەن یان تەنانەت ژیانی خۆیان بۆ پاراستنی ئەوانی تر لەدەست بدەن بۆ تەواوکردنی ئەرکەکان، یان بەرزڕاگرتنی بەها و ئامانجەکانی وڵاتەکەیان. ئەم قوربانیدانی کۆتاییە، دەربڕینێکی قووڵی ئازایەتی سەربازییە.

## ورەی سەرباز لە ئاشتیدا

**١- مەشق و ئامادەکاری:** تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا سەربازەکان دەبێت بە توندی خۆیان بۆ ململانێ ئەگەرییەکان ئامادە بکەن. ئەمەش بریتییە لە ڕاهێنانی توند و هاوشێوەکردن و پاراستنی ئاستێکی بەرزی ئامادەیی. دیسیپلین و پابەندبوون بۆ مانەوە لە ئامادەباشیدا پێویستی بە جۆرێک لە بوێری هەیە، بەو پێیەی داوای وریایی و خۆبەخشی بەردەوام دەکات.

**٢-کردنەوەی خول و ئامادەکاری** بۆ بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری سەرباز لەڕووی دەروونی ئامادەبکرێت و بەرگەی فشاری زۆر سەخت بگرێت، ئەگەر سەرباز ورەی بەرزبێت توانای بەرگەگرتنی دۆخە سەختەکانی دەبێت.

**٣. ئەرکی مرۆیی:** زۆرجار سەربازەکان لە ئەرکەکانی ئاشتیپارێزی و ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاریی کارەسات و هەوڵەکانی یارمەتی مرۆیی جێگیر دەکرێن. ئەم ئەرکانە پێویستیان بە بوێری هەیە بۆ کارکردن لە ژینگە ناسەقامگیرەکاندا، پێشکەشکردنی یارمەتی لە ژێر بارودۆخی سەختدا و هەندێکجاریش ڕووبەڕووی دوژمنایەتی دانیشتووانی ناوچەکە دەبنەوە.

ستراتیژییەکان و پەروەردەکردنی ورەی سەربازیی

بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکان دەتوانرێت ئەم ستراتیژانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

**١- دانپێدانان و پاداشت:** دانپێدانان و پاداشتکردنی کردەوەی ئازایەتی و ڕەفتاری ئەخلاقی بەهای بوێری لەناو یەکەی سەربازیدا بەهێزتر دەکات. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی مەدالیا و دەستخۆشی و ڕێوڕەسمی ناساندنی گشتییەوە ئەنجام بدرێت. دانپێدانان و پاداشتکردنی بەردەوامی کردەوەی ئازایەتی و ئەدای ناوازە ورە بەرز دەکاتەوە.

**٢- سیستەمی پاڵپشتی:** دابینکردنی سیستەمی پشتگیریی بەهێز، لەوانەش ڕاوێژکاری دەروونی، بەرنامەی پشتگیریی هاوڕێیان، و هاوکاریی خێزان، یارمەتی سەربازەکان دەدات لە بەڕێوەبردنی فشار و پاراستنی تەندروستی دەروونی.

**٣- مەشق و ئامادەکاری:** ڕاهێنانی هەمەلایەنە کە سەربازەکان ئامادە دەکات بۆ سیناریۆی جۆراوجۆر تا متمانە بە تواناکانیان و هەستکردن بە ئامادەیی و کۆنترۆڵکردن پەروەردەکردنیان بکەن، ئەمەش بۆ پاراستنی ورەی بەرز زۆر گرنگە.

**٤- گەشەپێدانی سەرکردایەتی:** بەرەوپێشبردنی سەرکردە بەهێز و بوێرەکان کە نموونەی سەرکردایەتیکردنن، دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ سەربازەکان بۆ ئەوەی ئەم سیفەتانە وەربگرن. ڕاهێنانی سەرکردایەتی پێویستە جەخت لەسەر گرنگی هەردوو لایەنی شەڕکردن و بوێری ئەخلاقی بکاتەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوحی سەربازەکانیان بەرزبکەنەوە.

**٦- هاوڕێیەتی و کارکردن بەتیم:** بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سەربازەکاندا لە ڕێگەی مەشقەکانی تیمسازی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هاوکاری و پشتیوانی یەکتر بەرەوپێش دەبات، کە زۆر گرنگن بۆ پاراستنی ورە بەتایبەتی لە کاتە سەختەکاندا.

جێگیرکردنی ئەم ستراتیژییانە دەتوانێت ژینگەیەک دروست بکات کە سەربازەکان هەست بە ئامادەکاری و پشتیوانی بکەن، بەمەش بوێری و کاریگەریی گشتییان لە ئەرکەکانیاندا بەرزبکاتەوە.

به کورتی، ورەی سەربازی لە شەڕ و ئاشتیدا، ئازایەتی جەستەیی و یەکپارچەیی ئەخلاقی و پابەندبوون بە ئەرکەوە دەگرێتەوە. لە ڕێگەی ڕاهێنانی توند و سەرکردایەتی بەهێز و سیستەمی پشتیوانی بەهێزەوە دەچێنرێت، دڵنیابوون لەوەی سەربازەکان ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی هەردوو ململانێ و ئاشتیپارێزی بە خۆڕاگری و شەرەفەوە.

**سەرچاوەکان:**

• sonia mcdonald, Bravery VS Courage: 6 Types Of Courage To Know, 2023,-sonia-mc-donald know https://www.linkedin.com/-pulse/bravery-vs-courage-6-types
• kari hawkins, Personal courage most visible Army value on battlefield and in ,workplace, USA. ARMY
• The Courage Paradox Published by- .Duane France on January 27, 2021
• https://www.military.com/off-duty/books/2015/11/23
• https://www.army.mil/article/238810/.2020 personal_courage_most_visible_army_val-.ue_on_battlefield_and_in_workplace

ورەی سەربازی لە شەڕ و ئاشتیدا، ئازایەتی جەستەیی و یەکپارچەیی ئەخلاقی و پابەندبوون بە ئەرکەوە دەگرێتەوە. لە ڕێگەی ڕاهێنانی توند و سەرکردایەتی بەهێز و سیستەمی پشتیوانی بەهێزەوە دەچێنرێت

# ورە

# ئامرازێکی گرنگی سەرکەوتن لە جەنگدا

ئامادەکردنی: ڕەوان شوانی

**ورەی سەربازیی وەك دۆخێکی دەروونی لە تێڕوانینی بیرمەند و جەنەڕاڵە سەربازییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لە توانای سوپا یان سەربازەکان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکان، پاراستی ئیرادەو لەسەرخۆییان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشدا. ورەی بەرز، یەکگرتوویی و بەهێزیی سوپا دەپارێزێت. کاتێك سەرباز ئەو هەستەی تیادا دروست دەبێت کە سوپاکەی بەهێزترین و باشترین سوپایە، لێرەوە توانایی شەڕکردن و شایستەیی سوپا زیاتر دەبێت. بە واتایەکی دیکە ورەی سەربازیی ئەو هەستە هاوبەشەیە کە لە نێوان سەربازەکان دروست دەبێت لە بەرانبەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان.**

## بنەماکانی ورەی سەربازیی

ورەی سەربازیی کۆمەڵێك پایە و بنەمای گرنگی هەیە کە بریتین لە:

- پەروەردەکردن لەسەر بنەمای دۆکترینی سەربازیی (العقيدة العسكرية).

- چەسپاندنی ڕەوایەتی دۆزی نەتەوە، شەرەفمەندی پیشەکە و گەورەیی ئامانجەکەی.

- دروست کردنی هەست بە مەترسی لەپێناو پاراستنی نیشتمان و ڕق لە دوژمن.

- بەهێزکردنی متمانەی سەرباز بە خودی خۆی، چەکی سوپاکەی و فەرماندەکانی.

- دانانی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو.

- ڕێزگرتن لە کەرامەتی سەرباز.

- پێزانین بەرانبەر هەوڵ و ماندووبوون و پاداشت کردنی کەسانی دڵسۆز.

- باشترکردنی باری گوزەرانی سەرباز.

## کاریگەری جەنگی دەروونی لەسەر ورەی سەربازیی

جەنگی دەروونی پڕۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوە لەلایەن گروپ یان دەوڵەتی دوژمنەوە بە مەبەستی لاوازکردنی ئیرادە و ورەی سەربازیی لەڕێگەی هەوڵدان بۆ کاریگەری خستنەسەر تێڕوانینە ئاینی، کولتووری، عەقائیدییەکان و دووبارە داڕشتنەوەیان، تاکوو لەگەڵ ئامانجە دوژمنکارییەکان بگونجێت. کۆنترۆڵ کردنی عەقڵ و ئیرادە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، هەواڵی ناڕاست و گەورەکردنی هەڵە و کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی





وڵات. بەشێوەیەکی گشتی ئامرازی میدیایی جیاواز بەکاردێت تا یەکگرتوویی و بەهێزی ڕیزەکانی گەل لە ناوخۆدا لاواز بکرێت و دووبەرەکی دروست بکرێت، هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ و بێ سەروبەری بڵابکەنەوە، تاکوو متمانە بە خۆ، دامەزراوە سەربازی و سەرکردەکان لە دەست بدرێت.

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ورەی سەربازیی**

- بەهێزکردنی توانایی شەڕ و جوڵەی سوپا.
- کۆنترۆڵ کردنی پەرچەکرداری دەروونیەکان و تێپەڕاندنی دۆخە سەختەکان.
- ئامادەیی بۆ مردن لەپێناو نیشتماندا.
- باوەڕبوونێکی تەواو بە گرنگی ئەوەی سەرباز لە مەیدانی جەنگدا ئەنجامی دەدات.
- بوونی خواستێکی گەورە بۆ قوربانیدان لەپێناو ئامانجێکی مەزنتر.

**ڕۆڵی میدیای جەنگی لەبەرزکردنەوەی ورەی سەربازیدا**

میدیای جەنگی بەگوێرەی ئامانجەکانی دەوڵەت، ئەرکەکانیشی دەگۆڕێت. لە کاتی جەنگدا ئەرکی میدیای جەنگی دروست کردنی دۆخێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان، هەروەها ئامادەکردنی ڕای گشتی، هێزە چەکدارەکان و کەرتە جیاوازەکانی دەوڵەت. گرنگترین ئەرکەکانی میدیای جەنگی لە کاتی جەنگدا بریتین لە:

- بەشداریکردن لە جەنگی دەروونی دژ بە دوژمن.
- کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازیی بەدرێژایی ماوەی جەنگ لەڕێگەی پەیوەست کردنی گەل بەهێزە چەکدارەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پروپاگەندە ئامانجدارەکان.
- قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەکی سەربازیی تەنیا لەڕێگەی سەرچاوە سەربازییە باوەڕپێکراوەکانەوە نەبێت بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.
- پابەندبوون بە ڕاستگۆیی و خستنەڕووی سەرکەوتنە سەربازییەکان بەشێوەیەك زیان بە لایەنی ئاسایشیی نەگەیەنێت.
- بڵاوکردنەوەی ئاگادارینامەکان بە ئامانجی هەڕەشەکردن، ترساندنی دوژمن و لاوازکردنی ورەی سوپاکەی.

فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ورەی سەربازیی

جەنگ لە واتا گشتیەکەیدا بریتیە لە دۆخی ململانێ و پێکدادانی چەکداری کە تیایدا ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوو دەدەن و دەبێتە بەهۆی دروستبوونی دۆخی هەڕەشە، لێرەوە ورەی سەربازیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم فاکتەرانەوە:

- دیسپلین و کۆنترۆڵ: پێویستە لە ئاستێکی بەرزدا دیسپلین و سیاقی سەربازیی جێ بەجێبکرێت.
- ئیدارەدان: ئیدارەدانێکی ورد و توند پێویستییەکی ناچارییە لە کاتی جەنگدا.
- هاوکاری مەعنەوی: دۆخی جەنگ پێویستی بە هەوڵدان و متمانە بەخۆبوونی زیاترە، لێرەوە هاوکاری مەعنەوی ڕۆڵی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ورەی سەربازیی هەیە.

**گەل و ورەی سەربازیی**

لە جەنگە کلاسیکیەکاندا سوپا بەرپرسیاری یەکەم و کۆتایی بوو لە بەدەستهێنانی سەرکەوتندا، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرندا و لەگەڵ دەسپێکی جەنگی دووەمی جیهانیدا جەنگ بوو بە بابەتێکی دەستەجەمعی، واتە گەل بەشێوەیەکی گشتی نەك تەنیا سوپا بەرپرسیارە لە سەرکەوتن لە جەنگدا سەرباری ئەوەی سوپا وەك سەرە ڕم دەمێنێتەوە، بەڵام پێویستە گەل تەواوی توانا ماددی و مەعنەوییەکانی بخاتە خزمەت بەدەستهێنانی سەرکەوتنەوە. جەنگی دەستەجەمعی پێویستی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە هەمووان چەك هەڵبگرن و هاوکاری سوپا بن، چونکە ڕاگەیاندنی جەنگ واتە هەموو گەل بە ئامانج گیراوە نەك تەنیا سوپا بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای سەربازیی هەموو شوێنێکی وڵات دەبێت بە مەیدانی جەنگ، لێرەوە گرنگی ورەی گەل کەمتر نیە لە ورەی سوپا. کاتێك مەعنەویاتی گەل بەرزبوو، مەعنەویاتی سوپاش بەرز و بەهێز دەبێت.

**هەواڵگری و ورەی سەربازیی**

هەواڵگری ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئیرادە و ورەی سەربازیی هەیە بەتایبەت بە جەغد کردنەسەر میتۆدەکانی دەروونناسی و جێ بەجێکردنیان. لە میانی دووەم جەنگی جیهانیدا دەروونناسی سەربازیی(علم النفس العسكري) کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە تەکنیکی و کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکاندا هەبوو. یەکە هەواڵگرییەکان کاریان لەسەر بەهێزکردنی خۆیان و تێگەیشتن لە تواناکانی دوژمن لەڕووی دەروونی و ئامادەسازییەوە دەکرد. لێرەوە هەواڵگری دەروونی( الاستخبارات النفسية) دروست بوو کە کاریان لەسەر بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی چالاکی و کاری سەربازانی دوژمن لە ڕووی دەرونیەوە دەکرد. ئاشنابوون بە فاکتەر و پەرچەکردارە دەروونیەکان، ڕەفتاری ڕۆژانە و ئەو بەهایانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی سەربازانی دوژمن ڕێك دەخەن سەربارى کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی دۆخی ئابووری، باکگراوندی سیاسی و فیکریان بەشێوەیەکی گشتی.

ئەم کارانەی یەکە هەواڵگرییەکان لەڕووی دەروونی و ورەی سەربازییەوە فاکتەرێکی سەرەکی بەهێزکردنی سوپایە.

**جەنگی دەروونی پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوە لەلایەن گروپ یان دەوڵەتی دوژمنەوە بە مەبەستی لاوازکردنی ئیرادە و ورەی سەربازیی**

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ئامادەكارییەكانی جەنگ

ئامادەكردنی/ موقەدم میرزا داود رەسول

## ئامادەكاریی جەنگ

بریتییە لە كۆمەڵێك ڕێكار كە ئامادەیی هێزە چەكدارەكان لە جێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا مسۆگەردەكات، بۆ هەموو وڵاتێک بە كارێكی گرنگ و لەپێشینە دادەنرێت، چونكە هێزەچەكدارەكان بەرپرسیارن بەرامبەر پاراستنی دەوڵەت لە هەر هەڕەشە و كارێكی دوژمنكارانە، بۆیە ئامادەكردنی هێزەچەكدارەكان پێویستی بە وردەكارییەكی زۆر هەیە لەڕووی ڕێكخستن و ئامادەكاری و ڕاهێنان و پڕچەككردنەوە، هەروەها گرنگیدان بە تاك لەڕووی ڕۆحی و مەعنەوییەوە، یەكێكە لەو بنچینانەی كە گرنگییەكەی لە ڕاهێنان و پڕچەككردن كەمتر نییە.

پرۆسەی ئامادەكاری بۆ جەنگ پێویستی بە بەشداریی چەندین دەزگا و دامەزراوە و سەركردایەتی لە هەموو ئاستەكاندا و خەڵكی بە هەموو چین و توێژەكانەوە و خەرجكردنی دارایی و بەكارهێنانی هەموو توانا بەردەستەكان لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هەیە.

هەر دەوڵەتێك ستراتیژییەتی سەربازیی تایبەت بەخۆی هەیە. لەسەر بنەمای ئەو ستراتیژییە هێزە چەكدارەكانی دەوڵەت ئامادەدەكات، پێویستی بە ئامادەكردنی سوپایەكی تۆكمەی وەها هەیە كە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دەستدرێژییەكی دوژمنكارانە لە ئاستێكی بەرزی ئاگاییدا بێت. هەروەها پێویستە هاوكارییەكی تەواو لە نێوان سوپا و گەلەكەیدا هەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سوپا و كاتێكیش سوپا بەهێز بێت، ئەوا پێگەی دەوڵەتیش لە ناوەندە نێودەوڵەتییەكاندا بەهێز بێت.

پێویستە دەوڵەت لەڕووی سەربازییەوە پێشوەختە لەسەر بنەمای پلانی وردی درێژخایەن، ئامادەكارییەكانی خۆی بكات، نەک لەسەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگدا، هەروەها جگە لە دابینكردنی ئامێر و كەلوپەلەكان، پێویستە سەرچاوە مرۆییەكانیش ئامادە بكرێت، چونكە بە یەكێک لە توخمە گرنگەكانی ئامادەكردنی دەوڵەت لەڕووی سەربازییەوە بۆ جەنگ دادەنرێت.

پرۆسەی ئامادەكاریی دەوڵەت بۆ جەنگ فراوان و ئاڵۆزە، پێویستی بە ئیرادەیەكی باش و سەركردایەتییەكی عەقڵانی هەیە، هەروەها پێویستە ئەو پرۆسەیە لە چەند لایەنێكەوە بێت، كە گرنگترین ئەو لایەنانەش لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە: ئامادەكاریی سیاسی، ئامادەكاریی ئابووری، ئامادەكردنی خاكی دەوڵەت، ئامادەكردنی گەل، ئامادەكردنی دامەزراوەكانی دەوڵەت، ئامادەكردنی هێزە چەكدارەكان.

١- ئامادەكاریی سیاسی:

ئامادەكاریی سیاسی، لە ڕێگەی كاری دیپلۆماسییەوە ئەنجام دەدرێت، كە دەوڵەت بەمەبەستی وروژاندن و ڕەوایەتیدان بە پرسەكە و بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پشتیوانییە دەرەكییەكان، چەند ڕێكارێك دەگرێتەبەر و ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین ڕێكارەكانن:

أ. وتاری سیاسیی سەرۆكی دەوڵەت و بەرپرسە باڵاكانی.

ب. لێدوانی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت بۆ ڕۆژنامە و دەزگاكانی ڕاگەیاندن.





ج. بەشداریکردنی شاندە فەرمییەکان لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا.

د. سەردانی فەرمی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتاندا.

ە. ڕوونکردنەوەی پرسەکە بۆ نوێنەرانی تایبەتی سەرۆکی دەوڵەتان.

و. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، لە پەراوێزی کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتان و بەرپرسانی باڵا و سەرۆکی شاندەکاندا.

٢- ئامادەکاریی ئابووری:

ئابووری بە بنەمایەکی سەرەکی بنیاتنانی بەرگری و ئامادەکاری بۆ جەنگ دادەنرێت و کاریگەریی گەورەی لەسەر توانای دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنکارییەکان هەیە، بۆیە ئامادەکاری دەوڵەت بۆ گواستنەوە لە ئابوورییەکی ئاشتییەوە بۆ ئابووریی جەنگ، یەکێکە لە کارە لەپێشینەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە کاتی ئامادەکردنی دەوڵەتدا بۆ جەنگ، کە پشت بە لێکدانەوەی ورد و ئاماری زانستی و پێشبینی دروست بۆ ئەگەرەکان دەبەستێت.

پلاندانانی ئابووری ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە سەرکەوتنی پلاندانانی سەربازیدا، لە ڕێگەی پێشبینیکردنی دروست و وردی پێداویستییەکانی شەڕ و پێداویستییەکانی دەوڵەت لەو ماوەیەدا و هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان داواکارییەکانی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانە و داواکارییە سەربازییەکاندا.

شەڕی مۆدێرن ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە ئامادەکارییە ئابوورییەکان گشتگیر و هەمەلایەن بن و هەموو پسپۆڕییەکانی وەك کشتوکاڵی، پیشەسازی، بازرگانی، تەکنیکی، ئەندازیاری و هەر شتێک کە پەیوەندی بە ئابووری نیشتمانییەوە هەبێت لەخۆبگرێت.

٣- ئامادەکردنی خاکی دەوڵەت و شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان.

سرووشتی شانۆی جەنگ (شانۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان) لەگەڵ فراوانبوونی بەرەکانی شەڕدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیی چەک و کەرەستەی جەنگی، هەروەها پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان. لە سەرەتادا شانۆی جەنگ سنووردار بوو بە ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوییەوە، دواتریش گۆڕانی بەسەردا هات و ڕووبەرێکی فراوانی لە وشکانی و رووکاری ئاویی و ئاسمانی لەخۆگرت. شانۆی جەنگ بەپێی سرووشتی ململانێ یان ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەت، جیاواز دەبێت و لەوانەیە لە شانۆیەک یان چەند شانۆیەک پێکبێت و گشتگیر بێت. بۆیە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان ئامادەکاریی شانۆی جەنگی دەکات بەگرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی خوارەوە:

أ. ئامادەکردنی هێزی مرۆیی ناوچەکە و وابەستەیی و دڵسۆزی دانیشتووانەکەی.

ب. گونجاندنی تۆڕەکانی ڕێگاوبان و ڕێڕەوی ئاوییەکان و دروستکردنی پردی کاتی بۆ چالاکییە لۆجستییەکان.

ج. ئامادەکردنی سەرچاوە سرووشتی و دەستکردە بەردەستەکانی شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان.

د. ئەنجامدانی پرۆسەی قایمکاری و دروستکردنی قەڵا و توندوتۆڵکردنی سەنگەرەکان بەپێی تۆپۆگرافی ناوچەکە.

ە. دابینکردنی تەواوی کەرەستە و پێداویستییە تەکنیکی و کارگێڕی و ئەندازیارییەکان شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان.

و. دراسەتکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو شەڕانەی کە پێشتر لەو شوێنە ڕوویانداوە بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی.

ز. دابینکردنی شوێنی سەلامەت و پەناگەی بۆ ئەو هاووڵاتیانی ئەو شار و گوندانەی کە مەترسی زیان پێگەیاندنیان لەلایەن دوژمنەوە لەسەرە.

٤- ئامادەکردنی گەل.

هێزی مرۆیی بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی هێز و تواناکانی دەوڵەت دادەنرێت و ناکرێت هێزی مرۆیی دەوڵەت بە ژمارەی دانیشتووانەکەی پێوانە بکرێت،

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

بەڵکو بریتییە لە چۆنێتی خەڵک و شێوازی گونجاو بۆ بەکارهێنانی تواناکانیان و ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی گونجاوی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەربازی و مەعنەوی، بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی چالاک و کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو مەترسییانەی لەسەر دەوڵەت دروست دەبێت.

ئامادەکردنی گەل لەڕووی سەربازییەوە، پێویستی بە ئامادەکردنی سیاسی و مەعنەویی هەیە، تا باوەڕبوون بەگرنگی جەنگەکە و پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی و سوپاکەیان بۆ خەڵکەکە ڕوون ببێتەوە، باوەڕی تەواوی بە هێزەچەکدارەکان و ڕەوایەتی دۆزەکەی هەبێت و شەڕەکە بەشەڕی تەواوی گەل و تەواوی نەتەوەکەی بزانێت، نەک شەڕی سوپاکەیان بەتەنها. بۆیە ئامادەکاری گەل پەیوەستە بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. ڕاهێنانی هێزە یەدەگەکان بۆ پەرەپێدانی توانای شەڕکردنیان و دامەزراندنی سیستەمێکی گونجاو و خێرا بۆ بانگهێشتکردنیان.

٢. هاندانی گەنجان بۆ ئەنجامدانی چالاکییە نیمچە سەربازییەکان، وەک: کەمپی دیدەوانی، ئەنجامدانی هەندێک کاری پاسەوانی بۆ دامەزراوە گرنگەکان، سەردانی کردنی یەکە و پێگە سەربازییەکان و بەشداریکردن لە هەندێک پڕۆژەی تاکتیکی یەکەکانی هێزە چەکدارەکان؛ بە ئامانجی چاندنی خۆشەویستی نیشتمان و بوێری و گیانفیدایی لە دڵیاندا.

٣. هەموارکردنەوەی سیستەمی خوێندن بۆ ناساندنی هەندێک بابەتی سەربازیی گونجاو بۆ مەشق و ڕاهێنانی گەنجان لەسەر دیسیپلین و کارکردنی بەکۆمەڵ و چۆنێتی پابەندبوون و گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکان.

٤. ئەنجامدانی هەندێك مەشق و ڕاهێنانی سەربازی لە دامودەزگا مەدەنییە جۆراوجۆرەکاندا، هەروەها کارکردن لە سەر کارەکانی پاسەوانی و بەرگریی شارستانی.

ئامادەکردنی خەڵک لەڕووی سەربازییەوە، دەبێتە هۆی دابینکردنی هێزێکی سەربازی یەدەگی ئامادە بۆ پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیاندا، دەتوانرێت ئەو کەموکورتییانەی سوپای پێ پڕبکرێتەوە کە بەهۆی کوژراو و بریندار ڕوودەدەن، هەروەها دەبێتە هۆی دابینکردنی پاراستن بۆ دەزگا و دامەزراوە گرنگەکان و پاراستنی ئابووریی نیشتمانی لە هەر تێکدان یان هەڕەشەیەکی ناوخۆیی.

٥- ئامادەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت:

ئامادەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ بەرگری، بە واتای ئامادەکردنی دەسەڵات و دامودەزگا سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتە بەشێوەیەك کە زامنی سەقامگیرییان بکات لە کاتی قەیرانەکاندا و بە بەردەوامی توانای وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی خەڵك و هێزەچەکدارەکانی هەبێت. کە ئەم بوارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

أ. بوونی دامەزراوەی کارامە و بەتوانا بۆ دانانی پلان، داڕشتنی سیاسەتی تایبەتمەند، دیاریکردنی ئامانجەکانیان، دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ دەستە جێبەجێکارەکان، پاشان بەدواداچوون و چاودێریکردنی پڕۆسەی جێبەجێکردن، سەرەڕای ئامادەکاریی بۆ هەموارکردنەوەی پلانەکان بەپێی پێشهات و بارودۆخ و ڕووداوە جیاوازەکان.

ب. دیاریکردنی بەرپرسیارێتی هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و چۆنێتی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتردا، شێوازی کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی سەرکردایەتی سیاسی بەسەر هەموویاندا.

ج. ئامادەکردنی هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆ کارکردن لە ژێر هەر بارودۆخێکی قەیراناویدا.

٦- ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکان:

ئاشکرایە کە هێزە چەکدارەکان کرۆك و بنەڕەتی پڕۆسەی بەرگریکردن لە وڵاتن و قەڵغانی پارێزەری دەستکەوتەکانن لە دژی هەر دەستدرێژی و شەڕانگێزییەك. هەڵبەت ئەو هێزەش ناتوانێت لەکاتی شەڕ و پێکدادانەکاندا بە باشی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکات، ئەگەر لە کاتی ئاشتی و ئارامیدا ئامادەکاری و کاری خۆسازدان و بونیاتنانی بۆ نەکرابێت، ئەمەش وا دەخوازێت کە ئەو بابەتە لە ئەرکە هەرە لەپێشینەکانی دەوڵەت بێت، کۆمەڵێك ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر وەك:-

١. دانانی پلانی ستراتیژی بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان.

٢. دیاریکردنی قەبارەی هێزە چەکدارەکان بۆ کاتی ئاشتی و بۆ کاتی شەڕ، بە لەبەرچاوگرتنی توانا ئابوورییەکانی دەوڵەت.

٣. مەشق و ڕاهێنان و ئامادەکردنی سوپا بۆ چوونە ناو شەڕەوە، بە بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و لێهاتوویی شەڕکردن و توانای جەستەیی و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی چەک و ئامێرە نوێیەکان.

٤. گۆڕینی سیستەم و پێکهاتەکانی هێزە چەکدارەکان بەپێی ئەرکەکانیان لە سەردەمی ئاشتی و لە کاتی هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی دوژمن و لە سەرهەڵدانی جەنگدا.

٥. ڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەی سیستەمی کارگێڕی و لوجستی سوپا.

٦. بەمۆدێرنکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی.

٧. بەمۆدێرنکردنی بەرگریی شارستانی.

٨. بەمۆدێرنکردنی یەدەگی سەرچاوەکانی خۆسازدان، لەوانەش یەدەگی چەک و کەرەستەکان.

٩. بەرزکردنەوەی ئەدای سیستەمی بەکارهێنان و چاککردنەوەی چەک و کەرەستە سەربازییەکان.

١٠. دامەزراندنی هەیکەلێکی تەواوکراو بۆ دەستەبەرکردنی کەرەستە و تەکنەلۆجیا و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی و پزیشکی و زانستی لە هێزە چەکدارەکاندا.

١١. بەمۆدێرنکردنی سیستەمی دەستخستنی زانیارییەکان بۆ هێزە چەکدارەکان.

١٢. بەرز ڕاگرتنی شکۆمەندی خزمەتکردنی سەربازی و شیاندنی هاووڵاتیانی وڵات بۆ ئەو کارە.

١٣. دابینکردنی هاوکاری (سەربازی- سیاسی) و (سەربازی- تەکنیکی) لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا.

ئاشکرایە کە جەنگ، پێویستی بە بوونی سوپا و هێزی چەکدار و سوپاش، پێویستی بە سازدان و ڕاهێنان و پڕچەککردن هەیە، کە ئەمەش کارێکی سادە و ساکار و ئاسان نییە ،پێویستی بەهەوڵ و ماندووبوونی زۆر و پلانی ورد و ئیدارەدانی عەقڵانی هەیە، هەروەها هەروەك چۆن ئەرکی سوپا خزمەتکردنی وڵاتە بەخاك و گەل و تەواوی سەروەری و دەستکەوتەکانەوە، بەهەمان شێوەش دەبێت تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگە و سەرچاوە مادی و مەعنەویی و تەکنیکییەکان هاوکار و پشتیوانی هێزە چەکدارەکان بن بۆ ئەوەی بتوانێت ئاشتی، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەربکات.

سەرچاوەکان:

- www.defense Arab. إعداد الدولة للحرب
- www.almusallh. إعداد القوات المسلحة للدفاع
- www.gateahram.org كيف استعدت الدولة للحرب ؟
- www.almoqatel.com إعداد الدولة للدفاع
- Www. nationshield.com إعداد الشعب للدفاع إستراتيجية
- https:ar.wikipedia.org مسرح الحرب
- www.albasalh.com كيفية إعداد القوات المسلحة للحرب



# مەشقی جەستەیی
## بنەمایەکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی توانا سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە



● ئامادەکردنی: گۆڤاری پێشمەرگە

**مەشقی جەستەیی کردارێکی جێبەجێکارییە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەکاریی لەش بۆ بەدەستهێنانی توانایەکی بەرزی جەستەیی لەڕووی هێز و بەرگەگرتن و تەندروستی و دەروونییەوە. ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات لە ژیانی رۆژانەیدا بە شێوەیەکی چالاکانە کارەکانی ئەنجامبدات، بەبێ ئەوەی هەست بە شەکەتی بکات، لەم روانگەیەوە دامەزراوە سەربازییەکان گرنگیی تایبەتیان بەم بوارە داوە، بۆ ئەوەی تاکەکانی هێزە چەکدارەکان بە باشترین شێوە راهێنانی جەستەیی بەردەوامیان پێ بکرێت و بۆ بەرگەگرتن لە سەرجەم بارودۆخە قورس و سەختەکان بە تایبەتی لەکاتی ململانێ و رووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکاندا ئامادەییان تێدابێت. ئەمەش بەو واتایە دێت کە پێویستە سەرباز تەندروستییەکی باشی هەبێت و توانای جەستەیی بەهێزبێت، ئەمە بۆ ئەوەیە بڕوای بەخۆی هەبێت لە هەر ئەرکێک کە پێی دەسپێردرێت، بۆیە بێگومان پێویستی بە راهێنانی جەستەیی پێشکەوتووی بەردەوام هەیە.**

لەم سۆنگەیەوە وەزارەتی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی سەربازیی، گرنگی بەم بوارە داوە و لە رێگای راسپاردەکانی وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکان و ئەو کۆنفرانسانەی لە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی و بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی بەڕێوەچوون، بۆ ساڵی ٢٠٢٤ پلانێکی تۆکمە و بەرنامەیەکی گشتگیری لە بواری مەشقی جەستەیی داناوە بۆ ئەوەی سەرجەم ئەفسەران و پێشمەرگەکانی یەکە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم ساڵدا پەیڕەوی بکەن.

ئەو پلانە مەشقەی دارێژراوە بۆ ئەوەیە ئاستی توانای جەستەیی تاکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەشێوەیەکی باش بەرزبکرێتەوە تا بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان ئامادەبکرێن، هەروەها بە پێی جۆری رشتەکان (صنوف)، مەشقی جیاواز ئەنجام بدەن، مامۆستای تایبەتیش بۆ جێبەجێکردنی راهێنانەکان ئامادەبکرێن.

لەم چوارچێوەیەشدا، چەند رێنماییەکی گشتی دیارکراوە بۆ ئەوەی خاڵەکانی ئەم پرۆگرامە جێبەجێبکرێن، هاوکات پلانەکانی مەشق بەشێوەیەک ئامادەکراون کە لەگەڵ بارودۆخی یەکە سەربازییەکان و سروشتی کاری رشتەکان بگونجێت.

هەروەها کار لەسەر رۆشنبیرکردنی سەربازەکان کراوە بۆ تێشگەیشتن لە گرنگیی مەشقی جەستەیی بۆ ئەوەی دۆخێک بێتەئاراوە کە ئارەزووی ئەنجامدانی ئەو مەشقە بکەن کە بۆیان دیاریکراوە، چونکە مەشقەکان بۆ هەمووانە و پێویستە بە ئەنجامدان و کاتەکانی مەشقەوە پابەندبن. مەشقەکانیش بۆ سەر دوو ئاستدا دابەشکراون. ماوەی مەشقی یەکەم لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەستپێدەکات تا ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ دەخایەنێت، ماوەی مەشقی دووەمیش لە ١ی تەمووز دەستپێدەکات تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بەردەوام دەبێت، کاتەکانی مەشقی رۆژانەش ماوەکەی ٥٠ خولەکە، ئەمەش بەپێی گونجانە لەگەڵ بارودۆخی یەکە سەربازییەکاندا، راهێنانەکانیش مەشقی جەستەیی جیاجیا لەخۆ دەگرێت کە لە زۆربەی دامەزراوە سەربازییەکانی وڵاتان پەیڕەو دەکرێت و بە جێبەجێکردنیان سوودی زۆرباشی بۆ توانا جەستەییەکان و بەدەستهێنانی لەش و لارێکی رێک بۆ سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەم هەنگاوەش ئاستی ئامادەباشی جەستەیی هێزەکانی پێشمەرگە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و کاریگەر.

## ئامانجەکانی مەشقی جەستەیی

ئامانج لە پەیڕەوکردنی ئەو پرۆگرامەی مەشق لە یەکە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا خۆی لە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای جەستەیی جەنگاوەران لە ڕێگای پەرەپێدانی سەرچاوەکانی توانای جەستەیی لەڕووی (پشوودرێژی، هێز، خێرایی، نەرمی لەش و لەشرێکی) و باشکردنی باری تەندروستی دەبینێتەوە و یارمەتیدەریش دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرک و کاری ڕۆژانە. هاوکات بە مەبەستی پەرەپێدانی زەمینەی ئازایەتی جەنگاوەران و بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی دەروونییە، ئەمەش بە ئەنجامدانی ڕاهێنانی سەخت و مەترسیدار (تدریب عنیف) و کەمکردنەوەی نەخۆشییەکانی وەک قەڵەوی و پەستانی خوێن و شەکرە، هەموو ئەمانەش ڕێگە خۆشکەردەبن بۆ ئامادەکردنی ئەفسەران و پێشمەرگەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی سەرجەم بارودۆخە سەختەکان بگرن. لە میانی ئەم پرۆگرامەشدا چەند ئامانجێکی گشتی و تایبەتی بەدی دێن کە ڕۆڵی زۆر کاریگەرییان دەبێت.

### ئامانجە گشتییەکان

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی مەشقدا، چەندین ئامانجی گشتی بەدی دێن کە گرنگترینیان چۆنیەتی مەشقکردنە لەسەر ئۆپەڕاسیۆنەکانی قەڵاچۆکردنی دزەکردن و تێکدان و کاری ئاژاوەگێری، باشترکردنی تواناکانی شەڕکردن و بەڕێوەبردن، شارەزابوون لە هونەرە جەنگی و وەرزشییە تاکەکسییەکان، ڕاهاتن لەسەر مەشقە مەترسیدارەکان و پشت بەخۆبەستن لە کاتە ئاڵۆز و سەختەکاندا، ئامادەکردنی مامۆستا و ڕاهێنەری تایبەت لەو بوارانە بۆ ئەوەی بتوانرێت مەشق و ڕاهێنانەکان بەشێوەیەکی زانستی ئەنجامبدرێن.

### ئامانجە تایبەتییەکان

بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی جەنگاوەران بە تەواوی ڕشتەکانەوە کە لەگەڵ سرووشتی ئەرکەکانیان گونجاوبێت، هاوکات دروستکردنی گیانی کێبڕکێ لە نێوان سەرکردەکان و پێکهاتەکان و یەکەکان لە ڕێگەی ئەنجامدانی کێبرکێیە وەرزشی و سەربازییەکان و ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی وەرزشیی ساڵانە.

لە پرۆگرامی مەشقی ساڵانەی هێزەکانی پێشمەرگەدا، جەخت لەسەر چەند هێڵێکی گشتی کراوەتەوە بۆ ئەوەی مەشقەکان لەسەر بنەمای توانا جەستەییەکان بە هەردوو جۆری گشتی و تایبەتییەوە بێت بە ڕەچاوکردنی هێزی ماسولکە لە مەشقەکاندا، ئەمەش هەموو جۆرەکانی (زۆرترین هێز، خێرایی و بەرگەگرتن) دەگرێتەوە. مەشقکردن لەسەر بنەماکانی خێرایی بە هەموو جۆرەکانییەوە و مەشقکردن لەسەر بنەمای نەرمی (مرونە)، مەشقکردن لە بوارەکانی مەلەکردن و ئەنجامدانی پێشبرکێی وەرزشی و گۆڕەپانی مەشقی سەربازیی، هەروەها جەخت لەسەر ئەنجامدانی مەشقی ئێواران کراوەتەوە کە گرنگییەکی تایبەتی لە پێشخستنی توانا جەستەییەکاندا هەیە.

### تاقیکردنەوەی توانای جەستەیی

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە، زانینی ئاستی توانای جەستەیی سەربازە، ئەمەش بۆ ئەوەیە بە باشترین شێوە پرۆگرامەکانی مەشق پەیڕەوبکرێن. لەسەر ئەم بنەمایەدا، تاکەکانی هێزەکانی پێشمەرگە تاقیکردنەوەی پێشوەختەیان بۆ ئەنجامدەدرێت لەسەر تواناکانی ڕاکردنی (٥٠) مەتر زیکزاگ، شناو، شناوی سک و ڕاکردنی (٢٤٠٠) مەتری. ئەمەش سەرجەم ئەفسەر و کارمەند و پێشمەرگەکان بەپێی بارودۆخی ڕشتەکانیان دەگرێتەوە، هەروەها ئەوەش لە بەرچاوگیراوە بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی ٥٥ ساڵە، یاخود نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە و برینداری شەڕەکانن، یان فەرماندە و جێگری فەرماندەی یەکە سەربازییەکانن، یان پلەی سەربازییان لە (عەمید) بەرەو سەرەوەیە کە بەشداریی مەشقەکان ناکەن.

### پشکنین

پرۆگرامەکانی مەشقی جەستەیی پێویستیان بە بەدواداچوونی بەردەوامە بۆ ئەوەی وەک خۆی جێبەجێبکرێن و ببنە بازنەیەکی بەستنەوە لە نێوان فەرماندەیی و جێبەجێکار و سەرپەرشتیکارەوە. لەم سۆنگەیەوە، ئەرکەکانی پشنکین دیارکراون و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی و بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و ئەفسەرانی مەشقی جەستەیی پەیڕەودەکرێن و جەخت لەسەر چۆنیەتی و بەردەوامی و پلانەکانی مەشق و گۆڕەپانەکانی مەشق و تاقیکردنەوە جەستەیی و لایەنە کارگێڕیی و هونەرییەکان و چەندین بابەتی تری پەیوەست بە پرۆگرامی مەشق دەکەنەوە و بەدواداچوونی بەردەوامیان لەسەر دەبێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی ئەو هەنگاوە گرنگانە جێبەجێبکرێن.

بەڕای شارەزایانی بواری سەربازیی، توانای جەستەیی تاکەکانی هێزە چەکدارەکان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پێشکەوتن و بەهێزبوونی سوپاکان، چونکە ئەو تایبەتمەندییە وایکردووە زۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان لە پاڵ تواناکانی تری بواری چەک و تەکنەلۆژیا و پێداویستییە لۆجستییەکان یەکلایی بکاتەوە، بۆیە لە زۆربەی کۆلێژ و ئەکادیمییە سەربازیی و بنکەکانی مەشق گرنگی تایبەت بە مەشقی جەستەیی دراوە و یەکێکە لەو بنەما تایبەتانەی لە میدانی مەشقدا ڕەچاودەکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا، وەزارەتی پێشمەرگە بە پێویستی دەزانێت کار لەسەر بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرجەم یەکەکان بە پێی جۆری ڕشتە و ئەرکەکانیان بکات، ئەمەش وادەکات لە داهاتوودا هێزێکی تەندروست و جەستە ڕێک و بە توانا لەڕووی جەستەیی و دەروونی بنیادبنرێت و ئامادەبێت ڕووبەڕووی بارودۆخە سەخت و پێشهاتە ئاڵۆزەکان بێتەوە.

# پەیوەندیی ئەفسەر و سەرباز

● ئامادەکردنی/عەقید غەفوور فقێ محەممەدئەمین

## بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان ئەفسەر و سەرباز، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێت:

١. دوور بکەوینەوە لە گاڵتەپێکردن و سووکایەتی بە سەربازەکان، چونکە هەر تاکێك بە ئەندازەی خۆی گرنگی و رۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی ئەرك و فەرمانەکان.

٢. زۆر هەرەشەی سزادان بەکارمەهێنن.

٣. دوورکەوتنەوە لە سزادانی بە کۆمەڵ، چونکە ستەم لە بێتاوانەکان دەکرێت.

٤. خۆجیانەکردنەوەت لە سەربازەکان و دروستنەکردنی نێوانی زۆر لە نێوانتاندا، چونکە بەم کارەت پێگەی فەرماندەییت لاوازدەکەیت.

٥. لەکاتی پشووەکاندا زۆر لەگەڵ سەربازەکانت گفتوگۆ بکە بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لا دروست ببێت کە هەمووتان پێکەوە وەك یەك قەڵغان وان بۆ پاراستنی نیشتمان.

٦. فەرماندە دەبێت سەربازەکان بە پلەکانیان یاخود بە ناوی خۆیان بانگیان بکات.

٧. ئاگاداری خاڵی جیاوازیی نێوان خۆت و سەربازەکانت بە با پەیوەندییتان وەك پەیوەندیی باشی ئەندامانی یەك خێزان بێت، ئەو پەیوەندییە رابگرن و بیپارێزن.

٨. بۆ ئەوەی سەربازەکانت هەست بە خۆشەویستی و سۆزی تۆ بکەن و بۆ ئەوەی متمانە و دڵسۆزییان بەدەستبهێنیت، پێویستە ئەم بەهایە لەنێوانتاندا دروست ببێت، کە بەمەش رێز و متمانە زیاتر دەبێت.

٩. هەرکاتێك سەربازێك پێشنیازێکی بۆ کردی بە گرنگییەوە لێی بڕوانە، ئەگەر شیاوبوو، جێبەجێی بکە بۆ ئەوەی متمانە بەخۆبوون و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی لەلا دروست ببێت و هەست بکات پێشنیازەکانی سوودی دەبێت و بەرەو پێشەوە بچێت.

١٠. با مامەڵت لەگەڵ سەربازەکانت مامناوەندی بێت نە هێندە رەق بێت نە هێندە نەرم.

١١. هەوڵمەدە بە کردەوە و وتەکانت هیچ سەربازێك برەنجێنیت، یاخود لەکەداریان بکەیت، ئەگەر ئەوکارە بکەیت ئەوە گیانی جوامێری و شکۆمەندی و کەرامەتی دەمرێت.

١٢. تۆی فەرماندە، نموونەی باڵای پێشەنگی سەربازەکانتی، هەوڵبدە دووربکەویتەوە لە هەموو کردەوەیەکی نەشیاو لە بەردەمیان، یاخود بە شێوەیەکی نەگونجاو لە بەردەمیان دەربکەویت، چونکە ئەم کارەت کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی بەرامبەرت، بۆیە خۆت دووربگرە لەوەی بەم شێوەیە دوور لە سەربازییە لەبەردەمیاندا دەربکەویت.

١٣. هەمیشە گرنگی بە سکاڵا و گلەیی سەربازەکانت بدە و بەدواداچوونی بۆ بکە، چونکە بەم کارەت خۆشەویستی و دڵسۆزیی تۆیان بۆ دەردەکەوێت و متمانەیان زیاتر دەبێت.

١٤. پێویستە بە یەك شێوە و دادپەروەرانە لەگەڵ سەربازەکانت بجوڵێیتەوە بۆ ئەوەی هەموویان هەست بکەن لەچاوی تۆدا یەکسانن.

١٥. هەمیشە دەستخۆشی لە سەربازەکانت بکە بەتایبەت کاتێك کارێکی باش دەکەن، بۆ ئەوەی گیانی کێبڕکێ و ئەرێنیان لە ئەرکەکانیاندا بۆ دروست ببێت.

١٦. زۆر کار لەسەر پشوودانی سەربازەکانت بکە، دڵنیابە لەوەی شوێنی پشوودان و خواردن و پۆشاکیان گونجاو و شیاو بێت.

١٧. خۆت لە سەربازەکانت بە گەورەتر مەزانە بۆئەوەی بۆشاییەك لە نێوان تۆ و ئەوان دروست نەبێت.

١٨. زۆر جار سەرباز ئاوێنەی هەڵسوکەوتی فەرماندەکەیەتی, هەر کاتێك سەربازەکانت نموونەی جوانی و شایستەییان پێشکەشکرد، بزانە ئەو رەوشتە لەتۆوە فێربوون .

١٩. خۆشەویستی و گیانی برایەتی لەنێوان پێشمەرگەکانت دروست بکە، چونکە زۆربەی کات لەگەڵ هاوسەنگەرانتدای بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری و پشتیوانی یەکتر بن لە هەر کارێکی نەخوازراو کە رووبدات.

٢٠. خۆت بەدوور بگرە لە رەفتار و گوفتاری رەق و زبر لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ سەربازەکاندا.

٢١. پێویستە هەمیشە کارە باشەکانی سەرباز ببینیت پێش کارە خراپەکان، نە ستەم لە سەربازەکان بکە نە چاوپۆشییان لێ بکە، بەڵکو بە چاوێکی دادپەروەرانە سەیری کردەوە و کارەکانیان بکە.

٢٢. پێویستە هەمیشە کۆشش بکەیت بۆ ئەوەی رێگربیت لەوەی سەربازەکانت نەکەونە هەڵەوە، ئەم کارەش دەبێتە نموونەی باڵا بۆ فەرماندە یەکە.

٢٣. هەر کات سەربازێکت یەکەم هەڵەی ئەنجامدا، هەوڵبدە ئامۆژگای بکەیت و هەڵەکەی بۆ روون بکەیتەوە، بۆ دووەم جار ئاگاداری بکەوە پاشان سزای بدە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئەرك و خەسڵەتی ئەفسەر

ئامادەكردنی: هۆزان

**ئەفسەر كەسایەتیەكی خاوەن پایەی ناو سوپایە و بەپێی ئاستی بەرپرسیارێتیەكەی ئەركێكی گرنگی لەناو سوپادا هەیە. لێهاتوویی و زیرەكی و پابەندبوونی بە بنەماو رێسا سەربازییەكان چ لەگەڵ خۆیدا و چ لەگەڵ دەوروبەرو خواروی خۆیدا ئەو هۆكارەیە ئەفسەر دەتوانێ شایستەیی ئەفسەر بوونەكەی متمانەدار بكات و كەسایەتی باش و خاوەن بڕیاربوونی خۆشی بسەلمێنێ.**

ئەفسەری سەربازی بریتییە لە تاكێك كە پلە و پێگەیەكی لە پلەبەندی سەربازی فەرمیدا هەیە و بە شێوەیەكی گشتی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ئەركەكەی و كارمەندەكانی، هەروەها بەرپرسیارە لە بەجێگەیاندنی كاروبارەكان و بەهێزكردنی توانای ئەندامانی یەكەكەی.

**بەپێی پێوەرە سەربازی – مەدەنیەكان سیفەتەكانی سەركەوتنی هەر كەسێك لە چەند خاڵێكی سەرەكیدا دەردەكەوێت:**

١. دەبێت توانای پەیوەندی لەگەڵ كەسانی تردا هەبێت و روونی بكاتەوە كە دەیەوێت چی بە باشی بۆ تیمەكەی جێبەجێ بكات.

٢. پێویستە توانای دروستكردنی تیمێكی باشی هەبێت و ئەو لێهاتوویی و جۆرە كارمەندانەی كە پێویستە بۆ دروستكردنی تیمێكی بەهێز پێبگەیەنێت.

٣. دەبێت متمانەی بەخۆی و تواناكانی هەبێت بۆ ئەوەی ئەوانەی لەژێر بەرپرسیارێتییەكەیدان بەهەمان شێوە متمانەیان پێی هەبێت.

٤. كەسی سەركەوتوو بۆچوونەكانی تر قبوڵ دەكات، تەنانەت رەخنەی كەسانی دیكەش بە تایبەت ئەندامانی ئەو تیمەی كە بەڕێوەی دەبات.

٥. كەسی بەرپرسیار دەبێت هەمیشە چالاك بێت، وشیارو خاوەن زانیاری بێت و بەردەوام پەرە بە تواناكانی بدات.

ئەفسەر ئاوێنەی دیسپلینی سەربازییە

رێسا سەربازیەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەفسەر (سەرچاوە، ئاوێنە)ی چەسپاندنی زەبت و رەبتی سەربازی و تونودتۆڵی سوپایە.

ئەفسەرێك ئەگەر بۆ نمونە لە رووی جلوبەرگەوە رێكوپێك و خاوێن و مونەزەم نەبێت ناتوانێ سەربازەكان رێنمایی بكات تا وەكو پێویست جلوبەرگی سەربازییان بپۆشن. ئەگەر ئەفسەر گورج و گۆڵ نەبێت و هەڵسوكەوتی لە چوارچێوەی بنەماو ئەركە یاساییەكانی سەربازیدا نەبێت ناتوانێت سەربازەكانی لەسەر ژیانی سەربازی رابهێنێت و پابەندێتیان رێكوپێك بكات.

ئەفسەر دەبێت دیسپلینی خۆی لەسەر بنەمای پەیوەندی دروست و رێزگرتن لەیەك بنیاد بنێ، دیسپلینیش مانای لێپرسینەوەی سەربازیی نیە، بەڵكو نیشانەی رێكوپێكی و بەهێزی و پەیرەوكردنی ئەركەكان و بەدیهێنانی ئامانجە ناوخۆییەكانی سەربازییە، بۆیەشە خۆزەبتكردنی ئەفسەر خاڵێكی سەرەكیە كە هێزە چەكدارەكان گرنگی زۆری پێدەدەن و كاری لەسەر دەكەن.

ئەفسەر كادرێكی كارای ناو هێزە چەكدارەكانە و پێویستە ئەفسەر پابەندی زەبتی تاكی بێت و بەكارهێنانی لەلایەن خودی خۆیەوە لە هەموو شوێنێكدا، چونكە پابەندبوونی ئەفسەران بەم خاڵەوە مانای وایە هەموو ئەفسەران لە ئاستێكی بەرزی رەفتاری سەربازیدا دەبن و ئەو كاتیش كاریگەری لەسەر تۆكمەیی سوپا دەبێت و هاوكات رەنگدانەوەی ئەرێنی زۆریشی لە ناو سەربازەكاندا دەبێت.

ئازایەتی كە پێوەرێكی كەسی سەربازە زەبت و دیسپلینی سەربازی دەتوانێ هاوكار بێت لە بەخشینی سیفەتی ئازایەتی بەئەفسەر، چونكە بنەماو رێسا سەربازییەكان لەسەر راهێنان و هاندان بۆ سەبر و خۆڕاگری و ورە و باوەڕ بەخۆبوون داڕێژراون، ئەفسەری سەركەوتووش باش لەم راستیانە دەگات.

بێگومان زۆر سیفاتی تر هەن كە كەسایەتی سەربازیانەی ئەفسەر دەبێ پێوەی پابەند بێت، بۆ نموونە:

ئەفسەری سەركەوتوو خاوەن رەوشتی بەرز و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی سەروویەتی و پشوو درێژە و چوست و چالاكە و ماندووبوون و بێزاری لە ئەركەكانیدا پێوە دیار نابێ، هاوكات خەمخۆری سەربازەكان و سەربازگەكەیەتی، كەسێكی رووگرژ و لوت بەرز نیە، راستگۆ و دادپەروەرو زمان شیرینە، پارێزگاری لە (كات) و لە ئەرك و فەرمانەكان دەكات و بە دوای بڕیار و رێنماییەكاندا دەچێت، لەگەڵ خوارووی خۆی بە وێژدان و بە بەزەییەوە لە هەمان كاتدا توندە لەجێبەجێكردنی رێساو ئەركە سەربازییەكاندا، سزا بەسەر هیچ سەربازێكدا نادات تاهۆی سزادانەكەی بۆ روون نەكاتەوە، لەسەر حسابی ئەرك و فەرمانە سەربازییەكان چاوپۆشی لە هیچ لادان و كەموكورییەك ناكات.

ئەفسەری سەركەوتوو باوەڕێكی زۆری بەفەرماندەو سەركردایەتیەكەی هەیە و هەمیشە بە وێژدانەوە بەرژەوەندی و ئامانجی بارەگا و سوپا و سەركردایەتیەكەی لەبەرچاوە لە دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ خاك و نەتەوەكەی خاوەن بیرێكی بەرز و ئیرادەیەكی پتەوە و هەردەم خۆی بە موڵكی سوپاكەی دەزانێ و بەردەوام لە كاتی راپەڕاندنی ئەركە سەربازییەكەیدا هەست دەكات كە جیاوازە هەم لەخەڵكی ئاسایی و هەم لە سەربازی بێ پلە و دەبێ ئەفسەر ئەم جیاوازییە بپارێزێ.

# رۆڵی میدیا لە رۆشنبیری و هۆشیاریی سەربازدا




ئامادەکردنی/عەقید ئیدریس ئەحمەد زوبێر

**میدیا بەگشتی واتا، ڕۆژنامە، تەلەڤزیون، ڕادیۆ و ئامرازە مۆدێرنەکانی وەک ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی و ماڵپەڕو تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئاستی زانین و باری رۆشنبیری و هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگەدا هەیە. ئەم بنەمایە لە داڕشتنی تێڕوانینی تاک و کومەڵگە و توانای شیکردنەوە و تێگەیشتنیان بۆ هەڵسوکەوتی گونجاو یارمەتیدەر دەبێت، هەروەها میدیا توانای گۆڕینی ڕەفتارو شێوازی ژیانی تاک و کۆمەڵگەی هەیە .**

کاریگەریی میدیا لەوانەیە هەندێکجار زۆر بەهێزبێت و توانای بڵاوکردنەوەی شێوازی هەڵسوکەوتی کلتووری و کومەڵایەتی هەبێت کە لەلایەن تاکە کەس یان کۆمەڵگەوە گرنگی پێدەدرێت.

ئەمە پشتدەبەستێت بە ڕێڕەوی خواستی تاکەکەس یان وەرگرەکە بۆ بەرکەوتن بە پەیام و زانیاریی پەخشکراو لەلایەن میدیا جۆراوجۆرەکانەوە هەرکاتێك کەسەکە یان وەرگرەکە ئارەزووی زانینی زانیاری یان بابەتێکی دیاریکراوی هەبێت ئەوە ڕوو لە میدیا دەکات، ئەمەش ئەو بیردۆزە دەگرێتەوە کە پێی دەگوترێت (دەرکەوتنی هەڵبژێردراو - نزریە التعرچ الانتقائی)، واتە تاکەکەس یان وەرگر هەمیشە سەیری ئەو میدیا و هەواڵ و پەیام و بەرنامانە دەکات کە لەگەڵ بیر و ئاراستەکانیدا هاوتایە، تەنانەت ئەگەر ئەوەی وەرگرەکە بەدوایدا دەگەڕێت، سەیرکردنی فیلم یان گرتە ڤیدیۆیەك بێت.

## پێناسەی میدیا

میدیا دەتوانرێت پێناسە بکرێت وەك گواستنەوەی هەواڵ و بیرۆکە و زانیاری و ڕووداوەکان لەلایەنێکەوە بۆلایەنێکی تر. میدیا هەموو ئامرازەکان و دامەزراوەکان و تەکنولۆژیاکان دەگرێتەوە، لەوانە ئامێر و ئامراز و بەرنامەکان کە بو پرۆسەی گواستنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی زانیاری بە کاردێن.

لەسەردەمی مۆدێرندا، پێشکەوتنی تەکنولۆجی جیاواز لە میدیادا، لە ڕێگەی سەرهەڵدانی تەکنولۆژیای نوێی میدیاوە هاتۆتەئاراوە، چیتر تەلەفزیۆن و رادیۆ سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی میدیا نین، سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و بەکارهێنانی ئینتەرنێت زۆر بەرچاوبوونە، جگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووك، یوتیوب، تویتەر و هاوشێوەکانیان، ئەمەش بووە بە دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر لە نێو کۆمەڵگەکاندا.

## رۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا

میدیا لە کۆمەڵگەدا لەڕووی سەرنجڕاکێشانی خەڵك لەگەڵ هەواڵ و زانیاری و بیرۆکەکان کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان و پرۆسەی جێبەجێکردن هەیە، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەر پرۆسەی پێکهێنانی ڕای گشتی، جگە لە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و ئاراستە فیکری و سیاسییەکانیان، ئەمەش دەبێتە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هۆی ئەوەی کە لە پرۆسەی گەشەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا گرنگییان پێ بدەن.

## رۆڵی میدیا لەناو هێزە چەکدارەکاندا

تاکەکەس سوود لەو خزمەتگوزاری و زانیارییانە وەردەگرێت کە بەو رێگایانە پێشکەش دەکرێن کە نوێنەرایەتی دەکرێت لە پەیوەندیکردنی بە کێشەکانی جیهانەوە لە رێگەی کێشە ئابووری و کومەڵایەتییەکانەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکە جۆراوجۆرەکان و شەڕکەرەکان. بەم شێوەیە میدیا رێگایەکە بۆ بەرزکرنەوەی دەنگی ئەو کەسانەی بێ دەنگن، بە پێشکەشکردنی کێشە و نیگەرانییەکانی خەڵك. جگە لە پەروەردەکردنی جەنگاوەرەکە و پاراستنیان لەو دیاردە نەرێنییانەی کە ڕووبەڕووی دامەزراوە سەربازییەکە دەبنەوە وەك بەرەنگاربوونەوەی دزی، قاچاخچێتی، بەرتیل وەرگرتن و دەستدرێژی.

جگە لە ڕۆڵی میدیا لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و تاقیکردنەوە زانستییەکان و داهێنان و دۆزینەوەکان، دەتوانرێت بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکرێت، مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و رووداوە جەنگییەکانی نێوان لایەنەکان لە ڕێگەی میدیاوە بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و هەمەجۆری زانیاری کە بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی هزری وەرگرەکان و پەرەپێدانی جۆرایەتی، لێرەوە قەبارەی زانیاریی بینەرانی شەڕکەرەکان زیاد دەکات کە پشتگیری لە کوالیتی زانین و کلتووری سەربازی دەکەن، لە لایەکی ترەوە، میدیا لە ڕێگەی پەرەپێدانی لایەنی پەروەردەیی و زانستییانەوە، بەشداریی لە پرۆسەی گەشەپێدانی رۆشنبیری و کلتووری جەنگاوەران دەکات.

## میدیا سەرچاوەیەک بۆ رۆشنبیری و هۆشیاری

میدیا بەشێوە جیاوازەکان و هەمەجۆرییەکەی، بینراو، بیستراو و خوێندنەوە، یەکێکە لە سەرەکیترین بوارە گرنگەکان بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ، بەتایبەتی بەهۆی ئەنتەرنێتەوە جیهان بووەتە گوندێکی بچووک.

پێویستە میدیا ئامانجی بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و ئەو شتە جیاواز و ئازادییە جیاوازانە بێت کە پێویستی پێیەتی. لێرەوە کارەکتەرەکانی ڕاگەیاندن دەبێت لەسەر بنەمای دادپەروەری کاربکەن و ڕاستی ئاشکرابکەن و پابەندبن بە راستییەکان و لە هەڕەمەکی و مەزاجییەت دووربکەونەوە و بەهێز و بوێری و رەوشتی باش و توانای بەرز لە دەربڕین و داهێناندا بناسرێن. پابەندبوون بە نووسینی وتار و بابەتەکان و لێکۆڵینەوە و گێڕانەوەی زانیاری و ڕاستییەکان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەبێ زیادکردن یان کەمکردنەوە و بێ شێواندن و خۆبەدوورگرتن لە لایەنگری بۆ ئەم یان ئەو لایەن.

هەروەها کاتێك ڕەخنە لە بارودوخێکی نەرێنی دیاریکراو دەگیرێت، ڕەخنە یان قسەکردن یان رێنمایی پێویستە بە شێوەیەکی شارستانی و ویژدانێکی زیندوو دوور لە هەست و توڕەیی و کاریگەریی هەستی و بەرژەوەندییە کەسییەکان ئاڕاستە بکرێت، بە باوەڕێکی بەهێزەوە بوەستێت و ئامۆژگاری بەسوود و بنیاتنەر و ڕۆحی و چارەسەر و رێنمایی پێشکەش بکات، دڵێکی پڕ لە چاکە و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی و بەها سەربازییە شکۆدارەکان و ئەخلاقی پیشەیی سەربازی پێشکەش بکات، بابەتەکان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و تەکنیکی پێشکەش بکرێن و سادە و گونجاوبن.

## کۆتایی

شۆڕشی تەکنەلۆژیای میدیای سەتەلایت و بلۆگە دیجیتاڵییەکان (المدونات الرقمیه) لەسەر ئینتەرنێت، بووەتە هۆی ئاسانکاری و لە هەمانکاتدا ئاڵۆزییەك بۆ زۆرێك لە بابەتە زانستی و کلتووری و شارستانییە جیاوازەکان و بڵاوبونەوەی شۆڕشی زانین و زانیاری لە جیهاندا. وڵاتە پێشکەوتووەکان میدیا وەك یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی کلتوور و زانین لە کۆمەڵگەدا سەیر دەکەن.

پێویستە راگەیاندن و چاپەمەنی سەربازی رۆڵێکی جیاواز و کاریگەرتر و ئەرێنیتریان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کلتووری، شارستانی، زانست و هۆشیاریی سەربازیدا هەبێت. دەبێت بەجدی بۆ پەروەردەی نیشتیمانی و بەهێزکردنی ورە و ئیرادە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراوە سەربازییەکان کاربکەین.

**تێبینی:**

سوودوەرگرتن لە چەند بابەتی بڵاوکراوەی پەیجەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق.

گشتی، جگە لە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و ئاراستە فیکری و سیاسیی

ڕەخنە یان قسەکردن یان رێنمایی پێویستە بە شێوەیەکی شارستانی و ویژدانێکی زیندوو دوور لە هەست و توڕەیی و کاریگەریی بەرژەوەندییە کەسییەکان ئاڕاستە بکرێت

میدیا بەشێوە جیاوازەکان و هەمەجۆرییەکەی بینراو بیستراو و خوێندنەوە یەکێکە لەسەرەکیترین بوارە گرنگەکان بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ



# شەڕی ئەلیکترۆنی
# کاریگەری و مەترسییەکانی

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گەشەسەندنە تەکنەلۆژییە گەورەیەی کە لە جیهانی دەوروبەرماندا ڕوودەدات و لەگەڵ سوودە بێشومارەکانی ئەم گەشەسەندنە، بەڵام ئایا بە تەواوی ئاشنای دیوەکەی تری ئەم گەشەسەندنە سەرسوڕهێنەرە هەین! کە دەتوانین ناوی بنێین شەڕی ئەلیکترۆنی، یان سوپای ئەلیکترۆنی. کەواتە ئەم شەڕە چییە و تا چەند بەئاگاین لە ڕادەی مەترسییەکەی بۆ سەر جیهان و بۆ هەر تاک و کۆمەڵگەیەک.
دەتوانین شەڕی ئەلیکترۆنی بە یەکێک لە مەترسیدارترین و وێرانکەرترین شەڕە ئەلیکترۆنیەکان بزانین، کە جیهانی مۆدێرن پێیدا تێدەپەڕێت و کۆمەڵگە و تاکەکان لە مەترسییەکانی پارێزراو نین، ئەمەش پەیوەستە بە پێویستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بۆ باشترکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و زانیارییەکانیان.

عقید قارەمان مەهدی




## شەڕی ئەلیکترۆنی

مێژووی جیهانی هەرگیز بەدوور نەبووە لە جەنگ و شەڕە جیاوازەکان، هەر سەردەمەو جۆرو شێوازی شەڕەکان وەک یەک نەبوون، لە شەڕە ئاساییەکانەوە دەستپێدەکات تا گەیشتووە بە کیمیایی و ئەتۆمی، بەڵام لەم سەردەمەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنە گەورە زانستی و تەکنەلۆژییەی هاتۆتەئاراوە، جیهان بەرەو جۆرێکی نوێی شەڕ هەنگاوی ناوە، ئەویش شەڕی ئەلیکترۆنییە.

شەڕی ئەلیکترۆنی، بریتییە لە پلانی گروپە ڕاهێنراوەکان کە بەپێی ئەجێندایەکی تایبەت کاردەکەن بە ئامانجی دزەکردنە ناو ماڵپەڕی نەیارانیان و گەیاندنی پەیامە تایبەتەکانیان، هەروەها پەرەپێدانی دەنگۆ و پڕوپاگەندە و نانەوەی ئاڵۆزی و پەشێوی. وڵاتان دەستیان بە دامەزراندنی ئەم جۆرە یەکە ئەلیکترۆنییانە لەناو هێزە سەربازی و ئەمنییەکانیاندا کردووە.

شەڕی ئەلیکترۆنی، لە کۆمەڵێک کەس و هاککەری ئینتەرنێت پێکدێن، کە زیاتر لە پێناو سوودی خزمەتگوزاریی هەواڵگری و ئاسایشدا کاردەکەن، هەوڵدەدەن بچنە ناو ماڵپەڕی کەسایەتییەکان و دامەزراوەکانی وڵاتانەوە، بەردەوام لەسەر خەتن و لەکاردان و دەچنە ناو ماڵپەڕەکانی تر بۆ بەرگریکردن لە باوەڕ و پەیامی خۆیان و بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندە و ئاراستەکردنی خەڵک بۆ مەبەست و مەرامێکی دیاریکراو.

شەڕی ئەلیکترۆنی دەچێتە ناو سیستەمی ئەلیکترۆنی جیهانی و هەموو شتێکەوە کە پشت بە تەکنەلۆژیا دەبەستێت، بۆ زیانگەیاندن بەو کۆمپیوتەر و ئامێرانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکاری دەهێنن، کە لەوانەیە ئەنجامی کارەساتباری لێبکەوێتەوە، وەک دزینی زانیاریی تایبەت و کارەساتەکانی تر کە ڕەنگە جیهانی یان ناوچەیی بن وەک جەنگەکان.

### پەرەسەندنی شەڕی ئەلیکترۆنی

دوای بڵاوبوونەوەی بەرفراوان و گەورە و خێرای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتووەوە بۆ تەواوی جیهان، ترس و دڵەڕاوکێ لای هەمووان سەریهەڵدا. پاشان لیژنەیەکی ئەمریکی تایبەتمەند لە پاراستنی ژێرخانی ئابووری لە ساڵی ١٩٩٧ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، تیایدا داوای بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان کرد بۆ ئاسایش بە گشتی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەموو پەرەسەندنی هەواڵ و ترسی دەوروبەری جیهانی شەڕی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ئەلیکترۆنی و مەترسییەکانی، ئەمریکا «تیمێکی سوور»ی تایبەت بە دۆزینەوەی لاوازییەکانی تۆڕی دیجیتاڵی ئەمریکی پێکهێنا و وەک سوپای ئەلیکترۆنی ئەمریکا هەژمارکرا. هەر لەو ساڵەدا ئەمریکا دوو هێرشی گەورەی بەرکەوت، یەکەمیان هێرشی خۆرهەڵاتن بوو، کە دواتر دەرکەوت کە لەلایەن دوو کوری ئەمریکییەوە ئەنجامدراوە کە تەمەنیان لە خوار شانزە ساڵەوەیە، چونکە پێشبڕکێیان دەکرد لەسەر ئەوەی کێ دەتوانێت خێراتر بچێتە ناو پنتاگۆنەوە لە چاو ئەوی تر. سەبارەت بە هێرشی دووەمیش کە ناوی (Moonlight Labyrinth) بوو، دەتوانین بە یەکەم هێرشبەرانەتر و دوژمنکارانەتری بزانین، بەو پێیەی هاککەرەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک لە دزەکردنەکانیاندا بەردەوام بوون و رووسیاش لە پشت ئەم هێرشە توندەوە بوو، کە ئەمە دەتوانین بە سەرەتای شەڕی ئەلیکترۆنی راستەقینەی بزانین.

## لووتکەی شەڕی ئەلیکترۆنی

شەڕی ئەلیکترۆنی و ئەم دەستەواژەیە، لە ساڵی ٢٠١١دا بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە دوای ئاشکراکردنی سوپای ئەلیکترۆنی سووریا کە سەرکەوتوو بوو لە دزەکردنی بۆ ناو ماڵپەڕە ئەورووپی و ئەمریکی و عەرەبییەکان بە ناردنی پەیامی پشتیوانی لە رژێمی بەشار ئەسەد دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا لە هەمان ساڵدا.

لە ناودارترین ئەو دامەزراوانەی کە سوپای ئەلیکترۆنی سووریا هاکیان کرد، بریتی بوون لە بی بی سی، رۆیتەرز، ئەسۆشێتدپرێس، ئاژانسی فرانس پرێس، نیویۆرک تایمز، گاردیەن و هیومان رایتس وۆچ.

وڵاتە گەورە و پێشکەوتووەکان زۆرترین زیانیان بەرامبەر بەم هێرشانە بەرکەوتووە ، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رووسیا و وڵاتانی گەورەی دیکە. ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٤ رووبەڕووی نزیکەی ١٠٠ هەزار پەلامار و هێرشی ئەلیکترۆنی بووەتەوە.

## ئامانجەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی

شەڕی ئەلیکترۆنی ئامانجی دوورمەودای هەیە، مەترسییەکەی لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوەستێت و زیانەکانی هیچ مەودایەکی دیاریکراوی نییە. بە گشتی حزەدەکەن بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو شتانە بکەن کە لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکرێنەوە و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی ئەو لایەنانە هەیە کە کاریان بۆ دەکەن و بە هاککردنی سایتە بەناوبانگەکان دەتوانن دەنگۆ و درۆ بڵاوبکەنەوە بە ئامانجی تێکەڵکردنی دۆخەکەو لاوازکردنی وورەی لایەنی بەرامبەر. ئامانجەکان بە شێوەی گشتی بریتین لە:

١- هێرشی سنووربەزاندن دەکەن، کە کات و شوێنێک نییە بۆ ڕاگرتنیان.

٢- دەتوانێت بە خێراییەکی باوەڕپێنەکراو بگاتە هەر شوێنێکی جیهان.

٣- زۆر کوشندەیە، چونکە لەوانەیە وێستگەکانی کارەبای ئەتۆمی بتەقێننەوە، هەروەها ڕەنگە کارەبای تەواوی شارەکان تێکبدات.

جگە لەوانەش ڕەنگە سیستەمی کۆنترۆڵکردنی گەورە لەکاربخات و ڕێڕەوی مووشەکەکان بگۆڕێت و پەکیان بخات و بانکەکان هاک و دزییان لێبکرێت و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستکاری گواستنەوەی بانکی بکرێت. هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن گەشتە ئاسمانی و دەریایی و وشکانییەکان تێکبدەن و ڕێڕەوەکەیان بگۆڕن.

## کاریگەرییەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی

یەکێک لە کاریگەرییە هەرەدیارەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی ئەوەیە کە زیانەکانی زیاتر دەبن لە سوودەکەی، ئەمەش وا دەکات هەموو جیهان لە بەرامبەر تۆپەکەدا بکەوێت.

کاریگەریی شەڕی ئەلیکترۆنی تەنها لە واقیعێکی ئەلیکترۆنی، سیاسی یان سەربازیدا سنووردار نابێت، بەڵکو بێگومان کاریگەری لەسەر سیستەمی چاودێریی تەندروستی دەبێت، کە بۆ زۆربەی کارەکانیان وابەستەی جیهانی دیجیتاڵی بوون.

کاریگەریی پەلامارەکانی سوپای ئەلیکترۆنی گەیشتە رادەیەک کاتێ ماڵپەڕی ئەسۆشێتد پرێس لە ٢٣ی نیسانی ٢٠١٣دا هاککرا، پەیجی ئاژانسەکە لە تویتەر هەواڵی ناڕاستی بڵاوکردەوە سەبارەت بە تەقینەوەیەک گوایە لە کۆشکی سپی ڕوویداوە و باراک ئۆباما بریندار بووە، هەرچەندە دوای ماوەیەکی کورت هەواڵەکە ڕوون بووەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی جددی بوون، بۆ نموونە، پێوەرەکانی دراو جۆنز ١٢٥ خاڵ دابەزی.

## شێوازەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی

شەڕەکان لە ماوەی ساڵانی دووردرێژدا کارەساتێک بوون کە هەڕەشەیان لە ئاسایشی ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا کرد، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی گەورەدا، چیتر سنووردار نییە بە شەڕە ئاساییەکان کە ئێمە ئەزموونمان کرد و چەکی ڕاستەقینەیان تیا بەکارهێنا، بەڵکو پەرەی سەندووە بۆ ئەوەی بگاتە شەڕی ئەلیکترۆنی کە دەتوانێت زۆرێک لە ناوبات بەبێ ئەوەی یەک تەقە بکرێت، دەتوانین شێوازەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵێک خاڵدا ریزبکەین، ئەوانیش:

**یەکەم: هێرشی ئەلیکترۆنی یان: Cyber EA**

بەکارهێنانی هێزی ئەلیکترۆنییە لەلایەن کۆمەڵێک

هاککەرەوە بە مەبەستی لێدانی نەیارێک، یان دوژمنێک و لەناوبردنی بە شێوەی ئەلیکترۆنی و دەستبەسەرداگرتن و چوونە ناو سیستەمە ئەلیکترۆنییەکانی و دەستکاریکردن و کۆنترۆڵکردنی.

**دووەم: پاراستنی ئەلیکترۆنی یان سایبەر EP:**

هەموو ئەو هەوڵانەیە کە هێرشبەری ئەلیکترۆنی لە پێناو پاراستنی ئەلیکترۆنیاتی دەوڵەتدا دەیدەن و زۆرجاریش سرووشتی بەرگریی هەیە بە ئامانجی پاراستن لە هێرشەکان، کە ڕەنگە سیستەمی ئەلیکترۆنی لە هەر هێرشێکی لەناکاودا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

پێشبڕکێی نێوان وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان تەنها لە پێشبڕکێی چەک یان خاوەندارێتی هێزی ئەتۆمی و تەنانەت خاوەندارێتی بەهێزترین سوپای سەربازی و بابەتی واقیعی تردا سنووردار نەبووە، بەڵکو بابەتەکە پەڕی سەندووە بۆ ڕەگەزێکی ڕاستەقینە لەناو بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بۆیە وڵاتانی جیهان بۆ دروستکردنی بەهێزترین سوپای ئەلیکترۆنی پێشبڕکێ دەکەن، کە وڵاتانی ڕووسیا، چین، ئەمریکا، بەریتانیا و ئیسرائیل پێشەنگی ئەو هەوڵانەن.

## جۆرەکانی هێرش لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا

**هێرشی فیشینگی:** کە بە یەکێک لە جۆرەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، وەک چۆن بە ناردنی پەیامێکی گوماناوی یان بەستەرێکی ئەلیکترۆنی زیانبەخش ئەنجام دەدرێت، بۆیە قوربانی ئەم پەیام و لینکانە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بکەوێتە داوی ئەو کەسەی کە خۆی نیشان دەدات، و... زانیاریە کەسییەکانی لە کارتی بانکیی و ئەوانی دیکە دەدزرێت. هێرشی فیشینگ لە تۆڕە حکومییەکان یان کۆمپانیا گەورەکاندا ڕوودەدات بۆ ئەوەی کارمەندەکان تێیدا بخەنە تەڵەوە و هەڕەشەیان لێبکەن کە زانیاریی گرنگ بەدەستبهێنن لە بەرامبەر بڕێکی دیاریکراوی پارەدا.

**فیشینگ:** بە نامەیەک پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە دەنێردرێت، بەو پێیەی کەسانێک دەیبینن کە دەزانن چی دەکەن و کێ دەکەنە ئامانج، ئەوان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نین و بە تەواوی دەزانن چی دەکەن، کە زۆرجار بۆ مەبەستی بازرگانی، سیاسی، یان سەربازییە، لەم جۆرە هێرشەدا چەتەی دەریایی زانیاری گرنگ و داتای نهێنی بەدەست دەهێنن.

ئەو هێرشانەی کە بە فیشینگی نەهەنگ ناسراون: ئەو هێرشانەن کە پەیامی ئامۆژگاری دەنێرن بۆ ئەوەی قوربانییەکە بخەنە تەڵەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی هێرشێک کە حەواڵەی بانکی دەکاتە ئامانج، بەتایبەت ئەوانەی پۆستی گرنگیان هەیە لە دامەزراوەکاندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەوانەوە.

**هێرشی بەرنامە زیانبەخشەکان:** بریتین لەو بەرنامانەی کە کۆنترۆڵی بەرنامەکانی قوربانییەکان دەکەن، بە داخڵکردنی کۆدەکان بۆ ئامێری قوربانییەکە بە شێوەی سکریپتێک کە زیان بە ئامێرەکە دەگەیەنێت بە PHP یان HTTP لە سایتێکەوە بەبێ ڕەزامەندی، جگە لەوەی کە سیخوڕییە، ئەم جۆرە هێرشە دەتوانێت سیستەمی تۆڕەکە بە گشتی کۆنترۆڵ بکات و بە تەواوی لەناوی ببات و خۆیشی بشارێتەوە.

**بەرنامەکانی ترۆجان:** ئەو بەرنامانەی خۆیان لە بەرنامەی بەسوود دادەپۆشن، هاوشێوەی هەندێک لەو بەرنامانەی کە بەکارهێنەر پێویستی پێیەتی، بۆ ئەوەی بەرنامەکە لەگەڵیدا دابمەزرێنێت! لە ئەنجامدا چێژ لە مەترسیدارترین بابەت وەردەگرێ کەزیان بە کۆمپیوتەرەکان دەگەیەنێت و لەوانەیە زانیارییە داراییەکانت بدزێت.

## هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و سەرچاوەکانیان

لەبەر ڕۆشنایی گواستنەوەی هەڕەشە و شەڕەکان لە چەمکە تەسکەکەیەوە کە لە شەڕی سەر زەویدا قەتیس کراوە، بۆ شەڕ بە مانا فراوانەکەی کە شەڕی ئەلیکترۆنییە، بە هەمان شێوە گۆڕینی لە شەڕە ڕاستەقینەکانی سەر زەوی بۆ شەڕەکانی بنەمای واقیعی مەجازی و دیجیتاڵی. ئەو هەڕەشانەی کە لە ئەنجامی ئەم شەڕی ئەلیکترۆنییەوە دروست دەبن، زیادیان کردووە، دیارترینیان ئەوەیە کە پێشتر باسمان کرد لەڕووی بەرنامە زیانبەخشەکان و هێرشە ڕاستەقینەکانەوە، جا چ بۆ سەر تاکەکان، کۆمپانیاکان، یان دامەزراوەکان.

## چۆن خۆمان لە شەڕی ئەلیکترۆنی بپارێزین؟

لەبەرئەوەی ئەنتەرنێت لەبەردەستی هەموواندایە، وایکردووە مەرامی هێرشبەرانی ئەلیکترۆنی کاریگەرتر بێت لەبەر ئەوەی زۆرێک لە خەڵک و لایەنەکان پەیامەکان دەبینن و دەزانن و دەنگۆ و پڕوپاگەندەکان، بە مەبەست یان بێ ئاگایی، وەردەگرن و جاری تر پەخشی دەکەنەوە، یان باسی دەکەن، کە ئەمانەش پێیان دەوترێت (مێشی ئەلیکترۆنی).

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی هێرشبەرانی ئەلیکترۆنی و ئەوانەی کە پەیامەکانیان پەسەند دەکەن، بەشداریکردنی بەهێزە لە شەڕەکانی تویت و کۆمێنت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کار لەسەر دروستکردنی چەند ئەکاونتێکی بێشومار دەکەن و بە ناوی ساختە کاردەکەن بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی



مەرامەکان.

بەکارهێنانی پێگەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن هێرشبەرانی ئەلیکترۆنییەوە تەنها هەوڵی ئەوە نادات کە بۆچوونەکانی نەیاران و لایەنی بە ئامانجکراو بشێوێنێ و ناوبانگیان لەکەدار بکات، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت بۆ هاککردنی ئەکاونتەکان و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنیان بۆ هەمیشە و دزینی نهێنییەکان و پاشان بەکارهێنانیان وەک هەڕەشەو کارتی فشار، بۆیە وەک هەمیشە دەوترێت: خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە. ئەمەش پێمان دەڵێت، بەرانبەر شەڕی ئەلیکترۆنی و خۆپاراستن لە هێرشە مەترسیدار و کارەساتبارەکان:

*هەمیشە هۆشیار و ئاگادار بە.

*هەموو شێوازەکانی پاراستنی ئەلیکترۆنی پەیڕەوبکە.

*هیچ سەرچاوە، نامەو، پەیام و ڕێکلامێکی نەناسراو وەرمەگرە.

## دواسەرنج

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، شەڕی ئەلیکترۆنی شەڕی داهاتووە، بە واتایەکی تر ڕەنگە ڕادەی مەترسییەکەی ببێتە هۆی لەناوچوونی هەموو شتێک! ڕەنگە دەرئەنجامە ترسناکەکانی بۆ هەسارە گەورەکەمان کارەساتبار بن.

ئەو پێشبڕکێ ئەلیکترۆنییەی کە لە کاتێکدا لە ماڵەکانماندا ئارامیمان دەکاتەوە، لە جیهانی دیجیتاڵییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا بژی، بەڵام پێویستی بە ڕێوشوێنی خۆپاراستنە و دەبێ زۆر بە جددی وەریبگرین. لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەر هەڕەشە و مەترسییەک ببینەوە و ڕەنگە زیانەکانی تەنها بۆ خودی خۆمان و چەند کەسی دەوروبەرمان نەبێت، بەڵکو لەوانەیە دژی خاک و نەتەوەکەمان بێت و زیان بە ئاسایش و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هەرێمەکەمان بگەیەنێ، بۆیە دەبێ هۆشیار بین و سەنگەری بەرگریی ئەلیکترۆنیمان سازو چالاک بێت.

**سەرچاوەکان:**

**- cyberone.co - الحرب السيبرانية.**

**- www.lebarmy.gov.lb الحروب السيبرانية واقع عالمي جديد.**

# بۆمبی کارۆموگناتیسی

# ئەو چەکەی هەموو ئامێرەکان لەناودەبات

ئامادەکردنی/عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەنگاوی گەورەتر دەهاوێژن و دۆزینەوەی بەرزتر دەهێننەئاراوە. بەتاییەت لەبواری چەک و تەکنەلۆژیای سەربازیی هەنگاوی زۆر گەورەیان ناوە، بەرچاوترینیان لەبواری چەکی کۆمەڵکوژ و بۆمبی ئەتۆم، لە نێوانیشیان نوێترین و کارگەرترینیان کە بۆمبی کارۆموگناتیسییە.

چەکی کارۆموگناتیسی جیاواز لە چەکی ئەتۆم کە توانای وێرانکردن و خاپوورکردنی تەواوی بیناو باڵەخانەکانی هەیە، جگە لە کوشتنی مرۆڤ و ئاژەڵ بەهۆی ئەو وزە زۆرەی کە هەیەتی، سەرەڕای دەرپەڕاندنی چەندین تیشکی زیانبەخشی وەکو تیشکی گاما کە کارگەرییەکەی بۆ چەندین ساڵ لەسەر نەوەی داهاتوو بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەو چەکەی کەس ناکوژێت و شارستانییەت بۆ چەندین ساڵ دەگەڕێنێتەوە دواوە. ئەم چەکە کەس ناکوژێت، بەڵکو شەپۆلێک وزە بڵاودەکاتەوە کە لە توانایدایە هەموو ئامێرەکانی ناوچەی بە ئامانجگیراو لەناوببات کە دەتوانێت لە چەند چرکەیەکدا باشترین کۆمپیوتەر و پێشکەوتووترین سیستەمی بەرگری و تازەترین تانک بکات بە پاچەیەک بەرد یان زبلێکی بێ نرخ.





دكتۆر بایەزید حەسەن عەبدوڵا

لەم بارەیەوە ئەمجارە گۆڤاری پێشمەرگە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەم بابەتە ڕوونەدەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی ئەم بەدواداچوونەمان ئامادەکردووە.

سەرەتا ڕووی پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دکتۆر عیسا ئیسماعیل خۆشناو، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زانست بەشی کیمیا کرد و لێیان پرسی تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی چییە؟ ڕایگەیاند: لەفیزیای کلاسیکدا تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی بریتییە لە لێشاوی وزە بە خێرای ڕووناکی لە بۆشایی گەردوونی ئازاد یان لە ڕێگەی ناوەندێکی فیزیاییەوە لە شێوەی بواری کارەبایی و موگناتیسی کە شەپۆلی کارۆموگناتیسی پێکدەهێنێت. تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی وزە لە شێوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی. ئەم شەپۆلانە پێکدێن لە لەرزینی (لەرینەوەی کارەبای) هاوکاتی بواری کارەبای و موگناتیسی و ستوونی بۆ یەکتر و ئاراستەی بڵاوبوونەوەی وزە. تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی مەودایەکی فراوان بەدرێژی شەپۆلەکان دەگرێتەوە کە لە شەپۆلی ڕادیۆیی زۆر درێژەوە دەستپێدەکات لەگەڵ درێژیی شەپۆلی ١٠٠٠ مەتر، بۆ تیشکی گامای زۆر کورت لەگەڵ درێژی شەپۆلەکانی ١٠ -١٢ مەتر. شەبەنگەکە شێوە ئاشناکانی تیشکدانەوە لەخۆدەگرێت بە ڕێژەی جیاواز، وەک شەپۆلە ڕادیۆییەکان (٤١٠هێرتز)، مایکرۆویڤ (٨١٠هێرتز)، ژێرسوور (١٢١٠هێرتز)، ڕووناکی بینراو(١٥١٠هێرتز)، تیشکی سەرووەنەوشەیی (١٦١٠هێرتز)، تیشکی ئێکس (١٨١٠هێرتز) و تیشکی گاما (٢٠١٠هێرتز).

ئەم شەپۆلانە وزە هەڵدەگرن و دەتوانن بەناو بۆشایدا گەشت بکەن. واتە پێویستیان بە ناوەند نییە بۆ بڵاوبوونەوە. تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەدیاریدە سروشتییە جۆراوجۆرەکان و بەکارهێنانە تەکنەلۆژییەکان لە پەیوەندی و وێنەگرتنەوە بۆ گەرمکردنەوەو چارەسەری تیشکدانەوە .

هەر سەبارەت بەوە لە دکتۆر عیسامان پرسی چۆن تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان تێکدەدات؟

لە وەڵامدا گوتی: لەکاتێکدا لەبەرهۆکاری ئەمنی، وردەکاریی دیاریکراو دەربارەی چۆنیەتی ناچالاک کردنی تیشکدانەوەی کارەبایی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام گریمانە دەکرێت کە ئەم چەکە سیستەمێکە دەتوانێت تەکنیکەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی بەکار بهێنێت. تەکنەلۆژیای کارۆموگناتیسی بریتییە لەدەرکردنی وزەی کارۆموگناتیسی بەڕێژەی جیاواز بۆ دەستێوەردان یان تێکدانی کارکردنی سیستەمە ئەلیکترۆنییەکان لە مەودای کارپێکردنیاندا، وەک ڕادار، ئامێرەکانی پەیوەندی یان سیستەمی ڕێنمایی. یەکێک لە ڕێگاکان بریتییە لە بەکارهێنان و لێدانی چەکی مایکرۆوەیڤی کە توانای بەرز بەرهەم دەهێنێت، بەجۆرێک توانای زیانگەیاندنیان هەیە، دەتوانن ببنە هۆی بەرزبوونەوەی ڤۆڵتیە لەسوڕە ئەلیکترۆنییەکان و زیانگەیاندن یان لەناوبردنی ئامێرەکانی نیمچە گەیەنەر وەک ترانزیستۆر و سوڕە یەکخراوەکان. تەکنیکێکی تر لەوانەیە تێکەڵکردن لەخۆبگرێت کە سەرچاوەکە ئاماژەی کارۆموگناتیسی دەردەکات بۆ زاڵبوون یان تێکدانی ئاماژەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییە بە ئامانجگیراوەکان کە دەبنە هۆی تێکدان و وێرانکردن کە ناتوانرێ بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان کەم بکرێتەوە.

سەبارەت بەدروست بوون و قۆناغەکانی و چۆنیەتی کارکردنی ئەو چەکە کاریگەرە دکتۆرعیسا ڕوونیکردەوە:تەقینەوەیەکی چڕی شەپۆلە (دڵۆپە)کانی کارۆموگناتیسی، تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسییە کە دەتوانێت ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و سیستەمەکان تێکبدات یان لەناویان ببات. شەپۆلی کارۆموگناتیسی دەتوانرێت بەڕێگای جۆراو جۆر وەک دیاردە



پرۆفیسۆر دکتۆر عیسا ئیسماعیل خۆشناو

سرووشتییەکان، وەکو هەورەبروسکە، ئاگری خۆ، یان بەمەبەست و بە بەکارهێنانی ئامێری دروستکراوی مرۆڤ بەرهەم بهێنرێت.

ئەمەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکی سادەیە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی دڵۆپەکانی (شەپۆلەکانی) کارۆموگناتیسی:

**یەکەم:**

**بەرهەمهێنان**

**شەپۆلی**

کارۆموگناتیسی دەتوانرێت بە ڕێگای جۆراوجۆر دروست بکرێت، بەڵام یەکێک لە ڕێگا باوەکان، تەقینەوەی چەکی ناوەکییە لەبەرزاییەکی زۆر بەرزدا. کاتێک تەقینەوەیەکی ناوەکی لە بەرگە هەوادا ڕوودەدات، شەپۆلێکی تیشکی گاما دەردەکات. ئەم تیشکی گامایە لەگەڵ بواری موگناتیسی زەوی کارلێک دەکەن، کە بواری موگناتیسی بەخێرای دەگۆڕێت. ئەمە لەبەرامبەردا تەزووی کارەبایی بەرهەم دەهێنێت لەو ماددانەی کە لەسەر زەوی گەیەنەرن، وەک هێڵەکانی کارەباو پەیوەندییەکان و توانا و سوڕە ئەلیکترۆنییەکان کە لێدانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کارۆموگناتیسی دروست دەکەن.

**دووەم: بڵاوبوونەوە**

کاتێک دروستدەبێت کە لێدانی کارۆموگناتیسی بەرەو دەرەوە و بە هەموو ئاراستەکان لە سەرچاوەکەوە بڵاودەبێتەوە، هێزی لێدانی کارۆموگناتیسی کەمدەبێتەوە لەگەڵ دووری لەسەرچاوەکە، بەڵام هێشتا دەتوانێت ڕووبەرێکی فراوان داپۆشێت بەپێی قەبارە و بەرزیی تەقینەوەکە، کە ئەمە خاڵێکی گرنگە لە کاریگەریی بواری کارومۆگناتیسی.

**سێهەم: کاریگەری لەسەر ئامێرەئەلیکترۆنییەکان**

کاتێک شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان لەگەڵ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و سیستەمەکان کارلێک دەکەن، ئەوان ڤۆڵتیەی بەرز و تەزوو لە سوڕەکانیاندا هاندەدەن. ئەم بەرزبوونەوە لەناکاو و توانابەرزە دەتوانێت پێکهاتە ئەلیکترۆنییەکان بسوڕێنێت و زیانی پێبگەیەنێت، وەک ترانزیستۆرەکان، سوڕەیەکخراوەکان و مایکرۆوەیڤەکان. زیانەکان دەکرێت مەودای هەبێت لەتێکچوونی کاتی (کاریگەرییە پێچەوانەکراوەکان) بۆ لەناوبردنی هەمیشەیی (زیانی چاک نەکراو) کە پشتدەبەستێت بەچڕی و ماوەی لێدانی کارۆموگناتیسی و هەستیاریی ئامێرە ئەلیکترۆنییە تووشبووەکان.

**چوارەم: پاراستن**

دیزاینکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەرگەگرتنی پەستانی کارۆموگناتیسی پێویستی بە تەکنیکە تایبەتییەکانی قەڵغانکردن و ڕەقکردنەوە هەیە. بۆ نموونە، قەفەزی فارادای یان کەرەستەی قەڵغان دەتوانێت وزەی کارۆموگناتیسی لە پێکهاتە هەستیارەکان دوربخاتەوە یان لاببات. جگە لەوەش دەتوانرێت، پارێزەری پەستان و فلتەرەکان دابنرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەستانی ڤۆڵتیە کە بە هۆی پەستانی کارۆموگناتیسییەوە دروستدەبێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لەکاتێکدا تەقینەوە ئەتۆمییەکان سەرچاوەیەکی دیار و بەرچاوی ئەم چەکەن کە لە بنەڕەتدا بۆ وێرانکردن بەرهەم هێنراون. هەروەها لەم بارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر بایەزید حەسەن عەبدوڵا، مامۆستای پێشووی کۆلێژی زانست بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی و ئەندامی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەربارەی بوارو کارکردنی بۆمبی کارۆموگناتیسی بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: بۆمبی کارۆموگناتیسی چەکێکە، بوارێکی کارۆموگناتیسی چڕ بەکار دەهێنێت کە پێشی دەڵێن (ئی بۆمبE.BOMB)() کە بەهۆی تەقینەوەو بەرهەم هێنانی دەرپەڕاندنێکی ماوەکورتی وزەیی کارۆموگناتیسی کە کاریگەری لەسەربازنەی ئەلیکترۆنی دەبێت بەبێ ئەوەی زیان بە مرۆڤ و گیانەوەر و تەلارەکان بگەیەنێت. ئەم وزەیە لەسەر ئاستە نزمەکاندا دەرپەڕینێکی ماوەکورتی وزەی کارۆموگناتیسییەکەیە، کە سیستەمەئەلیکترۆنییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی لەکاردەخات و لەسەر ئاستی مامناوەند داتاکانی کۆمپیوتەر تێکدەدات، بەڵام لەسەر ئاستی زۆر بەرزدا، سوڕەکانی ئەلیکترۆنی بە تەواوی لەناودەبات، بەم جۆرە هەر جۆرەئامێرێک کە کارەبا بەکاردەهێنێت لەوانە کۆمپیوتەر، ڕادیۆ و سیستەمی پلاک لە ئۆتۆمۆبێلدا. هەرچەند بۆمبی کارۆموگناتیسی ڕاستەوخۆ کوشندە نییە، بەڵام هەر ئامانجێک کە پشت بەکارەبا دەبەستێت وێرانی دەکات. ئەمەش هەر جۆرە ئامانجێک دەگرێتەوە، لەوانە: ئامانجی سەربازی و ئاییندەیی و ستراتیژی و مەدەنی.

سەبارەت بە تاقیکاری و بەکارهێنانی ئەم چەکە، دکتۆر بایەزید حەسەن ڕوونیکردەوە: بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی سی بی ئێس نیوزی ئەمریکی، ئەمریکا بۆمبێکی تاقیکاری لە ٢٤/ئازاری ٢٠٠٣ بەکارهێنا بۆ ئەوەی تەلەفزیۆنی ئاسمانی عێراق لەناوببات و پەخشی پروپاگەندەکانی پەکبخات، لەئەنجامدا تێکڕایی فریکونسەکانی پەخشی لەکارخست. ئەو بیرۆکەیەی کە بنیاتنانی بۆمبی لەسەر دامەزراوە، بریتییە لە بەکارهێنانی هێزێکی تەقینەوە بۆ بەخێرایی پەستان خستنەسەر بواری موگناتیسی. ئەمەش دەستەبەری گۆڕینی وزەی تەقینەوە بۆ وزەی بواری کارۆموگناتیسی دەکات. هەر سەبارەت بە جۆرەکانی چەکەکە و دەرهاویشتنی شەپۆلەکان دکتۆر بایەزید گوتی: بۆمبی کارۆموگناتیسی بە گشتی دوو جۆرە، چەکی فریکوێنسی ڕادیۆیی (RF ) و چەکی ئامێری مایکرۆوەیڤی بەهێز (HPM) کە هەردووکیان گورزەیەک لە وزەیی فریکوێنسی ڕادیۆییRF دەردەپەڕێنن، لەکاتێکدا هەردوو جۆرەکە بۆ تێکدان و زیانگەیاندن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی دروستکراون. ئەوەش لەڕێی تێکشکانی وزەی کارۆموگناتیسییەوە بە شێوەیەک دروستکراوە کە سوود لە پشتبەستن بەتواناکەی وەردەگرێت و لە توانایدایە لە ڕێگای دروستکردنی پەستانێکی بەهێزو گەورەی کارۆموگناتیسی، زۆربەی ئەو ئامێرانە لەناوببات یان پەکیان بخات کە بە هێزی کارەبایی کاردەکەن وەک برینی کارەبا لە ناوچەکە و تێکدانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی چاودێری، بەرگری و موەلیدەکان والێدەکات تێکەڵبن و کارەبا بەرهەم نەهێنن. هاوکات ئۆتۆمبێلەکان لەکاردەخات. دەربارەی کاریگەری و لێکەوتەکانی تەقینەوەی بۆمبەکە. دکتۆر بایەزید حەسەن ئاماژەی دا: بە کورتی بۆمبێکی کارۆموگناتیسی بەهێز کە بە پەستانێکی بەرزی کارۆموگناتیسی کار بکات، لە توانایدایە ئەو ناوچەیە یان ئەو شارە یان ئەو وڵاتە ٢٠٠ ساڵ بگەڕێنێتەوە دواوە، هەروەها لە توانایدایە هەموو ئامێرەکانی پەیوەندیی تەلەفۆنی و گەیاندن وێران بکات. گرنگترین میکانزمی بەرهەمهێنانی شەپۆلی کارۆموگناتیسی (EMP) لە تەقینەوەی ناوەکییەوەیە بە بەئایۆنکردنی گەردەکانی هەوا کە بەهۆی تیشکی گاماوە تەقینەوەکە دروست دەبێت. ئەم تیشکە گامایانە گەردەکانی هەوا (air molecules) دەکەن بە ئایۆن، ئەویش بەکارلێککردن لەگەڵ ئەو گەردانەی هەوا بۆ بەرهەمهێنانی ئایۆنی موجەب و ئەلیکترۆن گەلێکی گەڕاوە دواوە کە پێیان دەگوترێت، ئەلیکترۆنی کۆمپتۆن. ئەم شەپۆلی وزەیە کە بوارێکی کارۆموگناتیسی بەهێز بەرهەم دەهێنێت، بەتایبەتی لە دەوروبەری تەقینەوەی چەکەکەدا پێی دەگوترێت شەپۆلی کارۆموگناتیسی. هەروەها دەتوانرێت (EPM) لە سەرچاوە نائەتۆمییەکانەوە بەرهەم بهێنرێت وەک بۆمبی کارۆموگناتیسی یان ئی بۆمب ( E Bomb).

42

# کورد و دەسەڵاتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق




**کتێبێکی قەبارە مامناوەندی ٢٣٨ لاپەڕەیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە بۆ سەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، لە ساڵی ١٩١٦ دەستپێدەکات و شرۆڤەی ڕووداوەکان دەکات تا ساڵی ١٩٦٨. ئەم لێکۆڵینەوەیە نیسان حەسەن ڕۆستەم نووسیویەتی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنمایە و زنجیرە (٥٨٩) کتێبەکانی ئەو خانەیەیە، لە چاپخانەی گەنج یەکەم چاپی لە ٢٠١٧ بە تیراژی ١٠٠٠ دانە بڵاوکراوەتەوە، بە کۆدی (B٧٥) لە کتێبخانەی گشتیی پێشمەرگە هەڵگیراوە.**

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

ئەم لێکۆڵینەوەیە مێژووییە بابەتەکانی بۆ ئاگاداربوون لە مێژووی ڕووداوەکان و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و کۆی ئەو ململانێیانەی لەو دەوڵەتەدا هەبوون و هەوراز و نشێوی پەیوەندییەکانی کورد بە ڕەوشی ڕووداوەکان و هەموو ئەو بەرهەڵستییانەی تا ساڵی ١٩٦٨دا هەبوون، زۆر گرنگە. لێکۆڵینەوەکە لە چوار بەش پێکهاتووە هەر یەکێک لەو بەشانە دابەش بووە بەسەر چەند بابەتێکەوە.

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە، کورد و دەوڵەتی عێراق، دابەشبووە بەسەر چوار بابەتی سەرەکی. یەکەمیان پارچە پارچە بوونی کورد بۆ جاری دووەم «١٩١٤-١٩١٨»، دووەم، باس دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و کاریگەریی لەسەر باشووری کوردستان. سێیەم بابەت، سیاسەتی دەسەڵاتی پاشایەتی بەرامبەر بە کورد «١٩٢١-١٩٥٨» و چوارەم بابەت، باسێکە لەسەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر دەسەڵاتی پاشایەتی کە ئەوەش بەسەر سێ باسی دیکە دابەش بووە، یەکەمیان، ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانیی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠. دووەمین، باس شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان «١٩٣١-١٩٣٢» و سێیەم باس شۆڕشی دووهەمی بارزان «١٩٤٣-١٩٤٥».

ناونیشانی بەشی دووەم لە لێکۆڵینەوەکە، شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق و سەرلەنوێ ئاڵۆزبوونی پرسی کوردە، کە بە شەش بەش دابەشبووە بەسەر هەشت باسدا، یەکەمیان، هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز. دووەم، هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە. باسی سێیەم، دەسکەوتی کورد لەو شۆڕشەدا. باسی چوارەم، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی کۆماری عێراق و سەرکردایەتی سیاسیی کورد. باسی پێنجەم تایبەتە بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و دواباسی ئەم بەشە دەربارەی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کۆتایی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمە.

بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی کورد و دەسەڵاتی یەکەمی بەعس، شەش باسی لەخۆگرتووە: باسی یەکەم، زاراوەی بەعس و پێناسەی بەعسیزم. باسی دووەمیان، سەرەتای سەرهەڵدانی حزبی بەعس لقی عێراق. باسی سێیەم، تێڕوانینی حزبی بەعس بۆ کەمەنەتەوەکان. باسی چوارەمیان، هەڵوێستی کورد لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣.. باسی پێنجەمیان لە بارەی وتوێژی پارتی و حکوومەتی بەعسە لە ساڵی ١٩٦٣دا، شەشەمین باسی ئەم بەشە، تایبەتە بە سیاسەتی حزبی بەعس بەرامبەر بە کورد لە ماوەی دەسەڵاتی یەکەمیدا.

بەشی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە کورد لەماوەی دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف لە «١٩٦٣/١١/١٨-١٩٦٨/٧/١٧». ئەم بەشەش لە سێ باس پێکهاتووە. باسی یەکەم: کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لەلایەن عەبدولسەلام عارف و هەڵوێستی بەرامبەر مەسەلەی کورد. باسی دووەمیان لە بارەی ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ لە نێوان کورد و عەبدولسەلام عارفدا. دوا باسی ئەم بەشە باسێکە لەسەر کورد و دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف لە ١٩٦٦/٤/١٤-١٩٦٨/٧/١٧دا.

خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتنێکی گشتی لە سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و ڕەوتی ڕووداوەکان و دۆزی کورد تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٦٨ بەعسییەکان کودەتای دووەم ئەنجامدەدەن. نووسەر لەم لێکۆڵینەوە مێژووییەدا ٩٦ سەرچاوەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، هەروەها ٩٥ پەراوێزی لە پاشکۆی کتێبەکە داناوە، کە زانیاریی زیاتری خستووەتە بەردەست لە بارەی کەسایەتییەکان و ئەو دەستەواژانەی بەکارهاتوون کە بۆ تێگەیشتن لە باسەکاندا یاریدەدەرن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## وڵاتی کودەتا و شۆڕش و پەراوێزگرتن

# کودەتای سەربازیی ٨ی شوباتی ١٩٦٣

ئامادەکردنی/ رائد تارق تەرجیلی

٨ی شوباتی ١٩٦٣ (رۆژی هەینی ڕەش) ، ئەو رۆژە دەوام نەبوو، خودی زەعیم عەبدولکەریم قاسم سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق لە پشوودا بوو. عەبدولسەلام عارف و بەعسییەکان دەستیان دایە کودەتا دژ بە رژێمی عەبدولکەریم قاسم. کاتژمێر ٨ ی بەیانی عەبدولسەلام عارف گەیشتە کەتیبەی دەبابات لە ئەبوغرێب و پەیوەندیی بە عەقید ئەحمەد حەسەن بەکرەوە کرد، هەردووکیان بە سەرپەرشتی خالد مەکی بەرەو بەغدا کەوتنەڕێ. کاتێك گەیشتنە بارەگای رادیۆ، ئەفسەرەکانی بارەگاکەش هاوکاریان بوون بۆ کودەتاکە و دەستیان بە سەر کەلوپەلی رادیودا گرت. لە ئێزگەکە کاتژمێر ( ٩:٤٠) خولەك یەکەم بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی شۆڕشی کودەتاچییەکانی خوێندرایەوە و رایەگەیاندرا، کە کۆتایی بە رژێمی زەعیم عەبدولکەریم قاسم هاتووەو ناوبراو لە بارەگای وەزارەتی بەرگریی عێراق دەستگیر کراوە، بەڵام لەم کاتەدا زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە پشوودا بوو کاتێك لە ماڵ هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەرەو وەزارەتی بەرگری بڕوات بە هەزاران هاووڵاتی شاری بەغدا هاتنە سەر شەقام بە هوتافکێشان زەعیم عەبدولکەریم قاسم- یان گەیاندە بارەگای وەزارەتی بەرگریی. جەماوەرەکە زۆر هاوکاری ناوبراویان کرد و جگە لە عەبدولکەریم قاسم کەسیان بە سەرۆکی عێراق نەدەزانی. جەماوەر داوای چەکیان لە عەبدولکەریم قاسم کرد بۆ بەرگری، بەڵام ئەو باوەڕی بە جەنگی نێوخۆ و کودەتا نەبوو، هەمیشە ئەوەی ڕەتدەکردەوە، کە کودەتای بەسەردا بکرێت و چەك بە لایەنگرانی بدات بۆ بەرگریکردن لە کۆماری عێراق، بەڵام بەعسییەکان لە گەڵ قەومییەکان و توندڕەوەکان هەمیشە بیریان لە کودەتا دەکردەوە و ئەوەبوو کودەتایان بەسەر رژێمی قاسمدا کرد. ئەو رۆژە و رۆژانی دواتر دەستەیەك بە ناوی حەرەس قەومی دروست بوون بە ناو کوچەو کۆڵانەکانی پایتەختی عێراقدا لەشاری بەغدا بڵاوبوونەوەو کەوتنە لەناوبردن و ڕاوەدوونانی خەڵکی سڤیل و ئازادیخوازەکان و شیوعییەکان، ئەوانەی خۆیان بە لایەنگری حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف دەزانی، زۆری ستەم و دەستدرێژیان کردە سەر خەڵك و ئۆپۆزسیۆن.

## کێشەی حەرەس قەومییەکان

حکومەتی کودەتاچییەکان ناچاربوو بە یاسایەک حەرەس قەومییەکان رێکبخات بۆیە بە یاسای ژمارە ٣٥ کە لە ١٩٦٣/٥/١٨ دەرچوو، لە ١٤ ماددەدا، سنوور بۆ کاری حەرەس قەومییەکان دانرا، بەڵام وەك هێزێکی خۆبەخشی نیشتیمانی ناسێنرا وەك لە مادەی ٢ ی ئەو یاسایەدا هاتووە: حەرەس قەومی هێزی میللی رێکخراوی مەشقپێکراوە لە سەر بەکارهێنانی چەك، گەل خۆی دروستی کردووە تا ژیانێکی سەربەست و ئازاد بژی

**ئەرکەکانی :**

١. هاوکاریی هێزی سەربازی لەکاتی شەڕ و پەلاماری دەرەکی.

٢. پاراستنی سەرهەڵدانی عەرەبی لە عێراق و نەخشەکێشانی شۆڕشێکی پێشکەوتووخواز.

٣. بەشداریی لە بنیاتنانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٤. بەشداری لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ .

خاڵی (ج ) دەڵێت: خۆبەخشانی وڵاتانی عەرەبیش دەتوانن کاری تێدا بکەن بە مەرجی رازیبوونی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا. دەقی یاساکە لە بەڵگەنامەکاندا هەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی ، بەڵام ئەم حەرەس قەومییانە نەك نەبوونە هۆی ئاشتی و ئارامی، بگرە هەموو وڵاتیان بە کوردستانیشەوە پڕکرد لە کێشەو ململانێ و ستەمکاری. ئەوانەی لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی حەرەس قەومییەکان دەکەن بە تایبەتی ئەو کارانەی لە بەغدا کردوویانە مرۆڤ تووشی شۆك و سەرسوڕمان دەبێت. بۆ نموونە، حامد ئەلحەمدانی لە یاداشتەکانی خۆیدا وەك ئاماژەیەك بۆ دڕندەیی حەرەس قەومییەکان و بەعسییەکان باس لەوە

دەکات کە پێشتر عەبدولکەریم قاسم لە عەبدولسەلام عارف خۆشبووە و لەسێدارەی نەداوە، بەڵام ئەوان لە ٩ ی شوباتی ١٩٦٣ یەکەم کاریان سووکایەتیکردن بوو بە لاشەی عەبدولکەریم قاسم.

لە ٨ تاکو ٩ ی مانگ، شەڕ لە نێوان کودەتاچییەکان و لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم تاکو (١٢:٣٠) نیوەڕۆ بەردەوام بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا، پەیوەندیی تەلەفۆنی یان لاسلکی لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف هەبووە، عەبدولکەریم قاسم دەڵێت: عەبدولسەلام ئێوە سەرکەوتن، دەوری من کۆتایی هات، سوێند بە شەرەفم دەمەوێت لە بەرخاتری نەڕژانی خوێنی زیاتر بچمە دەرەوەی عێراق. عەبدولسەلام عارف وەڵامی دەداتەوە: بە خوای گەورە ئەی کەریم ئەمە لە دەسەڵاتی مندا نییە، بەڵکو لە دەستی برایانی سەرکردایەتی شۆڕشە. ئەوان بڕیار دەدەن نەك تاکە کەسێك. عەبدولکەریم قاسم دەڵێ: بیرت دەخەمەوە ژیانتم پاراست. من هەرچی لەدەستم بێت دەیکەم بۆ بەرزبوونەوەی تۆ بە ئاراستەی خزمەتی وڵات. عەبدولسەلامیش پێی گوتووە: ئەمە لە دەرەوەی ئەم پرس و بابەتەیە خۆتان ڕادەست بکەن، دادگاییت دەکەین . قاسم گوتوویەتی: مەرجەکانتان چین؟ عەبدولسەلام لە وەڵامیدا دەڵێ: لە هۆڵی گەل وەرە دەرەوە، چەکەکەت ڕادەست بکە، هێماکانی سەرکردایەتی سەر کڵاو جل و بەرگەکانت دابگرە. کاتژمێر (١٢:٣٠)ی پاش نیوەڕۆیە، زەعیم عەبدولکەریم قاسم و ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵیدابوون خۆیان ڕادەست کرد، عەبدولکەریم قاسم و تەها شێخ- یان سواری تانك کرد و فازڵ مەهداوی و کەنعان خەلیل حەداد بە زرێپۆش بە دوایاندا ڕۆیشتن بەرەوە باڵەخانەی ڕادیۆ.

اواد سیرەکەی عەبدلسەلام لە عەبدولکەریم قاسم چی بوو؟

دوای گەیشتنی ئەفسەرەکانی هاوڕێی بۆ بارەگای ڕادیۆ لە نێوان عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر، عەبدولغەنی ڕاوی و عەلی ساڵح سەعدی ئەم گفتوگۆیە ڕوویداوە:

عەبدولسەلام عارف داوای لە عەبدولکەریم قاسم کرد، کە دەبێت بە قورئان سوێند بخوات کە عەبدولسەلام عارف سەرکردەی ڕاستەقینەی شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بووە، بەڵام عەبدولکەریم قاسم ڕەتی کردووەتەوەو ئامادە نەبووە شتی وا بڵێ، لە بەر ئەوەی تۆمەتی ناپاکی گەورەی نیشتمانی دابووە پاڵ عەبدولسەلام عارف و تۆمەتباریان کردبوو کە حوکمی تاکەکەسی پیادە کردووە. لێرەدا عەبدولکەریم قاسم داوای دادگاییەکی دادپەروەرانەی کردووە.

بڕیاردان لە سەر سزادانی عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانی

لیوا ڕوکن عەبدولغەنی ڕاوی فەرماندەی سزادراو لە سەر بازگەی حەبانیە لە بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: لە ( ١:٣٠ ) پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٩ ی شوباتی ١٩٦٣ عەبدولکەریم قاسم دوای ڕۆژێك بەرگریکردن لە وەزارەتی بەرگریی عێرا، بە ناچاری خۆی دا بە دەستەوەو منیش بە سواری زرێپۆشێك هەر یەکە لە فازڵ مەهداوی سەرۆکی دادگای میللەت و عەقید ڕوکن تەها شێخە ئەحمەد بەرپرسی حەرەکاتی وەزارەتی بەرگری و ملازم کەنعان حەداد پاسەوانی تایبەتی عەبدولکەریم قاسم-م بە دیلی برد بۆ بارەگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراق. لەوێ بردمانە ژووری ستۆدیۆی دەنگ و لە سەر کورسی دامانان، دوای ١٠ خولەك عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر، عەلی ساڵح سەعدی، ساڵح مەهداوی، عەماش و حەردان تکریتی هاتن. لەوێدا منیان بە سەرۆکی دادگای سەربازی بۆ دادگایی کردنیان دیاری کرد، منیش قەبوڵم کرد. عەبدولکەریم قاسم گوتی: مەمکوژ، بمنێرن بۆ بەرازیل یان ئەرجەنتین، منیش بۆچوونی جەماعەتم وەرگرت. هەموویان بەدەنگی بەرز گوتیان گوللەبارانیان بکەن. عەبدولسەلام عارف نەبێت کە داوای کرد پەلە نەکەین، بەڵام کە زانیم هەموو سەرکردایەتی داوای گوللەبارانیان کرد، بە عەبدولکەریم گوت: دواوتەت چییە؟ گوتی: پەرداغێك ئاو. منیش ئاوەکەم داپێی و بەیاننامەی حوکمدانیانم وەك دادوەری سەربازی خوێندەوەو دەستبەجێ خۆی و ٣ هاوڕێی گوللەباران کران. لەو ساتەدا فیشەك لە جەستەی عەبدولکەریم قاسم و ئەفسەرەکانی هاوڕێی درا، کە لە سەر کورسی دانیشتبوون، هەر یەکە لە فازل عەباس، مەهداوی و ملازم کەنعان و حەداد عەلی بەربوونەوە سەر زەوی، بەڵام عەبدولکەریم قاسم و تەها شێخ ئەحمەد بە کورسییەکانیانەوە بە ورەیەکی بەرزەوە مانەوەو دوای چەند خولەکێك عبدالغنی ڕاوی بانگی وێنەگرێکی سینەمایی کردو پێی گوت: تەرمەکانیان وێنە بگرەو لە تەلەفزیۆن بڵاوی بکەنەوە. بەم شێوەیە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دوای ٤ ساڵ و ٦ مانگ و ١٥ ڕۆژ کۆتایی هات. ڕۆژانێکی زۆر سەخت و قورس لە سەر دەستی حەرەس قەومییەکان و بەعسییەکان و کودەتاچییەکان دروست بوو، ئیتر ڕۆژانی دواتر حەرەس قەومییەکان کەوتنە ناو کۆڵانەکانی بەغدا بۆ کوشتن و برینی خەڵکی سڤیل و شیوعییەکان، تەنانەت ناوچەی کوردستانشی گرتەوە لە سنووری کەرکووك و بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری کوردیان دا. مرۆڤ لە بەردەم ئەو واقیعدا شۆك دەبێت، چونکە بە هەزاران چیرۆکیان لە کوشتن و تاڵانی و ناپاکی و خیانەت لە مێژوودا تۆمارکرد.





hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
42
WWW.GOV.KRD/MOPA | Mar 2024



# داگیرکردنی دەلهی لەلایەن تەیموورلەنگەوە

ئامادەکردنی/هاوکار

## بەکارهێنانی فیل لە شەڕی دەلهی:

تەیموورلەنگ شەڕکەرێکی بە ناوبانگی مەغۆلەکان بوو، نیازی داگیرکردنی هیندستانی هەبوو، ئەم جەنگە لە ساڵی (١٣٩٨) ڕوویدا. تەیموورلەنگ بەم ستراتیژییە زیرەکانەیە بە ئاسانی توانی دەلهی داگیربکات. پێش هێرشکردن، هێزەکانی هیندستان فیلەکانی جەنگیان زرێپۆش کردبوو، بەو مانایە کە لاشەی فیلەکان بە قەڵغان داپۆشیبوو، هاوکات، شمشێریان لە عاجەکانی فیل بەستبوو. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی دەبووە هۆی ماندووبوونی سوپاکەی. تەیموورلەنگ، بەر لە دەستپێکی هێرشەکە، زانیاریی لەسەر فیلی جەنگی هیندی کۆکردبووەوە، بۆیە بۆ تێکشکاندنی ئەم فیلانە، تەکتیکێکی زیرەکانەی بە کارهێنا، وای کرد فیلەکان هەموو بۆ لای هێزی بەرامبەر هێرش ببەن، ئەمەش دوای ئەو داوایەی تەیموور لەنگ دێت لە سەربازەکانی، کە لە سەر ڕێگای فیلەکان هەندێک بزمار بە تێکەڵی تایبەت دابنێن، کە ئەم ئامێرانە لە چوار بزمار دروست کرابوون، نووکی بزمارەکان ڕووی لە سەرەوە بوو، سەرەتا ویستی ئەم بزمارانە لە سەر ڕێگای فیلەکان دابنێت، بەڵام دواتر تەکتیکەکەی گۆڕی و فەرمانی بە سەربازەکانی کرد کە هەندێک گیای وشک بهێنن و لە پشتی گامیش و حوشتر بیبەستن و ئاگریان تێبەردەن، ئەو گیاندار بەستەزمانانە بەهۆی ئاگری سەر پشتیان کە زۆر ترساندبوونی، بە شێوەیەکی ترسناک بەرەوڕووی فیلەکان ڕایان کرد، کە وای لە فیلەکان کرد، بترسن و پاشەکشە بکەن و بەرەو سوپای خۆیان ڕابکەن و سەربازانی خۆیان بشێلن. بەم ئاسانییە تەیموورلەنگ توانی دەلهی داگیربکات، دوای یەک ڕۆژ چووە ناو قەڵای (پناه دەلهی).

## ستراتیژیی هێزەکانی تەیموورلەنگ:

١- ستراتیژی هێرشی سەرسووڕهێنەر: لەشکرکێشییەکەی تەیموور لەناکاو بوو توانی فەرمانڕەواکانی دەلهی بە دیل بگرێت، ئەوەش، هۆکارێکی گرنگ بوو لە سەرکەوتنی سەرەتاییدا.

٢- شەڕی دەروونی: تەیموور شەڕی دەروونی بۆ ترساندنی بەرگریکارانی دەلهی بەکارهێنا. ئەو بە دڕندەیی لەڕادەبەدەر ناسرابوو، ڕەنگە ئەم ترسە لە پشێوی نێوان هێزە بەرگریکارەکان، هۆکاری سەرەکیی بووبێت.

٣- شەڕی گەمارۆدان: سوپای تەیموور گەمارۆی دەلهی دا، ڕێگاکانی پەیوەندییان پچڕاند و شارەکەی گۆشەگیرکرد. ئەمەش بەرگریکارانی ناچار کرد، بەرگەی گەمارۆیەکی درێژخایەن و سەخت نەگرن.

٤- دەرکردنی خەڵکی شار: کاتێک دەلهی کەوت، تەیموور فەرمانی دەرکردنی خەڵکی شارەکەی دا، لە ئەنجامدا تاڵانی بەربڵاو و وێرانکاری و کۆمەڵکوژی بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەی لێکەوتەوە. دڕندەیی هێزەکەی تەیموور وەک هۆشدارییەک بوو بۆ نەیارانی دیکەی کە خۆیان بدەن بە دەستەوە.

٥- ڕاکێشانی هێزە نەیارەکان: تەیموور ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان فەرمانڕەواکانی دەلهی قۆستەوە. هاوپەیمانی لەگەڵ سوڵتان مەحموود توغلوق کە دەسەڵاتدارێکی ناڕازی بوو دروستکرد و بەوەش بەرگریی شارەکەی لاواز کرد.

٦- بەکارهێنانی سوارە: سوپای تەیموور بە شێوەیەکی سەرەکی لە تیروکەوان و سوارچاک پێکهاتبوو، ئەمەش جووڵەی بە هێزەکانی دەبەخشی، یارمەتیدەر بوو کە ڕێگەی بە تەکتیکی لێدان و ڕاکردن دەدا.

٧- شارەزایی لە تەکتیکی سەربازییدا: تەیموور خاوەن ستراتیژییەکی سەربازیی لێهاتوو بوو، تێگەیشتنێکی قووڵی لە شەڕدا هەبوو، کە لە شەڕەکانی لە سەرانسەری ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانی دابوو.

٨- شڵەژان و ئاژاوە: لە کاتی گەمارۆدانی دەلهیدا، هێزەکانی تەیموور فیلەکانی هیندستانیان بڵاوکردەوە، هەندێکجار مەشخەڵیان بە سەری چەقۆکانەوە دەبەست، بۆ ئەوەی ئاژاوە و سەرلێشێواوی لەنێو هێزی بەرگریکاردا دروست بکەن.

٩- لایەنگری و هێرشی پێشەوە: تەیموور تەکتیکی لادانی فیلەکانی بەکارهێنا بە جۆرێک، هێزێکی فیلی بە دەنگە دەنگ و دووکەڵێکی زۆرەوە ڕەوانەی لایەکی شارەکە کرد و لە هەمان کاتدا هێرشێکی سەربازیی بۆ سەر لایەکی دیکە دەستپێکرد، بەوەش سەرنجی بەرگریکارانی دابەش و بەرخۆدانیانی لاوازکرد.

ستراتیژیی سەربازیی تەیموور بریتی بوو لە شەڕانگێزیی بێبەزەیی، بە جۆرێک، هەڵمەتەکەی لە دەلهی پەڵەیەکی ڕەشی لەسەر مێژووی شارەکە بەجێهێشت و وەک نموونەیەکی زەقی وێرانکەرەکانی شەڕ لەو سەردەمەدا دەبینرێت. تەیموورلەنگ بە تێگەیشتن لە گرنگیی فیلەکان لە شەڕی هیندستان و بەکارهێنانیان، هەم وەک چەکێکی دەروونی و هەم وەک سەرمایەیەکی تەکتیکی، توانای ستراتیژیی خۆی لە کاتی هەڵمەتەکەیدا لە هیندستان نیشان دا.

## کاریگەرییەکانی داگیرکردنی دەلهی:

شکستی شانشینی توغلاق هێندە پاشەکشەی بە خۆیەوە بینی کە نەیتوانی زۆری بخایەنێت و هەڵوەشایەوە. سوپای تەیموور سەدان بینا و پەرستگای جوانی وێران کرد، سامانێکی زۆری تاڵان کرد و خەڵکەکەی تەواو هەژار و بێدەسەڵات کرد. لەشکرکێشییەکە بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی بە جۆرێک، بورجی گەورەی لە کەلەی سەریان دروستکرد. هەروەها لەشکرکێشییەکە لاوازیی سەربازیی هیندستانی ئاشکراکرد و ڕێگەی بۆ داگیرکردنی بابور و ناوچەکانی دیکەی هیندستان خۆشکرد. جگە لەوەش، ئەم جەنگە کاریگەریی ئابووری لێکەوتەوە کە بووە هۆی لەناوبردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و وێرانکردنی کۆگاکانی دانەوێڵە، ئەوەش برسێتییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. وێڕای هەبوونی کاریگەریی سیاسی، کلتووری، ئابووری، ئایینی و کۆمەڵایەتیی دوورمەودا لەسەر مێژووی هیندستان.

سەرچاوەکان

١- کوثبرن ئولین، تەیمووری لەنگ وێرانکەری جیهان. ئەتککەری کیژان، وەرگێرانی: شێخ عەلی شێخ محەممەدی بەننا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥.
٢- أبوطالب الحسيني، مذكرات تيمورلنك، دار الكتب الوطنية، ٢٠١٤.
٣- (١٠) ستراتیژیی تەکنیکی زیرەکانە ئەنجامی جەنگە گەورەکانی گۆڕی، کۆلێژی دووی سەربازی زاخۆ.
وێب:
/https://historypak.com/timurs-dynasty]
https://youtube.com/watch?v=XdHah٩BwktQ



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# سوپا سەرخۆشەکان

## بەکارهێنانی مەی و مادده هۆشبەرەکان لە جەنگدا لە یۆنانییە کۆنەکانەوە تاکوو داعش



نووسینی: ئارام ناسیح

### بەشی دووەم

### سوپا سەرخۆشەکەی ستالین؛ ڤۆدگا ڕزگارکەری ڕووسەکان

لەمیانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە هۆی شکستی ڕووسەکان لە بەرگرتن بەهێرشەکانی ئەڵمانیا لە سەرەتای جەنگ، خواردنەوەی کحولی بە بەهێزی گەڕایەوە ناو لیستی پێویستییە سەرەکییەکانی سوپای سووری سۆڤییەت. دوای ئەوەی ١٠٠ میلیلتر ڤۆدگا وەك بەشی ڕۆژانەی هەر سەربازێك دیاریکرا. نووسەری ڕووسی ڤیکتۆر ئیرۆفیف دەنووسێت: «لە سەرکەوتن بەسەر نازییەکاندا ئەو بەشە ڤۆدگایەی ڕۆژانە دەدرا بە سەربازەکان لە گرنگیدا هیچی لە ڕۆکێتی کاتیوشا کەمتر نەبوو.» لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی جەنگ و سەرکەوتن بەسەر نازییەکاندا، سوپای سوور بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی لە خواردنەوەی کحولی لەو کۆگایانە دەستدەکەوت کە ئەڵمانەکان بە مەبەست دوای خۆیان جێیان دەهێشت و پێیان وابوو سەربازی سەرخۆشی سۆڤیەت توانای شەڕکردنی کەمە و ورەی دادەبەزێت، بەڵام پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەڵمانەکان، کحول نەك لە شەڕانگێزی سوپای سۆڤیەتی کەم نەکردەوە، بەڵکوو هاووڵاتیانی سڤیلی ئەڵمان ئازارێکی زۆریان بەدەست سەربازە سەرخۆشەکانی سوپای سوور چەشت بەتایبەت ئافرەتان کە بەشێکی زۆریان لاقە کران (الاغتصاب). کاتێك خواردنەوەی کحول لە ڕیزەکانی سوپای سوور گەیشتە لووتکە، جۆزێف ستالین بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەنتۆنی ئیدن دەڵێت «جەنەڕاڵەکانی زۆر بە باشی شەڕدەکەن کاتێك سەرخۆشن.» [٨]

### مادده هۆشبەرەکان؛ سیحری خێرایی و چاونەترسی سەرباز لە جەنگدا

دۆزینەوەی ماددەی هۆشبەر مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا هیندی و چینییەکان بۆ چارەسەری هەندێك جۆری نەخۆشی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی خەمۆکی بەکاریان هێناوە، بەڵام گرنگی پێدانی وەك سەرچاوەیەکی وزەبەخش و هێورکەرەوە لەلایەن سوپا و جەنگاوەرانەوە لەکاتی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە.

### هۆزەکانی زۆلۆ؛ ئازایەتییەکی چاوەڕواننەکراو

دوای داگیرکردنی باشووری ئەفەریقا لەلایەن بەریتانییەکانەوە، هۆزەکانی زۆلۆ سەربەخۆیی خۆیان پاراست و نەچوونە ژێر ڕکێفی ئینگلیزەکانەوە. وەزیری کۆلۆنیاڵی بەریتانی، لۆرد کارنافۆن بڕیاری دا هێزی زۆلۆ تێکبشکێنێت و هەر سێ میرنشینەکەی باشووری ئەفەریقا لە چوارچێوەی یەکێتییەکی بەهێزدا کۆبکاتەوە.

ساڵی ١٧٨٩ز سوپای بەریتانیا هێرشی کردە سەر هۆزەکانی زۆلۆ و جەنگێگ لە نیوان هەردوولادا هەڵگیرسا کە بەجەنگی «ئیساندلوانا» ناسراوە. ئینگلیزەکان ڕووبەڕووی بەرگرییەکی سەرسەختانەی جەنگاوەرانی زۆلۆ بوونەوە. ئازایەتی و شەڕانگێزی زۆلۆییەکان شتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو سەرچاوەکەی دەرمانساز و پیاوە ئایینییەکانیان بوو کە چەند جۆر گژوگیایان ئامادە دەکرد و پێشکەشی شەڕکەرەکانیان دەکرد. گیای ئینتلیزی (Intelezi)یان پێشکەش بە تیرهاوێژەکان دەکرد. گیایەکی کۆنە و لە بۆنەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ بەهێزکردنی باری دەروونی

و ڕۆحی. «داگا» جۆرێکە لە حەشیش لە باشووری ئەفەریقا دەروێت و لەهەمانکاتدا وزەبەخشە. هەروەها ڕەگی گیای «بۆشمان» و قارچکی «غاریقون» دەدا بە جەنگاوەرەکانیان. بەریتانییەکان دووچاری شکستی گەورە هاتن و زیانێکی زۆریان بەرکەوت. ئەگەر لەوکاتەدا ئاشنا بوونایە بە چەمکی (زۆمبی Zombies-مردووە زیندووەکان) ئەوا بۆ وەسفی شەڕکەرانی زۆلۆ بەکاریان دەهێنا، چونکە بەبێ ترس لە مەرگ هێرشیان دەکردە سەر سوپای بەریتانیا. [٩]

## جەنگی یەکەمی جیهانی؛ مۆرفین وەك نهێنی سەرکەوتن بەسەر خوداوەندی ئازار

جەنگی گەورە (جەنگی یەکەمی جیهانی) سەرەتای دەرکەوتنی توانای مرۆڤ بوو لە دروستکردنی ئامرازی وێرانکەری جەنگ بە شێوەیەك کە بازدانێکی ترسناکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەربازی بوو. دەیان جۆری بۆمب و تۆپهاوێژ بوونە هۆی هارینی ئێسك و گۆشتی سەربازەکان، برینی قووڵ و شێواوی ترسناکی لە جەستە و دەمووچاویاندا دروست دەکرد. نووسەر و سەربازی ئەڵمانی، ئێرنست یونگەر لە وەسفی خەندەقەکانی جەنگدا دەڵێت: «ئەو خەندەقانە نیشتمانی خوداوەندی مەزنی ئازار بوون.» بە بڕوای یونگەر، تەنیا ئامرازی سەرکەوتن بەسەر ئەو خواوەندەدا مۆرفین بوو کە بەهێزترین و ناساوترین ئازارشکێن بوو. سەربازە برینداەکانیان لە حاڵەتی ئازارچەشتن و سەختییەوە دەگۆاستەوە بۆ دۆخی پشوودان و تەسلیمبوون بە «مۆرفیۆس» خوداوەندی خەو لە ئەفسانەی یۆنانیدا. بۆیە مۆرفین بووە پێداویستییەکی ناچاری سوپا لەکاتی جەنگدا.

لە ململانێ سەربازییەکانی سەدەی نۆزدە بە تایبەت شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا و جەنگەکانی یەکخستنەوەی ئەڵمانیا، زۆرێك لە جەنگاوەرە دێرینەکان ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان بوون، ڕەنگە دیارترین کەس لەو نەخۆشانەی بوو بە ئالودەبوویەکی بەهێزی مۆرفین، «هێرمان گۆرینگ» بێت کە فرۆکەوانی سوپای ئەڵمانیا بوو لە جەنگی یەکەم و دواتر بووە یەکێك لە سەرکردە باڵاکانی نازییەکان و فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا. [١٠]

جەنگی یەکەم بووە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە کۆکایین لە هێڵەکانی پێشەوە. لەناو ریزی ئەو سەربازە کەنەدییانەی لە بەریتانیا بوون، لە ١٩١٥ بەکارهێنانی کۆکایین بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە و ترسێکی گەورەی لای ئینگلیزەکان دروستکرد، بۆیە سوپای بەریتانیا دەرمانێکی دروستکرد لە ڕەگی گوێزی کۆلە کە ناسراوە بە تابۆلید (Tabolid) یاخود Forced March) بە ئامانجی بەرزکردنەوەی وزەی سەربازەکان و کەمکردنەوەی دژوارییەکانی جەنگ لەسەریان. دواتر کۆکایین وەك ڕەچەتەی پزیشکی بۆ چارەسەر بەکاردەهات. پاش دەرکەوتنی گرنگی کۆکایین وەك یارمەتیدەرێکی بەهێز لە بەرەکانی جەنگ، دەرمانخانەکانی لەندەن کۆکایین و هێرۆینیان وەك چارەسەری پزیشکی پێشکەشدەکرد. کچان و ئافرەتان ئەو سندووقە ئامادەکراوانەیان دەکڕی کە پێکهاتبوو لە هێرۆیین و کۆکایین و لەسەری نوسرابوو «دیارییەکی بەسوود بۆ هاوڕێیان لە بەرەکانی جەنگ.» بەوپەڕی دڵگەرمییەوە بۆ کوڕ و دەزگیران و هاوسەرەکانیان دەنارد لە بەرەکانی جەنگ. [١١]

## جەنگی دووەمی جیهانی؛ جەنگاوەر وەك دروستکراوێکی ناو لابراتۆرەکان

لەگەڵ دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانیدا، تەواوی ئەوروپییەکان دووچاری سەرسوڕمان و شۆك بوون لەهەمبەر ئەو توانا ناسروشتییەی سوپای ئەڵمانیا کە وڵات دوای وڵاتی داگیردەکرد و دەیخستە سەر قەڵەمڕەوییەکەی ڕایشی سێیەم. تەنانەت زلهێزێکی وەك فەرەنسا کە خاوەن سوپایەکی زەبەلاح و دەیان کۆلۆنی لە ئاسیا و ئەفەریقا بوو، لەماوەی یەك هەفتەدا لەلایەن نازییەکانەوە داگیرکرا و شکۆی ئەو ئیمپراتۆرییەتە مەزنە کەوتە ژێرپێی سەربازە ئەڵمانییەکانەوە. ئەمە یەکێکە لە ڕووداوە دەگمەن و شۆکهێنەرەکان لە مێژووی سەربازیدا.

ئەم توانا ناوازەیەی سوپای نازییەکان بووە هۆی بزواندنی فزوڵیەتی لێکۆڵەران و شارەزایانی بواری سەربازی بۆ زانینی ئەو فاکتەرانەی لە پشت ئەم هێزە جادووەی ئەڵمانەکانەوە بوو. بە گەڕان و پشکنین لەناو ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی ڕایشی سێیەمدا دەرکەوت، تاقیگە پزیشکییەکان سەرچاوەی بەئەفسانەبوونی سوپاکەی هیتلەرن. وەك نۆرمان ئۆهلەر لە کتێبی (مادەی هۆشبەر لە ئەڵمانیای نازیدا) تیشکی خستووەتەسەر کە پزیشکە ئەڵمانییەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ فەرماندەیی باڵای سوپای ئەڵمانیا جۆرە حەبێکی تایبەتیان بەرهەم هێنا بە ناوی «پێرڤتین» کە پێکهاتەکەی نزیکە لە مادەی هۆشبەرەوە، وزەبەخشە و توانای تەرکیز لە مرۆڤدا زیاد دەکات. بەپێی وەسفی ئۆهلەر، کارکردنی ئەو حەبە هاوشێوەی یاری ئاگرینە لەناو مێشکی ئینساندا. لە گەرمەی جەنگدا بە ملیۆنان لەم حەبە بەرهەم دەهات و بەسەر سەربازەکاندا لە بەرەکانی جەنگ دابەش دەکرا کە بە هۆیەوە ئەڵمانیا توانی زۆرینەی خاکی کیشوەری ئەورووپا داگیربکات. [١٢]

لە نێوان مانگەکانی نیسان و دیسەمبەری ١٩٣٩دا کۆمپانیای (Temmler –werker) ٢٩ ملیۆن لە حەبی پێرڤتینی بەرهەم هێنا و وەك یارمەتییەك پێشکەشی سوپای ئەڵمانیای کرد، زۆربەی وەك تاقیکردنەوەیەك بەکارهات لە هێرشەکانی دژ بە پۆڵەندا لە سێپتەمبەری ١٩٣٩. لە ماوەی شەش ساڵی جەنگدا ٢٠٠ ملیۆن لەو حەبە لە ڕیزەکانی ئەلفیرماخت بەکارهات. ڕۆژنامەی دێرشپیگلی ئەڵمانی لە زاری ئۆتورانك پزیشکی سەربازی لە پەیانگای بەرلین دەگوازێتەوە «کاریگەریی پێرڤتین وەك کاریگەری ئەدرینالینە کە جەستە دەری دەدات و دەبێتە هۆی دروستبوونی توانایەکی بەرزی جەستەیی. ئەو ماددەیە متمانە بەخۆبوون و ئامادەگی بۆ سەرکەشی لە مرۆڤدا بەهێز دەکات. لەهەمان کاتدا هەستکردن بە ئازار و برسییەتی، تونییەتی و پێویست بوونی خەو کەم دەکاتەوە.»

سەربازێکی ئەڵمانی لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٣٩ بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت: «بارودۆخ لێرە زۆر سەختە، هیوادارام لەوە تێبگەیت. من نازانم دوو یاخود چوار ڕۆژ جارێك دەتوانم نامەت بۆ بنووسم، بەڵام ئەمڕۆ بە تایبەت نامەت بۆ دەنووسم تاکوو برێکی زۆر حەبی پێرڤتینم بۆ بنێریت. لەگەڵ خۆشەویستیم. هاین.» [١٣]

دواتر و پاش سەختی و فراوانبوونی جەنگەکە، بەریتانیا و ئەمریکا و ژاپۆن هەمان هەنگاوی ئەڵمانەکانیان گرتەبەر، پێویستی سوپاکانیان بە وریاکەرەوەی بەهێزی (Benzedrine Amphetamines- بەنزدرین ئەمفیتامینات) دابین دەکرد. سەربازە بەریتانییەکان لەمیانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ٧٢ ملیۆن حەبی ئەمفیتامیناتیان بەکارهێنا کە بەزۆری دەدرایە فرۆکەوانەکان. جەنەراڵ بێرنارد مۆنتیگۆمری بەر لەدەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٠، سەد ملیۆن حەبی بۆ سوپای هەشتەم دابینکرد کە بەو هۆیەوە بەریتانییەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا و بووە خاڵی گۆڕانکاری لە جەنگەکەدا.

لە ١٩٤٢ حەبی ئەمفیتامینات بووە بەشێك لە پێویستییەکانی سەربازانی یەکەی تۆپهاوێژی سوپای ئەمریکا. پاش ساڵی ١٩٤٣ بە لە ١٥٪ سەربازانی پیادەش دەدرا. لەماوەی جەنگەکەدا پێنتاگۆن ٢٥٠ ملیۆن حەبی بەرهەم هێنا و لە بەرەکانی جەنگ پێشکەشی سەربازەکانی دەکرد. [١٤]

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

# مادده هۆشبەرەکان

# کێشەیەکی پڕ لە زیان و مەترسی

● ئامادەکردنی: هۆشیار

**ماددەی هۆشــبەر، وەک ژەهرێکی کوشــندە و بەڵایەکی ماڵوێرانکەر، ئەمڕۆ بە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت و بووەتە مەترسییەکی دژوارو زیانبەخش لە سەرتاسەری جیهاندا.**

**هەرێمــی کوردســتان، وەک بەشــێک لەم جیهانەی مرۆڤایەتی، بەدوور نییە لە کێشــەی مادده هۆشــبەرەکان، کــە زۆرێک لە وڵات و کۆمەڵگەکانــی جیهــان بەوهۆیەوە گیرۆدە بوونە و بەداخەوە ســاڵانێکە لە هەرێمی کوردســتانیش، بەتایبەتی لە دوای ســاڵی ٢٠٠٣، بڵاوبوونەوەی ئەم ژەهرە کوشندەیە بووەتە دیاردەیەکی دژوار و لێکەوتەی خراپی هەبووەو ئەگەر لەبەرانبەریدا هۆشیارییەکی گشتی و ڕێگرییەکی توندو ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی نەگیرێتەبەر، ئەوا پرسی ئاسایشی گشتی و نیشتمانیمان دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، بۆیە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی چارەنووسسازە کە پلان و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی زیاتر و توندتر بکرێت.**

**لەم ســاڵانەی دواییدا لە ڕێگەی قاچاغ و بازرگانی ڕەشــەوە، مادده هۆشــبەرەکان بە زۆربەی جۆرەکانییەوە، گەیەنراوەتە ناو هەرێمی کوردستانیش و هەڕەشە لە تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن. دوژمنان و بازرگانە مافیاکان، مادده هۆشبەرەکان وەک چەکێکی تری دژایەتی نەتەوەی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان، بەکاری دەهێنن بۆ لاوازکردنی تواناو چالاکی لاوان و شێواندنی باری ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئەم گەلە و بێبەشکردنمان لە ئارامی و دواخستنمان لە زانست و پێشکەوتنەکانی سەردەم.**

## ماددەی هۆشبەر چییە ؟

مادده هۆشبەرەکان، واتا کۆمەڵێ کەرەستەی گیایی و دەرمانی کە چەندین ماددەی زیانبەخشیان تێدایە و دەبنە هۆکاری بێهۆشکردن و لەهۆشخۆچوون و بەو هۆیەوە عەقڵ و هۆش و هەستەکانی مرۆڤ لەباری ئاسایی و تەندروستبوونیان نامێنن و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی نەخۆشی و ژەهراویبوونی کۆئەندامی دەمار و پەککەوتنی جەستەو جوڵە و ڕەفتارەکانی کەسانی بەکارهێنەر و ئاڵوودەبووی ماددەهۆشبەرەکان، بەمەش ئەو جۆرە کەسانە لە ژیانی ئاسایی و پێناسەی مرۆڤی ساخڵەم دادەبڕێن.

مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگەی (دەم، دەرزی و کوتان، بۆنکردن، کێشان و هەڵمژین، خستنەژێر زمان و کۆم) بەکار دەهێنرێن. جۆرەکانی دەشێت سرووشتی بن، لە شێوەی گەڵا و گوڵ و ڕەگی دار، یان نیمچە دەستکرد بن و لە جۆرە سرووشتییەکانەوە وەربگیردرێن، یان لە تاقیگەدا بە شێوەی حەپ و دەرزی ئامادە دەکرێن.

## لەڕووی زانستی پزیشکییەوە

لەڕووی زانستی پزیشکییەوە، بەمشێوەیە پێناسەی مادده هۆشبەرەکان کراوە «هەموو ئەو ماددانە کە بەکارهێنانیان دەبنە هۆی لاوازبوونی جەستە و کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە لەسەر مێشک و کەسی بەکارهێنەر بە شێوەی بەردەوامبوون لەسەری، تووشی لە دەستدانی مێشک دەبێت.» هەروها پزیشکەکان دەڵێن؛ ئەوانەی ئاڵودەی دەبن، ئەگەر بیانەوێت وازی لێ بێنن و هەوڵیش بۆ ئەمە بدەن، بۆ ماوەیەک تووشی سڕبوونەوە و ئێش و ئازارێکی جەستەیی زۆر دەبن.

لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، کە لە لیژنەیەکی پسپۆڕان پێکهاتووە، بەمجۆرە پێناسەی مادده هۆشبەرەکانی کردووە «مادده هۆشبەرەکان ئەو ماددانەیە کە دەچنە لەشی هەر گیانلەبەرێک، کار لەسەر پەککەوتن و کۆمەڵە شڵەژانێک لە فەرمانەکانی ئۆرگانی لەش دەکەن.»

هەروها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکاندا ئاماژە بە چەندین جۆر و شێوە دەکات، نموونەی: ئەوانەی دەبنە هۆکاری وڕێنەو خەیاڵاویبوون، ئەوانەی سرووشتین، ئەوانەی کیمیایین، ئازارشکێن و خەوهێنەرەکان و ئارامبەخشەکان، ئەوانەی لە ڕێگەی کحوول و تووتن و قاوەوە دەخورێن.

## مەترسییە دیارەکانی مادده هۆشبەرەکان

بە گشتی بەکارهێنان و ئاڵودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، کارتێکەرێکی زۆر خراپی دەبێت بەسەر عەقڵ و هۆش و ڕەفتاری مرۆڤەوە. مرۆڤ ئیفلیج دەکات، دووچاری توندتیژبوون و سەرکێشی مەترسیداری دەکات، خێزانەکەی دەشێوێنێ، سەرئەنجام کۆمەڵگە تێکدەدات و ئاسایشی وڵات دەخاتە مەترسییەوە، هەروها زیانی ماددی و ئابووریی زۆریش بە تووشبووان و بە سەرمایەکانی ماددی و گیانی ئەم نیشتیمانە دەگەیەنێ.

مادده هۆشبەرەکان لە زۆر ڕووەوە مەترسین و کاریگەریی زۆر کوشندەیان بەسەر تاك و کۆی کۆمەڵگە و سامانی ماددی و مرۆیی و نیشتمانەوە دەبێت، بۆ نموونە:

## لەڕووی تەندروستییەوە

مادده هۆشبەرەکان دەمارو ئێسکەکانی جەستەی بەکارهێنەر و توانای جەستەیی و خۆکۆنترۆڵکردن لەناودەبات و ئیفلیجی دەکات. لێکەوتەی زۆر زیانباری لێکدەکەوێتەوە وەک، هەوکردنی مۆخ، خوێنبەربوون، تێکدانی کۆئەندامی هەرەس، گەدە، باری دەروونی، نەخۆشییە قورسەکانی لووت و قوڕگ و گوێ ....

لەڕووی دەروونییەوە، بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر تووشی خەمۆکی و گۆشەگیری، وڕبوون و بێئاگایی و دابڕان لە واقیع دەبێت، تەنانەت تێکدانی عەقڵ تا ڕادەی شێت بوون.

## لەڕووی بیرو هۆشەوە

مادده هۆشبەرەکان چالاکیی عەقڵ رادەگرن، هەر

42

# ماددەی هۆشبەر چەشنی فیکری توندڕەوی و تیرۆر مەترسیدار و تێکدەرە لە هەر خێزان و کۆمەڵگە و شوێن و ناوچەیەك بڵاوبێتەوە



(٥) هەستەکەی مرۆڤ (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن، تامکردن) تووشی تێکدان و لاوازیی دەکەن. تووشبووان تواناکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بڕیاردانیان لەدەستدەدەن، هەروها سۆز و ڕەحم و بەزەییان نامێنێت.

## لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە

کەسی بەکارهێنەرو ئاڵودەبوو، کەسایەتی و پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگە و هاوڕێ و کەسوکاری خۆیشی لەدەستدەدات و دەبێتە کەسێکی ڕەتکراوەو هەمووان خۆیانی لێ دووردەخەنەوە و بە کەسێکی لادەر دادەنرێت، سەرباری ئەوەش جۆرەها کێشە و ناخۆشی بۆ خێزان و دەوروبەری دروستدەکات.

## لەڕووی خێزانییەوە

جگە لەوەی توشبوو پەیوەندیی ئەندامانی خێزانەکەی تێکدەدات و شیرازەی ماڵباتەکەیان دەشێوێنێت، ئەوا دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی خێزانەکەی و عەیبداربوونیان لەناو کۆمەڵگەدا، هەروها باری دارایی خێزانەکەشی بەفیڕۆ دەدات و لەوانەیە بگاتە ئاستی لەدەستدانی سەروەت و سامان و گەیشتن بە هەژاری، تەنانەت دوچارکردنی خێزان بە قەرزاری و پەراوێزکەوتن و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر پێشهاتی نائاسایی و ناپەسەندو زیانبەخشی تر.

هاوکات گیرۆدەبوون و خووگرتن بە ماددەی هۆشبەرەوە کەسی توشبوو لە خوێندن، کەرەستەو ئامرازە سەردەمییەکانی ژیان، لە هاوڕێیەتی و لە زانست و زانیارییەکان و پێشکەوتنەکان دادەبڕێنێ و دەیکاتە کەسێکی تەنیا و بێئاگا لە ڕەوڕەوەی ژیان و ئارامی و خۆشییەکانی ژیانێکی ئاسایی.

لەگەڵ هەموو ئەو خراپی و زیانە ترسناکانەشدا، ئەوا کەسانی بەکارهێنەرو ئاڵودەبوو، هەموو کات لەبەردەم مەترسییەکانی ئەنجامدانی تاواندان، وەك دزیکردن، کوشتن، ئازاردانی دەوروبەر، یاخود خۆیان بەهۆی لەدەستدانی بیرو هۆش و کۆنترۆڵی جەستەییەوە دوچاری جۆرەها ڕووداوی وەك، خۆکوشتن، خنکان، ڕووداوی هاتوچۆ ... دەبن و لێرەوە ئیدی خۆی و خێزان و کۆمەڵگەش تووشی کێشەو نائارامی و زیان و مەترسی جۆراوجۆر دەکەن.

## ماددەی هۆشبەر (تیرۆری سپی)

کاریگەرییە نەرێنی و مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان تا ڕادەیەکە، کە شارەزایان بە دیوی دووەمی تیرۆر، یاخود بە (تیرۆری سپی) ناوی دەبەن، چونکە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان å ڕاستەقینە و ترسناکە بۆ سەر بەها مرۆیی و کایە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بە گشتی کۆی بوارەکانی شیرازەی خێزان و کەسایەتی تاک و تواناکانی دەسەڵاتەکان و ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر هەڕەشەو بنکۆڵکردنەوە.

ماددەی هۆشبەر، چەشنی فیکری توندڕەوی و تیرۆر مەترسیدار و تێکدەرە، لە هەر خێزان و کۆمەڵگە و شوێن و ناوچەیەک بڵاوبێتەوە، ئەوا وەک مین، بۆمبی چێنراو، کەمینی نادیار، بۆی هەیە هەر کەسێک بپێکێ و زیانی هەمەلایەنەو لێکەوتەی زۆر خراپی هەبێت، کە چارەسەرو قەرەبووکردنەوەیان ئەستەم دەبێت و بارگرانییەکی قورس لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات دروست دەکات، هەربۆیەش شارەزایان بە (تیرۆری سپی) ناویان بردووە.

لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەک لە شارەزایان و ناوەندە تەندروستییەکانی جیهان ڕایانگەیاندووە، کە دروست نییە کاتێ باسی کێشەو لێکەوتە و تووشبوانی ماددە هۆشبەرەکان دەکرێت، تەنها پرسەکە بە ماددەی هۆشبەر باسی بکرێت، بەڵکو پێویستە وشەی (نەخۆشی) بخرێتە پێش ئەو دوو دەستەواژەیەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی بخاتە سەر هەست و هەڵوێستی مرۆڤ و بە هەموو شێوەیەک ماددە هۆشبەرەکان وەک نەخۆشی سەیربکرێن و ئەم زانینەش ببێتە هۆشیارییەک بۆ خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لەو ژەهرە کوشندەیە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# کاریگەری و مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر

ئامادەکردنی/ هیوا محەمەد

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان

بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی هەیە، زیانێکی جەستەیی و سۆزداری هەمیشەیی بە بەکارهێنەران دەگەیەنێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و کۆمەڵگە دەبێت. دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەو چەند خاڵەی خوارەوە ڕوونکراونەتەوە:

١. بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێت پەیوەندییە خێزانییەکان تێکبدات، دەبێتە هۆی کێشەی دارایی، خراپی ئەدای قوتابخانە و بەرکەوتن بە ماددە هۆشبەرەکانی تر، هەروەها ڕەفتاری بێباکانە لەناو ماڵدا. شایەتحاڵی ئەوەی کە دایک و باوکێک لە تەمەنێکی بچووکدا بەدەست ئاڵوودەبوونەوە دەناڵێنن، دەتوانێت کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر منداڵ هەبێت، ئەگەری تووشبوون بە تێکچوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (SUDS) لە تەمەنی گەورەییدا و پشتگوێخستن یان خراپ بەکارهێنان زیاددەکات.

٢. هەروەها بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێت ببێتە هۆی خراپی ئەدای قوتابخانە، بەتایبەت ماددەکانی وەک کۆکاین دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیان کەمتر بخەون، لە کۆتاییدا کاریگەریی لەسەر ئەدای خوێندنیان دەبێت.

٣. ڕاهاتن لە سەر ماددە هۆشبەرەکان کاریگەری توند و هەستیاری زۆری لێ دەکەوێتەوە، وەك ئەنجامدانی کاری خراپ و خیانەتی هاوسەری، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپبوونی پەیوەندیی خێزانی و ژن و مێرد و دەستبەرداربوون و تەڵاقدان.

٤. تاکی ڕاهاتوو ناتوانێ پەیوەندییێکی باش لەگەڵ کەسانی دیکە و تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشی دروست بکات، ئەمەش وا دەکات خراپ بەسەریدا زاڵبێت. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕانایەت، زۆرجاریش دەیەوێت بەهۆی خۆکوشتن خۆی لەو بارودۆخە دەرباز بکات.

٥. لە کۆمەڵگەکاندا زۆرجار بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان پەیوەندیی بە زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکانەوە هەیە، چونکە ڕەنگە تاکەکان ڕوو لە چالاکییە نایاساییەکان بکەن بۆ پشتگیریکردن لە ئاڵوودەبوونیان.

## کاریگەرییە تەندروستییەکان

کاریگەریی جەستەیی و دەروونی و تەندروستی بەپێی ماددەکە جیاوازن. لەڕووی جەستەییەوە ماددە هۆشبەرەکان زیان بە ئەندامەکانی مرۆڤ دەگەیەنێت، تەندروستی دڵ و خوێنبەرەکان، سیستەمی بەرگریی لەش تێکدەدەن. بەکارهێنانی بە شێوەیەکی درێژخایەن لەوانەیە ببێتە هۆی حاڵەتەکانی وەک نەخۆشی جگەر، کێشەی هەناسەدان، یان تێکچوونی دەمارەکان.

کاریگەرە دەروونییەکان: ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە باری دەروونی و زانین و ڕەفتاردا، هەروەها دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، یان بارودۆخی تەندروستی دەروونی و ئالوودەبوون. کاردانەوە دەروونییەکان بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی شڵەژانی هەستەکان بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش بیستن و بینین. دەبنە هۆی ڕوودانی ناتەواوی درێژخایەن لە هەست و درك نەکردن بە کات و دوور و درێژی یاخود قەبارەکان.

١. بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی ناتەواوی ناوزنگی لە هزر و ئەمەش وا دەکات بە ناتەواوی بڕیار لەسەر ڕووداوەکان بدات، ئەمە سەرەڕای چەندین هەڵسوکەوتی نامۆ و قسە لەگەڵ خۆکردن.

٢. ماددە هۆشبەرەکان ئاسەواری دەروونیان لێ دەکەوێتەوە وەک نیگەرانی، پەشۆکاوی، ناتەواوی بەردەوام، هەستکردن بە ناجێگیری و دڵتەنگی و تووڕەبوون و فەرامۆشکردن خود و ئاکاری نەبوونی توانا و بەردەوام بوون لەسەر کار.

٣. ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لەش و ئەمەش هەندێ گرژبوون و زەحمەتی لە قسەکردن و دەربڕینی لێ دەکەوێتەوە و توشبوو ناتوانێ هزری خۆی بە تەواوەتی دەربڕێ و هەروەها دەبێتە هۆی زەحمەتی لە ڕویشتندا.

٤. ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی ڕوودانی زیادبوونی تووڕەیی و هەستەوەریی توند و شڵەژان و هەڵچوونی بەردەوام کە ئەمەش دەبێتە هۆی کزبوونی گونجان و تێکەڵی کۆمەڵایەتی.

کاریگەری جەستەییەکان: کاریگەرییە جەستەییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بەپێی جۆری ماددە هۆشبەرەکان بەکارهێنراو و ژەمە دەرمانەکە و ماوەی بەکارهێنانی جیاوازە. کاریگەرییە جەستەییە کورتخایەنەکان دەتوانن بریتی بن لە گۆڕانکاری لە

هەماهەنگی، گۆڕانی پەستانی خوێن و لێدانی دڵ، کەمکردنەوەی ئازار، گۆڕانکاری لە شێوەی جەستەی کەسێکدا. بەکارهێنانی مادده درێژخایەنەکان دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری درێژخایەن لە مێشک و جەستەی کەسێکدا، کە دەبێتە هۆی لێکەوتەی تەندروستی جددی وەک نەخۆشیی دڵ، کێشەی هەناسەدان، تێکچوونی جگەر و نەخۆشی گورچیلە.

١. دەبنە هۆکارێک بۆ تێکچوونی ئیشتیای خواردن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوون و بێهێزی گشتی لەش، تێیدا دەموچاو زەرد، یاخود ڕەش هەڵدەگەڕێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازیی بەرگری لەش لە دژی نەخۆشییەکان و بەهۆیەوە، سەرئێشە و سوڕانی درێژخان و چاو سووربوون سەرهەڵدەدەن.

٢. نەمانی هاوسەنگی و ڕاهاتن لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی هەوکردنی خانە و شانە لینجییەکان و بۆڕییە هەوایەکان ئەویش بە هۆی دروستبوونی مادده کاربۆنی و کەڵەکەبوونی لە بۆڕییە هەواییەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان و ڕەنگە ببێتە هۆی نەخۆشیی سیل.

٣. تووشبووان دووچاری شڵەژان و کۆئەندامی هەرەس دەبن و دەبێتە هۆی بەدخۆراکی و زیادبوونی گازەکان و هەستکردن بەکەڵەکەبوونی زۆرخۆری، ئەمەش بەسکچوون کۆتایی دێت. هەروەها دەبێتە هۆی قەبزی هەوکردنی درێژخایەنی گەدە، بەجۆرێک ناتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات، هاوکات دەبێتە هۆی هەوکردنی ڕژێنی پەنکریاس و لەکارکەوتنی لەدەردانی هۆرمۆنی ئینسولین و هاوسەنگی شەکرە لە خوێن ڕادەگرێت.

٤. لە ناوچوونی جگەر و لەکارکەوتنی، چونکە ماددەی هۆشبەر خانەکانی جگەر شیدەکاتەوە ڕێژەی شەکر زیاد دەکات و لە کار دەکەوێت، دەبێتە هۆی هەوکردنی جگەر و کەڵەکەبوونی وەستانی. بەهۆی ئەو ژەهرانەی کە جگەر ناتوانێ لەشی خاوێن بکاتەوە.

٥. هەوکردنی مێشک و لەناوچوون و تێکشانی ملیۆنەها خانەی دەماری کە مۆخ پێکدەهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی شت لەبیرچوونەوە و وڕێنەکردن.

٦. شڵەژان لە دڵ و نۆرەی دڵ و دڵەکوتێ و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و تەقینی دەمارەکان کە دەبێتە هۆی کەمخوێنی و تێکشکانی خڕۆکە سوورەکانی خوێن و کەم خۆراکی، هەروەها ژاراویبوونی ئێسقان کە خڕۆکە سوورەکان دروست دەکات.

٧. کاریگەری لەسەر چالاکی سێکسی و کەمبوونەوەی توانا و کەمبوونەوەی دەردانی ڕژێنەکانی سێکسی دەبێت.

٨. دووچاربوون بە نۆرەکانی پەرکەم بە هۆی دوورکەوتنەوەی لەو ماددانە دوای هەشت ڕۆژ.

٩. ڕوودانی ناتەواویی جەستەی منداڵ تازە لە دایکبووەکان.

١٠. گیر و گرفتی تەندروستی لەلای ئافرەتە دووگیانە ئاڵوودەبووەکان لەسەر ئەو ماددانە وەک کەمخوێنی و نەخۆشی دڵ و شەکرە دروست دەکات. هەوکردنی سییەکان و جگەر و لەبارچوونی نەخوازراو و ڕوودانی حاڵەتی سەراوژێربوونی کۆرپەلە کە بە ناتەواوی لە دایکدەبێت.

١١. مادده هۆشبەرەکان هۆکاری سەرەکین بۆ تووشبوون بە کوشندەترین نەخۆشی وەک شێرپەنجە.

١٢. بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زیاد لە مادده هۆشبەرەکان خۆی لە خۆیدا بە خۆکوشتن دادەنرێت.

کاردانەوە ئابوورییەکان :

١. خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی مادده سڕکەرەکان، کە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی ئابووری هەیە.

٢. لاوازبوونی توانای ئاڵوودەبوو لە بەرهەمهێنانا و نەبوونی ئارەزووی کارکردن.

٣. زیانگەیاندن بە ئابووری و داهاتی میللەت بە هۆی بازرگانیکردن بە شێوەیەکی نایاسایی.

٤. زیانگەیاندن بە داهاتی میللەت بە داگیرکردنی ڕووبەرێکی زۆری زەوی بۆ چاندن و ڕواندنی مادده سڕکەرەکان.

٥. کارپێکردن و سەرقاڵکردنی هەرزەکارەکان لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی مادده سڕکارەکان لەبڕی خوێندن و ڕۆشنبیرکردنی تاکی کۆمەڵگە.

٦. خەرجییەکی زۆری ماددی و مەعنەوی بۆ ناوەندەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مادده سڕکەرەکان سەرف دەکرێت.

٧. مادده هۆشبەرەکان ئەنجامی دژواریان لێ دەکەوێتەوە بە سەر ئاڵوودەبووەوە ،چ لەڕووی کارکردن یاخود ویست و باری کۆمەڵایەتی و متمانەی خەڵکی.

٨. ئاڵوودەبوو ئەرکی پیشەیی خۆی بەباشی ڕاناپەڕێنێ، ویستی نییە بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکان، بۆیە ئەمە وا دەکات بەرپرسانی لە شوێنی کاردا لای بدەن یاخود سزای بدەن و مووچەی ببڕن.

٩. زۆرجار ئاڵوودەبوو پارەی نابێت تا ئەو جۆرە ماددەیەی پێ بکڕێت، بۆیە پەنادەباتە بەر قەرزکردن و کاری نایاسایی وەک بەرتیل خۆری، دزین و گەندەڵی، دزی و بەدڕەوشتی .

کاریگەرییە ئەرێنییەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگە فرەلایەنە. بۆ نموونە، تێچووی ئابووریی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەمریکا نزیکەی (٢١٥) ملیار دۆلار خەمڵێندراوە، کە بەو بڕە بودجەییە دەتوانرێت پڕۆژەی مەزن بەگەڕبخرێت، وەک: دەتوانرێت بە کار بێت بۆ دروستکردنی(١٦٩٢) نەخۆشخانەی نوێ، دروستکردنی (٦٣٢) زانکۆ، بنیاتنانی (٣٦٦٧) باخچەی




گشتی، دامەزراندنی (٢،٩٥٧،٩٥٦) مامۆستا و کڕینی (٧٥٨،٦٢٠) پاس.

ئەم ڕوونکردنەوانە تەنها ئاماژە پێکردنە بۆ زۆربوونی ئەم دیاردەیە لە جیهاندا.

سەرچاوەکان:

• ریبوار فازل دێرەیی و مستەفا ئەحمەد ئەرگوشی، مادده هۆشبەرەکان، مێژوو، هۆکار، چارەسەر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

•https://www.qld.gov.au/health/staying-healthy/atods/drugs/types

• Marc A. Schuckit, Drug and Alcohol Abuse A Clinical Guide to Diagnosis and Treatment, University of California Medical School and Veterans Administration Hospital,

• * MARIA A. SULLIVAN AND FRANCES RUDNIK-LEVIN, Attention Deficit/Hyperactivity Disorder and Substance Abuse.

• * GERALD L. KLERMAN, MD, Dealing With Alcohol and Drug Abuse and Mental Illness

• * Walters, Scott T Rotgers, Frederick, Treating substance abuse: Theory and technique, 2011.

• * Botelho, Richard J Novak, Steve, Dealing with substance misuse, abuse, and dependency, journal Primary Care: Clinics in Office Practice volume 20, p51-70.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

# کورترین لەشکرکێشی سەربازیی لە جیهاندا

● هاوژین مەحموود

دیاریکردنی کورترین لەشکرکێشی سەربازیی لە جیهاندا کارێکی قورسە، چونکە ئەو پێوەرانەی کە بۆ پێوانەکردنی ماوەی لەشکرکێشییەک بەکاردەهێنرێن جیاوازن. ئامانجەکانی داگیرکاری زۆرن، ڕەنگە ئامانجی داگیرکاری خێرا بێت، وەک ڕووخاندنی حکومەتێک یان داگیرکردنی خاکێکی دیاریکراو. یان هاوسەنگیی هێز. ئەگەر جیاوازییەکی زۆر لە دەسەڵاتدا لە نێوان هەردوو لایەنی ململانێکەدا هەبێت، لەوانەیە لەشکرکێشییەکە بە خێرایی کۆتایی بێت. ڕەنگە دەستوەردانی نێودەوڵەتی وڵاتانی دیکە بە خێرایی کۆتایی بە لەشکرکێشییەکە بهێنێت. دواتر هۆکارە سیاسییەکانن، ڕەنگە فشارە سیاسییە ناوخۆییەکان یان نێودەوڵەتییەکان بە خێرایی کۆتایی بە لەشکرکێشییەکە بهێنن. لێرەدا هەندێک نموونەی لەشکرکێشیی سەربازییە کورتەکان باس دەکەین کە مەبەستمان ئەو شەڕانەن بە داگیرکردن کۆتاییان هاتووە، چونکە شەڕی دیکە ڕوویانداوە لە جیهاندا، بەڵام لەشکرکێشی نەبووە بۆ سەر وڵاتی دیکە وەك شەڕی ئینگلیزو زنجار کە ٣٨ خولەکی خایاند.

یەکەم جەنگی سەد کاتژمێری: شەڕی نێوان عێراق و کوێت لە ساڵی ١٩٩١. لە ٢٤ی شوبات دەستی پێکرد و لە ٢٨ی شوبات کۆتایی هات، تەنها ١٠٠ کاتژمێری خایاند.

دووەم داگیرکردنی گرانادا: ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٣دا هێرشی کردە سەر دوورگەی گرانادا لە دەریای کاریبی. لەشکرکێشییەکە تەنها ٧ ڕۆژی خایاند، لە ٢٥ی تشرینی یەکەمەوە تا ٣١ی تشرینی یەکەم.

سێیەم لەشکرکێشی بۆ سەر پەنەما: لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر پەنەما لە ساڵی ١٩٨٩ڕوویدا. لەشکرکێشییەکە ٢٧ ڕۆژی خایاند، لە ٢٠ی کانوونی دووەمەوە تا ١٧ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٠.

چوارەم، جەنگی دووەمی کەنداو: شەڕی نێوان عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣. لە ٢٠ی ئازار دەستی پێکرد و لە ١ی ئایار کۆتاییهات، ٤٣ ڕۆژ خایاند.

پێنجەم، یەکەمین جەنگی چیچان: شەڕی نێوان ڕووسیا و چیچان لە ساڵی ١٩٩٤. شەڕەکە ٥ مانگی خایاند، لە کانوونی دووەمی ١٩٩٤ تا مانگی ئایاری ١٩٩٥.

شەشەم، جەنگی دووەمی چیچان: شەڕی نێوان ڕووسیا و چیچان لە ساڵی ١٩٩٩. شەڕەکە ١٠ مانگی خایاند، لە مانگی ئابی ١٩٩٩ تا تەمموزی ٢٠٠٠.









## فڕۆکە ... پاڵپشتێکی بەهێز بۆ شەڕی دژ بە تیرۆر

فڕۆکەی ئەمریکی (A29 super tucano) پاڵپشتییەکی بەهێزی سوپای نەیجیریایە بۆ شەڕی تیرۆر. مارشاڵی ئاسمانی نەیجیری، ئۆلادیۆ ئاماو باسی کاریگەریی فڕۆکە ئەمریکییەکان و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی کرد لە سەرکەوتنی شەڕی تیرۆر. ئاماژەی بەوە کردووە، کە گومانی تێدا نییە پلاتفۆرمە نوێیەکانی فڕۆکە ئەمریکییەکان کاریگەریی بێوێنەیان بووە لە سەرکەوتنەکانمان دژی تیرۆریستان. پلانی ستراتیژیی وەزارەتی بەرگریی نەیجیریا بۆ شەڕی تیرۆر، بەهێزکردنی هێزی ئاسمانیی وڵاتەکەیە بە فڕۆکە و تەکنەلۆژیای نوێ. بۆ ئەم مەبەستەش، گرێبەستی نوێ لەگەڵ پاکستان و تورکیا دەکەن بە مەبەستی دابینکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکەی شەڕکەری پاکستانی. شایەنی باسە ئەمریکا بەمەرجی شەڕی تیرۆر یارمەتی نەیجیریا دەدات بۆ زاڵ بوون بەسەر تیرۆریستانی بۆکۆ حەرام.

42

# بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکان و هێزی ئەسپ

## بۆچی ئۆتۆمبێل و تانك و زرێپۆشی سەربازی هێزی ئەسپیان زیاترە؟




هەموومان بیستوومانە کە بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکان بە ژمارەی ئەسپ دەپێورێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکان بە هێزی ئەسپ دەپێورێت؟ مەبەست لە هێزی ئەسپ چییە؟ بۆ یەکەم جار بۆ چ کارێك بەکارهێنرا؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەگەڕێتەوە بۆ زانای بواری وزە، جێمس وات کە بە دامەزرێنەری بزوێنەری هەڵمی ناسراوە، ئەم زانایە لە زستانی ساڵی ١٧٣٦ لە سکۆتلەندا لە دایك بووەو لە پاییزی ساڵی ١٨١٩ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانایە بزوێنەری هەڵمی فرۆشتوون و بۆ تێگەیاندنی خەڵك لە هێزی بزوێنەرکانی، بە ئەسپ بەراوردی کردوون، چونکە ئەوکات تەنها ئەسپ بۆ بەرزرکردنەوەو راکێشانی قورسایی بەکار دەهێنران. لە بەراوردکارییەکەدا، وات تێبینی کرد ئەسپ توانای هەیەلە یەك خولەکدا ١٤٩ جار بەردی ئاش بخولێنێتەوە هەروەها توانای هەیە ١٤٩ کیلۆگرام خەڵووز بۆ یەك مەتر لە یەك خولەکدا بەرزبکاتەوە. بەنزیکەیی ئەو وزەیەی ئەسپەکە بەکاری دەهێنێت یەکسانە بە ٧٤٥ وات، کەواتە ئەگەر ئۆتۆمبێلێك هێزی بزوێنەرەکەی ٢٠٠ ئەسپ بێت، ئەوا توانای وزەی بەرهەمهاتووی ١٤٩ کیلۆواتە کە هەر کیلۆواتێك یەکسانە بە هەزار وات.

# کاریگەریی مێش و مەگەز لەسەر ئاستی شەڕکەر لە شەڕەکاندا



چۆن مێشەکان و مێرووەکان دەتوانن لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ ڕێگری لە شەڕکەرەکان بکەن. سەرەتا دەبێت بزانین سەرقاڵبوونی شەڕکەرەکان بە مێشوولەکان کە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، بەتایبەتی لە نزیک دەموچاو، دەتوانین بڵێین کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر توانستی شەڕکردن و بە ئامانجگرتنی دوژمن یان چاودێریکردنی. چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی فۆکەسی شەڕکەر، بەمەش شەڕکەرەکان سەرنجیان لەسەر ئەرکی خۆیان قورستر دەبێت کە پێویستیان بە وردبینی و هۆشیاری هەیە، وەک ئامانجکردنی چەک یان جێبەجێکردنی فەرمانەکان. هۆکارێکی دیکەی کاریگەریی مێرووەکان، گواستنەوەی نەخۆشییە، بە جۆرێک، لە هەندێک ناوچەدا مێش دەتوانێت نەخۆشییەکانی وەک مەلاریا و تای خوێنبەربوون و تایفۆید بگوازێتەوە. نەخۆشکەوتن شەڕکەرەکان لاوازدەکات و توانای شەڕکردنیان بە شێوەیەکی کاریگەر کەمدەکاتەوە. جگە لەوەش بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییانە لەناو سەربازەکاندا دەتوانێت تەواوی یەکەکان پەکبخات. هەروەها کاریگەریی دەروونی لەسەر سەربازەکان دروست دەکات. چونکە بێزارکردنیان لە لایەن مێشەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مۆڕاڵ و کاریگەری لەسەر باشیی دەروونی شەڕکەر دەبێت، بەڵام گرنگە بزانین توندی ئەو ڕادەیەی کە مێروەکان ڕێگری لە شەڕکەر بکەن بەندە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە جۆری مێشەکە و ژینگەی تایبەت و خۆڕاگری تاکەکەسی سەربازەکە. هەرچەندە شەڕی مۆدێرن زۆر پشت بە تەکنەلۆژیا و پلاندانان دەبەستێت، کە ڕەنگە مێشەکان بەربەستێکی بەرچاو نەبن بە بەراورد بە داینامیکی گەورەتری سەنگەرەکان، بەڵام گرنگە ڕێوشوێنی پاراستن پەیڕەوبکرێت. زۆرجار کارمەندانی سەربازی بە ئامێری دوورخستنەوەی مێروو و بەکارهێنانی دەمامکی تایبەت کاریگەریی مێروەکان و مێش و مەگەز کەدەکەنەوە. دەکرێت ڕێوشوێنی دیکەی گونجاو بەکاربهێنرێت وەك ڕشاندنی ناوچەکە بە مادەی کیمیایی قڕکەری مێرووەکان. هەرچەندە مێشەکان بەڕاستی دەتوانن ڕێگری لە ئەدای شەڕکەرێك بکەن لە هەندێک بارودۆخدا، بەڵام مەرج نییە هۆکارێکی سەرەکی بێت لە شەڕی مۆدێرن. لایەنەکانی تری وەک ڕاهێنان و ئامێر و تاکتیک ڕۆڵێکی زۆر گەورەتر لە دیاریکردنی کاریگەری شەڕکەر لە شەڕدا دەگێڕن.

ئەگەر ئارەزووی زانیاریی زیاترت هەیە دەربارەی لایەنە تایبەتەکانی بابەتەکە، دەتوانیت بەدوای زانیاریدا بگەڕێیت لەسەر: ئەو نەخۆشیانەی کە لەلایەن مێشەوە لە ناوچە تایبەتەکاندا دەگوازرێنەوە: «[ناوی نەخۆشی] و مێش».

کاریگەریی نەخۆشییە گواستراوەکانی مێروو لەسەر شەڕە مێژووییەکان: «[ناوی شەڕی مێژوویی] و نەخۆشییەکان».

ڕێوشوێنە سەربازییەکان دژی مێرووەکان: «[لقی سەربازی] دژە مێروو»ئاس

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42



گۆران فتاح

# GISDB تەقەمەنی ئەمریکی - سویدی

ئەم تەقەمەنییە بریتییە لە کڵاوەیەکی تەقەمەنی کە دەتوانرێت بە راجیمەی مووشەکهاوێژی ئەمریکی جۆرەکانی ٢٢٧ملم، ئێم ١٤٢ و ئێم ٢٧٠ و هایمارس بهاوێژرێن. توانای ئۆپەراسیۆنی بۆردوومانکردنی هەیە بە گۆشەی ٣٦٠ پلە لەشوێنی سەکۆی هەڵدانی، واتا توانای هەیە لە هەرچوار دەوری خۆی ئامانج بپێکێت کە هیچ مووشەکێکی دیکە ئەم توانایەی نییە. واتا دەتوانێت ئامانجی ئەودیوی شاخێك یان بەربەستێك بپێکێت. ئەوەی ئەم جۆرە تەقەمەنییە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە توانای پێکانی ئامانجەکانە لە یەك مووشەکدا کە دەتوانێت شەش ئامانج بپێکێت بەگۆشەی جیاواز، بە جۆرێک، مەودای هەڵەکردنی پێکانی ئامانجی لە یەك مەتر زیاتر نییە، GISDB تا دووری ١٥٠ کیلۆمەتر بۆ پێشەوە دەڕوات و ١١٥ کیلۆمەتر بۆ تەنیشتەکان و ٧٠ کیلۆمەتر بۆ دواوە دەڕوات. هۆکاری جیاوازییەکە بۆ ئەو وزەیە دەگەڕێتەوە کە بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزی پێچەوانەی ڕۆیشتن بەکاری دەهێنێت. ئەم مووشەکە بە سیستەمێکی زۆر وردی شوێنهەڵگرتن جی پی ئێس پێشخراوە بۆ پێکانی ئامانج بە وردیەیکی زۆر. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ کۆتا تاقیکردنەوەی بووە و بە سەرکەوتوویی خراوەتە خزمەتی سەربازیی ئەمریکی، لە دواین پاکێجەکانی هاوکاریکردنی ئۆکڕاین کۆشکی سپی پلانی پێدانی ئەم مووشەکەی بە ئۆکڕانیا ئاشکرا کرد و بەڵێنی بە ئۆکڕاینا داوە هێزە شەڕکەرەکانی لەسەر ئەم مووشەکە راهێنان پێبکات.

# جێگیرکردنی سیستەمی بەرگریی پاتریۆت بۆ پاراستنی پایتەخت

لەسەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ پۆڵەندا سیستەمی پاتریۆتی لە ناوچە هەستیار و گرنگەکانی پایتەخت جێگیر کرد بەمەبەستی پاراستنی وارشۆی پایتەختی وڵاتەکەی. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی بەرگریی پۆڵەندا، سەرەتا ئەم رێکارە ئەمنی و توندوتۆڵکردنەی ئاسایشی وڵات لە پایتەخت دەست پێدەکات و دواتر لە شارەکانی دیکە جێگیر دەکرێن. سیستەمی پاتریۆت سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانییە بە یەکێك لە پێشکەوتووترین سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی دادەنرێت و لەلایەن ئەمریکاوە دروستکراوە و زیاتر بەو وڵاتانە دەفرۆشرێت کە هاوپەیمانی ئەمریکان. بەم هەنگاوە پۆڵەندا دەبێتە هەژدەمین وڵات کە سیستەمی پاتریۆت لە وڵاتەکەی جێگیردەکات، تایبەتمەندیی ئەم سیستەمە بەخێرایی دۆزینەوەی هەڕەشەکان و وردی پێکانی ئامانجەکان ناسراوە، درێژی مووشەکەکانی ٥م دەبێت، بارستایەکەی ٩٠٠کگمە و ٩٠کگم تەقەمەنی تێدایە، تونای هەڵدانی چوار مووشەکی هەیە لە یەك کاتدا کە خێرایەکەی دەگاتە ئەوپەڕی خێرایی دەنگ. هۆکاری بەهێزی ئەم سیستەمە، کە زۆرێك لەوڵاتان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، بریتییە لە راداری بەهێزو تەکنەلۆژیای وردی سەربازی.



# 42 هێلیکۆپتەری شەڕکەری (T_129 ATAK)

کۆپتەرێکی هێرشبەری تورکیایە کە بۆ چەندین ڕۆڵی شەڕکەر دیزاینکراوە، لەوانە سیخوڕیی چەکداری، پشتیوانی ئاسمانیی نزیک و شەڕی دژە زرێپۆش. ئەم کۆپتەرە لەلایەن کۆمپانیای تورکی ئایرۆسپەیس (TAI)بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای ئاگوستا (ئێستا بەشێکە لە لیۆناردۆ سپای) کە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی ئیتاڵییە، بەرهەم دەهێنرێت. لێرەدا چەند تایبەتمەندی و وردەکارییەکی سەرەکی سەبارەت بە هێلیکۆپتەرەکە دەخەینەڕوو: ئەم هێلیکۆپتەرە بەچەندین جۆرە چەك پێشخراوە، وەك تۆپێک کە توانای سوڕانەوەی هەیە و سێ لولەیی ٢٠ ملیمە کە لەسەر چەناگە دانراوە. لەگەڵ مووشەکی ئاسمانی بۆ ئاسمان و ئاسمان بۆ زەوی. مووشەکی بێ ڕێنمایی و مووشەکی ڕێنمایی کراو .هەروەها سیستەمی بەرپەرچدانەوەی ئەلیکترۆنی (ECM. جگە لەمە، کۆپتەرەکە بە دوو بزوێنەری تۆربۆشافتی LHTEC CTS٨٠٠ کاردەکات، کە هێز و چالاکی پێویستی بۆ ڕۆڵی شەڕکەری بۆ دابین دەکات. خێراییەکەی نزیکەی ١٥٠ گرێیە (٢٧٨ کم/کاتژمێر) و مەودای نزیکەی ٣٧٠ میل (٦٠٠ کیلۆمەتر)ە. فڕۆکەی T-١٢٩ ATAK تایبەتمەندی ئەڤیۆنیکس و سیستەمی ئەرکی پێشکەوتووی هەیە، لەوانە کابینەی فڕۆکەوانی شووشەی مۆدێرن و سیستەمی پێشکەوتووی ئامانجکردن و توانای جەنگی ئەلیکترۆنی (EW).هەیە. بە گرنگیدان بە توانای مانەوە دیزاین کراوە و سیستەمی جۆراوجۆری بەرپەرچدانەوەی لەخۆگرتووە، وەکو بڵێسە و دابەشکەری دژەمووشەك، بۆ پاراستن لە مووشەکی گەرمی گەڕان و ڕێنمایی ڕادار. بە شێوەیەکی گشتی تیمی دوو کەسی هەیە، لەگەڵ فڕۆکەوانێک و هاوفڕۆکەوان/تۆپچی. هێلیکۆپتەرەکە چەندین جۆری هەیە و بەردەوام نوێکاری تێدا دەکرێت بەمەبەستی پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانای شەڕکردن. هێلیکۆپتەری T-١٢٩ ATAK بە توانای گونجاندن و گشتگیربوونی لە سیناریۆ جیاوازەکانی شەڕدا ناسراوە. بەشێکە لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ پەرەپێدان و مۆدێرنکردنی پیشەسازیی بەرگری، هەروەها لە ناوچە جیاجیاکاندا جێگیرکراوە بۆ هەردوو مەبەستی سەربازی و ئاشتیپارێزی.

● ڕێناس



# بۆمبی زیرەکی GBU_57 MOP



بۆمبی زیرەك، مەبەست لەو بۆمبانەن کە ئامانجگرتن و پێکانیان زۆر وردە لەگەڵ بەهێزی بۆمبەکە. لە ریزبەندی پێشەوەی بۆمبە زیرەکەکان بۆمبی زیرەکی جۆری (٥٧-GBU MOP) کە لە لەلایەن کۆمپانیای ئەمریکی بۆینگ Defense, Space & Security پەرەی پێدراوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٣ دیزاین کراوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ کەوتە خزمەتی سەربازی ئەمریکی و لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی: کێشی بۆمبەکە ٣٠,٠٠٠ پاوەند یان (١٣,٦٠٠ کیلۆگرام)ە، درێژییەکەی ٢٠,٥ پێ (٦,٢ مەتر)، تیرەکەی ٣١,٥ ئینج (٠,٨ م). کڵاوەی تەقەمەنی مووشەکەکە: ٥,٣٤٢ پاوەند (٢,٤٢٣ کیلۆگرام) لەجۆری ٧٥٧-AFX یان ٤,٥٩٠ پاوەند (٢,٠٨٠ کیلۆگرام) لە جۆری ١١٤-PBXN. توانای ڕۆچونی لە بەربەستە کۆنکریتییەکان ٢٠٠ پێ (٦١ م)، کۆنکرێتی بەهێز یان ٦٠ پێ (١٨ م)، خاک و زەوی فشەڵ. سیستەمی ئاڕاستەکردن دوو جۆرە کە بریتین لە سیستەمی ڕێنمایی ئینسێریال ((INS، کە لەگەڵ سیستەمی گەشتیاری جیهانی (GPS) تێکەڵکراوە بۆ دڵنیابوون لە وردبینییەکی بەرز لە لێدانی ئامانج. ئەو فڕۆکەیەی ئەم بۆمبە زیرەکە هەڵدەگرێت، لە جۆری (Spirit ٢-B) کە فڕۆکەیەکی شەڕکەری پێشکەوتووە، چونکە تەنها لەلایەن فڕۆکە بۆمبرێژکراوە ستراتیژییەکان دەتوانرێت هەڵبگیرێت. گرنگترین مەبەستەکانی بەکارهێنان بۆ لەناوبردنی ئامانجە زۆر بەهێزەکانی وەک دامەزراوە ئەتۆمییە ژێرزەمینییەکان و بنکەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن دروستکراوە. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم بۆمبە، بەهێزترین بۆمبی نائەتۆمییە لە جبەخانەی ئەمریکادا. تەنها جارێک لە شەڕدا لە ساڵی ٢٠١٧ لە دژی ئامانجێک لە سووریا بەکارهاتووە. بەهۆی توانای وێرانکەری گەورەیەوە داواکاریی زۆری لەسەرەو زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# سەرخەوی تاکتیکی... سوود و کاریگەری لە بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکاندا

وەرگێڕانی: لالۆ کەلاری

**سەرخەو، واتە ماوەیەکی کورتی خەوتن کە مرۆڤ لە ماوەی دوای نیوەڕۆدا بەسەری دەبات، کە جەستە پێویستی بە نوێکردنەوەی چالاکی و زیندوویی هەیە. بۆیە بەهۆی گرنگییەکەی لە ڕوانگەی سەربازییەوە، پسپۆڕانی تەندروستی سەربازی جەخت لەسەر پێویستی ئەنجامدانی ئەو کارە دەکەنەوە و پێی دەڵێن "خەوی تاکتیکی". سەرخەو یان پشوودانێکی تەواو بۆ ماوەی نێوان (٣٠-٦٠) خولەک، یارمەتی مرۆڤ دەدات پاتری دەروونی و فیزیۆلۆژی خۆی بارگاوی بکاتەوە.**

هەرتاکێکی جەنگاوەر پێویستی بە خەوێکی تاکتیکی هەیە بۆ ئەوەی زیندوویی و ئامادەیی خۆی وەربگرێتەوە و لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی زیاتر بکات، ئەمەش لە ئەدای جەستەیی و مەعریفی لە کاتی کارکردندا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەت لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا.

بەهۆی بەها و گرنگییەکی زۆرەوە لە نوێکردنەوەی چالاکیی جەستەیی و باشترکردنی چالاکییە دەروونییەکانی مرۆڤ، ڕێساکانی سیستەمی تەندروستی سەربازی پێشنیاز دەکەن کە پێویستە کارمەندانی سەربازی و ئەندامانی هێزەچەکدارەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا و تەنانەت لە سەختترین بارودۆخی شەڕیشدا بێت خەوی پێویست بەدەستبهێنن، چونکە خەوتن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونیی و هەروەها لەسەر سەرکەوتنیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا هەیە. ڕاستییەکیش هەیە، دەبێت تاکەکانی هێزەچەکدارەکان بیزانن کە خەوێکی قوڵ و ئارام بە درێژایی شەو هەمیشە بژاردەیەکی بەردەست نابێت بۆیان، بە تایبەت لە بەرەکانی شەڕ و کاتی جموجوڵی هێزەکان و گردبوونەوە سەربازییەکاندا، بەهۆی لەبەرچاوگرتنی هێرش و پەلامارە لەناکاوەکانی دوژمن، هەربۆیە پێویستە هەرکاتێک بارودۆخی گونجاویان بۆ ڕەخسا، سوود لە سەرخەو وەربگرن.

سەبارەت بە تێکڕای کاتژمێرەکانی خەوتن کە پێویستە بەدەست بهێنرێت، دکتۆر تۆم بالکین، یەکێکە لە گەورە زاناکانی لقی بایۆلۆجی ڕەفتاریی لە سەنتەری پزیشکی دەروونی و زانستی دەمارەکانی سەربازی (CMPN) دەڵێت: پێویستە کارمەندانی سەربازی ڕۆژانە نزیکەی شەش کاتژمێر بخەون. لەکاتێکدا د. ویلیامز دپێی وایە

کە شەش کاتژمێر خەوتن بەس نییە و پێشنیاز دەکات، بەلایەنی کەمەوە حەوت کاتژمێربخەون. لەگەڵ ئەگەری سەرخەوێك لە نیوەڕۆدا، پسپۆڕان ئامۆژگاری دەکەن کە باشترین کات بۆ خەوتن لە نێوان کاتژمێری یەکی دوای نیوەڕۆ و کاتژمێر چواری ئێوارەدایە.

سەرخەو جیاوازە لە خەوتن لە شەودا، ئەگەرخەوتن ببێتە هۆی زیندووکردنەوە وچالاککردنەوە و پاراستنی خانەکانی لەش و مێشک، ئەوا سەرخەو بەشدارە لە پشوودانی مێشک و ئارامکردنەوەی ماسولکەکانی جەستەیی و ماسولکەکان و بەرزکردنەوەی توانای هەستکردن و وەرگرتن. زانایان دووپاتیان کردەووەتەوە کە خەوی کورت لە نیوەی ڕۆژدا، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، کاریگەریی ماندوێتی لەناو دەبات و سەقامگیری و زیندوویی و چالاکی بۆ دەروون و جەستە دەگەڕێنێتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە زانستییە مۆدێرنەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە خەوتنێکی کورت لە کاتی کارکردندا، وزەی فیکری و جەستەیی کارمەندان نوێ دەکاتەوە، بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات و توانای بەرگەگرتنی باشتر لە بارودۆخی کارکردنیان زیاد دەکات. هەروەها یارمەتی کەمکردنەوەی توڕەیی و دڵەڕاوکێ دەدات.

بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوەکانیان لەگەڵ کەشتیوانان، پسپۆڕانی ناسا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگەدان بە کارمەندان بۆ خەوتن لە ئۆفیسەکانیان بۆ ماوەیەک کە لە ٤٥ خولەک زیاتر نەبێت لە پاش نیوەڕواندا، کارایی کارکردنیان بە ڕێژەی لەسەدا ٣٥ زیاد دەکات.

چەندین کۆمپانیای ئەمریکی ژووری تایبەتیان بۆ خەوتن دروستکردووە، چونکە پێیان وایە ئەمە بۆ ماوەی ڕۆژەکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر چالاکیی و داهێنانی تاکەکەس هەبێت. ئەپڵ یەکەم کۆمپانیا بوو لە فەرەنسا، لە ساڵی ١٩٩٠، شوێنی خەوتنی بۆ کارمەندانی دروستکرد.

توێژەران سەرخەو یان کورتەخەو بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکەن:

١- کورتەخەوی قەرەبووکردنەوە: ئەم کار لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێت کە بەهۆی وەخەبەرمانەوەیان لە درەنگانی شەودا، بەدەست کەمخەوییەوە دەناڵێنن، بەو پێیەی هەوڵدەدەن بە خەوتن لە ڕۆژدا، قەرەبووی ئەو کەمخەوییە شەوانە بکەنەوە، کە ئەمەش جۆرێکی باوە.

٢- کورتەخەوی خۆئامادەکردن: ئەو جۆرە خەوتنەیە کە مرۆڤ دەزانێت دوای ئەوە دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر بەئاگا بمێنێتەوە، وەک ئەوەی ئەگەر لە ئەرکێکدا بێت یان گەشتێکی شەوانەی لەپێش بێت.

٣- کورتەخەوی خووپێوەگرتوو: هەندێک کەس چێژ لە خەوتنێکی کورت لە نیوەی ڕۆژدا وەردەگرن و بە بەردەوامی ئەنجامی دەدەن.

سوودەکانی خەوتن

١. ئارامبوونەوە

٢. کەمبوونەوەی ماندوویێتی

٣. زیادکردنی بێداری

٤. باشتربوونی میزاج

٥. باشترکردنی ڕاپەڕاندن ، خێراتر کردنی کاردانەوە



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



و بەهێزکردنی بیرگە (ذاكرة).

٦. پەستانی خوێن کەمدەکاتەوە.

٧. دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی فشاری دەروونی.

٨. دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سیستەمی بەرگریی لەش.

## زیانەکانی خەوتن

هەرچەندە خەوتن چەندین سوودی هەیە، بەڵام دەکرێت هەندێکجار کەموکوڕیشی هەبێت.

١- خەوی قووڵ: کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ناو خەوی درێژ یان خەوی قوڵەوە، دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی جەستە و تێکچوونی خەو.

٢- کێشەی خەوتنی شەوانە: خەوتن بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خەوی شەوان. ئەمەش خەوتنی شەوانە قورستر دەکات.

٣- کێشە تەندروستییەکان: زۆرجار ئەو کەسە بەتەمەنانەی کە زیاتر لە ٩٠ خولەک خەویان لێدەکەوێت، ئەگەری تووشبوونیان بە بەرزی پەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ و شەکرە و دابەزینی توانای زانینیان زیاترە.

ئامۆژگاری سەرەکییەکان بۆخەوێکی سوودبەخش:

١- دوور بکەوەرەوە لە خەوتن لە دوای عەسر.

٢- خەوتنت سنووردار بکە بۆ نزیکەی ٣٠ خولەک.

٣- هەوڵبدە تا دەتوانیت لە تیشکی ڕۆژ و ژاوەژاو دووربیت.

٤- ئەگەر هەر بەردەوامیت لەسەر خەوی کورت، هەوڵبدە هەموو ڕۆژێک لە هەمانکاتدا بخەویت.

٥- هەوڵبدە ڕاستەوخۆ پێش خەوتن کافاین بخۆیت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی دەست پێبکەن کاتێک لە خەو هەڵدەستیت.

## چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی خەولێکەوتنی خێرای سەربازی

بەهۆی سروشتی خزمەتکردنی سەربازییەوە، ئەستەمە بۆ زۆرێک لە ئەندامانی هێزەچەکدارەکان بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر بەبێ پچڕان بخەون، بۆیە لە کۆتاییدا هەر کاتێک بواریان بۆ بڕەخسێت، پێویستییان بە سەرخەوێك هەیە، بۆیە دەکرێت هەندێک شێواز بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنێت. ئەمەی خوارەوەش شێوازێکە هەر سەربازێک دەتوانێت بۆ خێرا خەولێکەوتن سوودی لێوەربگرێت:

١) هەناسەدان بە قووڵی: چاوەکانت دابخە و سەرنجت لەسەر هەناسەدانەکەت بێت. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و پاشان بەهێواشی هەناسە بدەرەوە.

٢) ئارامیی دەموچاو: بەهێواشی هەموو ماسولکەکانی دەموچاوت ئارام بکەرەوە.

٣) شانەکانت و پاشان دەستەکانت بخەرە خوارەوە، با بکەونە هەر دوو لایەکی جەستەتەوە.

٤) پاشان، وردە وردە قاچەکانت خاو بکەرەوە.

٥) بۆ ماوەی ده چرکه مێشکت ئارام بکەرەوە. خەیاڵ بۆ دیمەنێکی ئارام بکە،وەک ئەوەی لە شەپۆلەکانی دەریایەك بڕوانیت، یان لە ژوورێکی تاریکدا بیت.

خەوی تاکتیکی لە شوێنێکی تاریک و بێدەنگ و ئاسوودەدا دەستکەوتێکی باشە، بەڵام دەبێت واقیعی بین کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا کەس ناتوانێت گەرەنتی بوونی شوێنێکی ئاسوودە و بێدەنگ بکات. ژاوەژاوی ئۆپەراسیۆنەکان و دەنگی تەقینەوەکانی گۆڕەپانی جەنگ ژینگەیەکی نائارام دروست دەکات، بۆیە دەبێت جەنگاوەران بەجۆرێك لەسەر بەکارهێنانی تەکنیکەکانی خەوتن ڕابهێنرێن تا بتوانن لە ژێر هەر بارودۆخێکی دژوارو نالەبارێشدا بێت سوود لە بڕێکی پێویست لە خەوتن وەربگرن.

**سەرچاوەکان:**

- www.almusallh./القيلولة التكتيكية
- www.mayoclinic.org/ Napping: Do›s and don›ts for healthy adults
- Www. sleepdoctor.com/ benefits of naps
- www.sleepfoundation.org/sleep-in-the-military
- www.verywellmind.com/The Military Sleep Method: Benefits and How It Works

42

# سەرباز و تەندروستی دەروونی

ئامادەکردنی: ئارمان

**باری دەروونی تاکی سەرباز پرسێکی سەرەکی و گشتیە لەناو هێزە سەربازییەکان، چونکە سروشتی ئەرکی سەربازی پڕە لەبەرکەوتن و رووبەڕووبوونەوەو پێشهاتی قورس بۆیەشە سوپای وڵاتان بایەخی زۆر دەدەن بە باری دەروونی سەرباز و بواری پزیشکی دەروونی لەناو هێزە چەکدارەکانیان.**

ئەم پرسە دەروونیە سەربازییە لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە مامەڵەیەکی تایبەت و سەرەتاییەوە گۆڕا بۆ مامەڵەیەکی زانستی سیستماتیکی لەسەر بنەمای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە نیشانە دەروونییەکان لە زانکۆ سەربازی و مەدەنییەکان و دامەزراندنی بناغە زانستییەکان و تاقیکردنەوە دەروونییە پێویستەکان و چارەسەرکردن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە کورتخایەن و درێژخایەنەکان لەسەر تەندروستی دەروونی سەربازەکان. ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر چەمکی تەندروستی دەروونی و دەروونناسی سەربازی لەناو سوپاکاندا هەبووە. هەرلەم روانگەیەوە لەناو سوپاکاندا

**گرنگی بەم خاڵانە دەدرێت:**

١. تاقیکردنەوەی دەروونی بۆ سەربازەکان لە کاتی دامەزراندندا.

٢. شیکردنەوەی سەرجەم کارەکانی هێزە چەکدارەکان و کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر سەرباز.

٣. جەختکردنەوە لەسەر بەرنامەی پەروەردە و راهێنانی سەربازی.

٤. زانینی مەیل و ئارەزووی سەرباز و سود وەرگرتن لێیان بۆ رێنماییکردنیان.

٥. پلانی دەروونی و بەرزکردنەوەی وره بۆ سەرباز و خێزانەکانیان.

## رێنمایی دەروونی

١. پێویستە سەربازو ئەفسەر، یەکەمجار لەگەڵ خۆی، ئەوجا لەگەڵ کەسانی دیکە، دواتر لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەیدا گونجاو بێت، چونکە سەربازەکان ژینگەیان جیاوازە، واتە لەیەک ژینگەوە نەهاتوون. هەیانە لە ناوچە دەشتاییەکانەوە هاتووە، هەیانە لە گوندو لادێکان ، لە کوێستان و ناوچە شاخاوییەکانەوە هاتووە، هەیانە لە شار هاتووە، هەروها ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیرییان جیاوازە، وێڕای ئەوە هەر خێزانێك لە رووی پەروەردەوە سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە رووی ماددی و کۆمەڵایەتیەوە جیاوازن لەگەڵ یەکتردا.

٢. سەربازو ئەفسەر پێویستە لەسەر ئەوە راهێندرێن کە ئارامگرو هێمن و لەسەر خۆ بن ، چونکە هەڵوێستی ئارامگری وامان لێدەکات بوەستین لە بەردەم هەر کێشەیەکدا کە رووبەڕوومان دەبێتەوە.

٣. سەرباز وا لێبکرێت لە توانایدا هەبێت رووبەڕووی کێشەکان بێتەوە، بە تایبەت ئەو کێشانەی لە رێگەی ویژدان و غەریزەوە دروست دەبن. پێویستە سەربازەکان فێری ئەوە بکرێن، لەسەرخۆو هێمن بن، بەرگەی ناخۆشیەکان بگرن، راهێندرێن هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، بەرگەی برسێتی و تێنیەتی بگرن. بەمەش سەرباز یان ئەفسەر لە توانایدا دەبێت هاوسەنگیەك لە نێوان ویژدان و غەریزەدا دروست بکات.

## دیاردەکانی دەروون دروستی

هەندێ ئاکارو رەفتار هەن لە نێو سەربازگەدا رەنگدەداتەوە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو سەربازانە لە رووی دەروونیەوە تەندروست باشن، وەك:

١. لە کاتێکدا سەربازان ئەوەی لە توانایاندا هەیە دەیکەن لە پێناو خزمەتگەیاندن بە خاك و وڵات و نیشتیمان.

٢. کاتێ بە کارێکی قورس هەڵدەستن و چاوەڕێی یارمەتی کەسانی دیکە ناکەن.

٣. کاتێ لەگەڵ سەرکردەو هاوسەربازانیان خۆ رادێنن، هەر چەند راو بۆچوونی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە.

٤. کاتێ لە نواندنی هەڵوێستدا بیرۆکەی باش بە لەخۆبردوویی پێشکەش دەکەن.

٥- کاتێ بە ئەنجامدانی کارێك هەڵدەستێ، یان چارەسەری کێشەیەك دەکات، تەواوی هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بە بێ ئەوەی گوێ بە نوشووست هێنان بدات.

٦. کاتێ ویستی کارکردن و بەخشینی هەیە لە یەککاتدا.

٧. توانای بە خودی خۆی هەیە لە خۆ رازیکردنی حەزو ویستە بیۆلۆژی و دەروونیەکان.

٨. توانای هەبێت لە سەر، لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتی.

هۆکارەکانی تووشبوون بە گرفتی دەروونی لە ناو سوپادا

١. متمانە نەبوون بە خودی خۆی.

٢. خۆپەرستی.

٣. سەرکێشی.

٤. کاتێ بەهۆی نیشانەدانی بەتوانایی و ئامادەیی یان بەهۆی پابەندنەبوونەوە جیاواز لە هاوسەنگەرانی کاری پێناسپێردرێ و بەتەنیا بێ رۆڵ دەمێنێتەوە .

٥. ئەو بیرکردنەوەو هەستە دەرونیە نەرێنیانەی کە لە خەسڵەتی ئازایەتی و ورە بەرزی دووری دەکەنەوە.

بۆیە وا دەبیندرێت فەرماندەی یەکەکان پێویستە شارەزایی گرفتە دەروونیەکان بن، بە پێی توانا مامەڵەیان تەندروستانە بێت لەگەڵ خوارووی خۆیان، هانی تاکەکانی یەکەکانیان بدەن و پاڵپشتیان بن، بە هاوکاریکردنیان، بە بەشداری بوون لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان. لەسەر هەر فەرماندەیەك پێویستە زانیاری تەواو لە سەر تاکەکانی یەکەکە کۆبکاتەوەو، بۆ هەر یەکێك تۆمارێکی هەبێت دەربارەی ژیانی و، چۆنیەتی گوزەرانی ، لە لایەکی دیکی ئاگاداری چۆنیەتی مامەڵەکردنی بێت لەگەڵ هاوەڵەکانی لە یەکەکەدا. هەر لە نێو یەکەکەدا رێبەرو رێنمویکاری نیشتیمانپەروەری و دەروونناسی تێدا هەبێت، تا لە نزیکەوە سەربازە چاودێری بکرێن و، فێری خۆشەویستی یەکترو خۆگونجاندن و قوربانیدان و بە وەفابوون بۆ خاك و نەتەوە و ورە بەرزی بکرێن.

سەرچاوە:

١. علم النفس العسكرى و دوره فى الحرب الحديثة، مجلة جند.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

42

# ووشەی یەکتربڕ

**ئاسۆیی:**

١- رووبارێکی کوردستانە – شارێکی کوردستانە – ئەو کەسەی کێشی زۆرە (پ)
٢- جۆرە میوەیەکە – سێ پیت لە فازۆ – چیایەکی کوردستانە
٣- تورە بوون بە بادینی (پ) – پێڵاو بە بادینی – پۆشاکێکی ئافرەتانە – ماست بە عەرەبی
٤- سەلۆپیم تێکەڵاو- شازۆ تێکەڵاو- مەد تێکەڵاو
٥- شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵان (پ)- کەرەستەی دروستکردنی دۆ- پاشماوەی هەنگوین (پ)
٦- شامپای تێکەڵاو – دەنگبێژێکی کوردستانە (پ) – سالی ناو قەد بڕاو
٧- ناوێکی کچانە – (سیر)ی سەر بڕاو – وەرزێکی ساڵە- قوم بە بادینی
٨- راوکردن بە فارسی– قەڵایەکی کوردستانە
٩- هاوشێوەی بەرتیل- نوێ بە بادینی- تاخمی چەک (پ)
١٠- منداڵی دایک مردوو- شارێکی باکووری کوردستانە – (کان)ی ناو قەدبڕاو
١١- وڵاتێکی ئاسیای ناوینە- (لاس)ی ناو قەدبڕاو
١٢- شوکولات- کارکردنی ئۆتۆمبێل بە وەستاوی – (شیر)ی بن بڕاو
١٣- شانەی سەر بە بادینی- کیلۆمەتر بە سیستەمی ئەمریکی- (باز) ی سەربڕاو- چوار لە لامپەر
١٤- شارێکی رووسیایە – یانەیەکی ئیتاڵیایە- بەشێک لە فێربوون
١٥- دەستەواژەیەکی لە یادنەکراوە (پ) – هونەری حەفتەم – سێ پیت لە دیمەن
١٦- پەتی سێدارە – ئالەتێکی موزیکە – نانکردنە

**ستوونی:**

١- جۆرە خواردنێکە – لەگەل هەور دێت – ماسی بە عەرەبی
٢- ناوێکی کوڕانە- سێ پیت لە باهارێ- بۆ پەنجەرە بە کاردێت
٣- کەرەستەیەکی جوانکاری ئافرەتانە (پ) – سەرداری وڵات –وەعد – هەواڵ (پ)
٤- هاوینە هەوارێکی کوردستان- ئاوێکی کانزایە – جۆرە میوەیەکی وەرزییە (پ)
٥- ورە – شانە بە بادینی – پێچەوانەی تۆ – بۆ کۆکردنەوەی گیا بەکاردێت (پ)
٦- یاریەکی زستانەی نێودەوڵەتییە – پێوەری پێوانەی زێڕ
٧- بۆ بە هەولێری (پ) – گەشتی بەهاران – تیسلا تێکەڵاو
٨- پایتەختی ئیتاڵیا- گازوایل بە ئینگلیزی (پ)
٩- وێنەی لە بەرگیراو بە ئینگلیزی- شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە (پ) – یەن تێکەڵاو
١٠- نزا بۆ چاک بوونەوە لە نەخۆشی (پ) – رێگا بە فارسی – (تال) ی ناوقەدبڕاو – نووچە (پ)
١١- زاراوەیەکی کوردییە – رەژوو – (مۆز) ی بنبڕاو
١٢- نوێژ بە تورکی – دێری نووسین (پ) – هۆڵ بە ئینگلیزی
١٣- دوو پیت لە گەر – بێدەنگبە بە بادینی – خوری بە بادینی – دراوی وڵاتی ژاپۆن
١٤- تاقگە بە عەرەبی (پ) – دوو پیت لە فەرە – ددان بە عەرەبی (پ)
١٥- برمە تێکەڵاو – قادرمە بە بادینی – جۆرە مۆبایلێکی زیرەکە
١٦- چیایەکی کوردستانە – مێزەری مەلا – ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە



ئامادەکردنی / عەمید منیر ئەحمەد

# وەڵامی ژمارە ٤١

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڤ | ه | ل | ه | و | ■ | ا | ف | ر | ۆ | گ | ■ | ه | ل | ج | د | 1 |
| ه | ر | ا | گ | ■ | ز | ف | ۆ | ■ | ز | ۆ | م | ■ | ك | ■ | ۆ | 2 |
| ن | ب | ل | ■ | ن | ا | ی | ت | س | ■ | ل | ۆ | س | ■ | س | ل | 3 |
| د | م | ه | ■ | ا | ز | ش | ۆ | ■ | س | ه | ل | ۆ | پ | ی | م | 4 |
| ی | ■ | ش | ه | م | ا | ■ | ك | ش | ه | م | ■ | ل | ا | ن | ه | 5 |
| ل | س | ■ | ش | ا | ك | ر | ۆ | ■ | ی | پ | م | ا | ش | ا | ■ | 6 |
| ■ | ر | ف | ■ | ز | ی | ا | پ | ■ | ر | ی | ■ | ڤ | ا | ن | ب | 7 |
| م | د | م | د | ■ | ■ | ■ | ی | ر | ا | ك | ش | ■ | ■ | ■ | ر | 8 |
| ه | ۆ | ■ | ر | ه | خ | ت | ■ | ۆ | ن | ■ | ه | ت | س | ا | و | 9 |
| ن | ك | ■ | ی | ت | ه | ل | ه | م | ■ | م | ■ | ی | ۆ | ێ | س | 10 |
| د | ■ | ■ | ■ | س | ل | ■ | ن | ا | ت | س | خ | ا | ز | ا | ك | 11 |
| ی | ش | ■ | ی | ر | ۆ | ل | س | ■ | ل | ڤ | و | ن | ■ | ■ | ه | 12 |
| ل | ا | پ | ه | ■ | ز | ا | ■ | ل | ی | ا | م | ■ | ه | ش | ■ | 13 |
| ■ | و | ا | ن | ه | ■ | و | ی | ز | ا | ل | ■ | ی | چ | و | س | 14 |
| د | م | ن | ■ | ا | م | ه | ن | ی | س | ■ | د | ر | و | ش | م | 15 |
| ل | ی | س | ■ | ل | ۆ | ه | ه | د | ■ | ل | ی | د | ن | ه | ك | 16 |

# وتەکانی نیشتمان | پەیڤ و پەند

● ئا: هێشوو ئاژگەیی

**ناپلیۆن**
با پاشاش بم، هەر نیشتمانپەروەرم

**بایرۆن**
ئەوەی نیشتمانەکەی خۆی خۆش نەوێت، هیچ شتێکی خۆش ناوێت

**پیرەمێرد**
ئەوەی بۆ بەرزیی وەتەن تێکۆشێ
لیباسی فەخری تاریخ دەپۆشێ

**ئەبراهام لینکۆڵن**
بەهێزترین خۆشەویستی، خۆشەویستیی نیشتمانە

**بومارشە**
جوانە کە مرۆڤ لە پێناوی نیشتمانەکەیدا بمرێت، بەڵام لەوە جوانتر ئەوەیە، لە پێناوی نیشتماندا بژێت

**ئەفلاتون**
هیچ خۆشەویستییەك، ناگاتە خۆشەویستیی نیشتمان

* سوپای ئاسک بە سەرۆکایەتی شێر باشترە لە سوپای شێر کە ئاسک سەرۆکایەتی دەکات.

* یەک ترسنۆک لە سوپایەکدا مەترسیدارترە لە دە جەنگاوەری ئازا لە سوپای دوژمندا.

* گەرەنتی سەرکەوتن لە شەڕی ئەتۆمیدا ئەوەیە کە روونەدات.

* نابێت زۆر شەڕ لەگەڵ سوپای دوژمنێک بکەیت، چونکە فێری هونەری شەڕی دەکەیت.

## نیشتمان شکۆی خۆی هەیە



لە جەنگی دووەمی جیهانیدا جەنەڕاڵ (گلۆبوس هویزینگەر)، کە یەکێک لە گەورە یاریدەدەرەکانی هیتلەر بووە، بەهۆی ناکۆکبوونی لەگەڵ هیتلەر لێی جیادەبێتەوە و پەنای بردووە بۆ بەریتانیا. لەوێ پێشوازییەکی گەرمیان لێکردووە و هەموو ئیستگە و ڕۆژنامەکان هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە و لە گەورەترین کۆشک نیشتەجێ کراوە.

لە یەکەم هەفتەی گەیشتنی بۆ بەریتانیا، دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە داوایان لێکردووە دەستنیشانی شوێنە گرنگ و هەستیارەکانی ئەڵمانیا بکات تا بیکەنە ئامانجی هێرشەکانیان، بەڵام جەنەڕاڵی پەنابەر رەتیکردووەتەوە و ئامادە نەبووە هیچ زانیارییەکی سەربازی بە هەواڵگریی ئینگلیزەکان بدات، بۆیە یەکێک لە لێکۆڵەرە بەریتانییەکان دڵتەنگ دەبێت و پێی دەڵێ: چۆن داوای پەنابەری سیاسی و نیشتەجێبوونتان کردووە لە کاتێکدا لە بەرامبەردا هیچ زانیارییەکمان پێنادەیت؟

جەنەڕاڵیش پێی دەڵێت: من لە هیتلەر جیابوومەتەوە نەک لە ئەڵمانیا، ئێوە نەیارێکی هیتلەرتان ناوێت، خۆفرۆشێکتان دەوێت، منیش ناتوانم خیانەتکار بم.

لە ئەنجامدا بەریتانییەکان ئەشکەنجەی دەدەن و لەو کاتەدا بەدەم ئازاری ئەشکەنجەدانییەوە پێدەکەنێ و پێیان دەڵێت: نیشتمان شکۆی خۆی هەیە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku